تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

زنجیرەی
هزری
هاوچەرخی
ئیسلامی
٢١

سامان و حوکمڕانی لە ئیسلامدا

وەرگێڕانی: ڕێبوار کوێستانی

تەفسیر

مەبەست لە

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

١. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیە بە گرنگترین وکاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.

٢. ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسوڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامیو سازێنەری بێداریو قیامەتی ئیسلامیی پیرۆزن.

٣. شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەند و بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەویو رەوتگەرایی.

٤. بناغەیەك بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەر تاکێکی موسوڵمانی کورد تا تواناى ئەنجامدانی ئەو گۆرانکاریانەی هەبێ کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە.

دەگەڵ رێز و تەقدیرمان بۆ بیروڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەمو بیروبۆچونەکانیان بین.

با دەستوریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت.

﴿ الذّينَ يَستَمعونَ القَولَ فَيَتبَعونَ أَحسَنَهُ، أولئكَ الذّينَ هَداهُمُ الله وَأولئكَ هُمْ أولُوا الألباب ﴾ الزمر- ١٨

نووسینگەی تەفسیر

سامان و حوکمڕانی لە ئیسلامدا

نوسینی عبدالقادر عودة

وەرگێڕانی ڕێبوار کوێستانی

لە بلاوکراوەکانی نوسینگەی تەفسیر / هەولێر

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب بە عارەبی: المال والحكم في الإسلام
ناوی نوسەر: عبدالقادر عودة
ناوی کتێب بەکوردی: سامان و حوکمڕانی لە ئیسلامدا
ناوی وەرگێڕ: ڕێبوار کوێستانی
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
کۆمپیوتەر: نوسینگەی تەفسیر
خەت: نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٢٣ك ٢٠٠٢ز
چاپکردن: چاپخانەی نازە
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٢١١ ساڵی ٢٠٠٢

تەفسیر
هەولیر - شەقامی دادکا
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨
tafseeroffice@maktoob.com
AlTafseer@hotmail.com

پەکی دووقسە

سامان و حوکمڕانی دوو پایەی مەحکەمی ژیانی مرۆڤن و، خەم لێخواردن و رێکخستنیان، پێویستی یەکی حاشا هەڵنەگرە و، ڕۆڵی گەورە لە چاك ئاراستە کردنی ژیانی مرۆڤدا دەبینێ..

جا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئیسلام بەرنامە و کەتەلۆکی ژیانی مرۆڤە، بە تێر و تەسەلی لەو دوو بابەتە دواوە و، هـــەموو لایەنەکانی بە وردیی شەن و کەو کردوون، بەڵام حەیفێ زۆربەی موسڵمانان ئاگایان لەو ڕاستییە نییە و، لەو هەموو ئایەت و فەرمایشتانەی لەو بابەتە دەدوێن، بێ خەبەرن.

لێرەوە گرنگی ئەم کتێبە ((بە وەزن سووك و بە قیمەت گران))ەی بەر دەستتان ڕوون دەبێتەوە، کە زۆر بە پوختی و چڕ و پڕیی، ئەو دوو مەسەلەی ساغ و یەکلا کردوونەتەوە، کە خوێندنەوەی وورد و هۆشیارانە پتر ئەوە دەسەلمێنێ و، خوا یار بێ، سەرباری بچوکییەکەی، کەلێنێکی گەورە دەگرێت

وەرگێڕ

٢٣/٢٤-٢-٢٠٠٢

پێشەکی نووسەر

الحمد لله نستعينه و نستغفره و نعوذ به من شرور انفسنا و من سيئات اعمالنا من يهده الله فلا مضل له، و من يضلل فلا هادي له.

و الصلاة و السلام على سيدنا محمد عبده و رسوله الذي ارسله بالهدى و دين الحق ليظهره على الدين كله و لوكره الكافرون.

دوای ئەوە :

بێگومان موسڵمانان لە هەموو شوێنێکی دنیا دا، ئێستا دەربارەی ئیسلام نەزانن و، لە ڕێبازە ڕاستەکەی لایانداوە، تەنانەت لە هەموو جیهاندا وڵاتێك نەماوە، ئیسلام -وەکوو خوا ناردویەتی-ی تێدا جێبەجێ بکرێت، چ لە حوکم و سیاسەتدا، یان لە ئابوریی و کۆمەڵایەتیدا، یان لە هەر شتێکدا پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی تاك و کۆمەڵەوە هەبێت و، سیستەمی کۆمەڵی لەسەر بنیات بنرێت و، داوای چاك کردن و بەختەوەریی بکات.

جا موسڵمانان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئیسلام لایان دا، تا دەستیان لە حوکمەکانی هەڵگرت، ئەو جار بە گوێرەی ئارەزوو و سوودی خۆیان، چەند حوکمێکیان هەڵبژاردن، ئەوەش بووە هۆی بەرەڵایی و فەساد و، سەر ئەنجام وڵاتەکانیان پڕ بوون لە خەراپە و تاوان و، کۆمەڵەکانیان تووشی کوێرەوەری و بەد بەختی بوون، لە ژێر سێبەری ئەو مەینەتەشدا کە تووشی ئیسلام هات، بانگبەرانی ڕاستەقینەی ئیسلام سەریان هەڵدا و، خەڵکیان بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە بانگ کرد و، لاوانیان لە سەر پەروەردە کردن و، هەموو موسڵمانێکیان واڵێ کرد بە کردار و گوفتار و ژیانی، ببێتە بانگبەری ئیسلام و، لە سەر ئەو

تاقیکردنەوانەی تووشیان بوون، ئارامیان گرت تا خوا دەرووی لێ کردنەوە، لەمەوە هۆشیاری ئیسلامیی بڵاو بۆوە و، موسڵمانان بە خەبەر هاتن و، هۆشمەندان دڵنیا بوون ژیانی موسڵمانان بێ ئیسلام هیچ نییە و، چاك بوونی حاڵ و باڵیان و بەختەوەرییان، نایێتە دیی هەتا بۆ ئیسلام نەگەڕێنەوە و کاروباریان لەسەر ئیسلام بنیات نەنێن و، لە هەموو ئیشێکیاندا کاری پێ نەکەن.

ئێستاش موسڵمانان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە زانینی ڕاستییەکانی ئیسلامە، چونکە ئیمپریالیزم و کۆمۆنیزم[1] تێیان بەر بوون و، دیموکراسی[2] و سۆشیالیزمیان لەبەر چاوان ڕازێنراوەتەوە.. پێویستیان بەو شتەیە تا بزانن تەنها ئیسلام لە ئیمپریالیزم و کۆمۆنیزم قوتاریان دەکات و،تەنها ئیسلامیش دەتوانێ دادپەروەریی و یەکسانی و ئازادیی لە وڵاتەکانیان بە دیی بێنێ..

جا لەسەر هەموو موسڵمانێکی بە توانا پێویستە ئەو حوکمانەی ئیسلام کە لە موسڵمانان شاراونەتەوە، بۆیان ڕوون کاتەوە و بە زمانێکی ئاسان کە تێی بگەن و بە شێوازێکی نوێ قبووڵی کەن، بۆیان بخاتە ڕوو.

ئەمنیش هیوادارم لەم کتێبەدا ئەو شتەی پێویستە هەموو موسڵمانێك لەمەڕ بیردۆزەی ئیسلام دەربارەی حوکمڕانی و، شێوازی لە ڕاوێژدا بیزانێت،

---

[1] ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥١ دا لە چاپ دراوە و، ئەو کاتە کۆمۆنیزم لەو پەڕی بە هێزیدا بوو.(وەرگێڕ)

[2] مەبەستی نووسەر لەم (دیموکراسی)یە، ئەوەیە مرۆڤ بەپێی دەستوری پەرلەمان و هەڵبژادن، بۆ خۆی یاسا و دەستور بۆ خۆی دادەنێت و، ملکەچی ئەو یاسا دەستکردە دەبێت، نەك ئازادی بیروڕاو بۆچوون، کە خەڵکی کوردەواری پێی دەڵێین: دیموکراسی، چونکە ئازادی ڕا دەربڕین و تەعبیر لە خۆکردن، کاکڵی ئیسلامە و، مێژووش پڕە لە بەڵگەی سەلماندنی ئەم قسەیە.(وەرگێڕ)

پێشکێشی موسڵمانانم کردبێت، هەروەها هیواداریشم موسڵمانان دوای شارەزا بوون لەم کتێبە، بزانن کە شێوازی ئیسلام لە حوکمڕانیدا لە دنیا دا تاقە و، بیردۆزە دەستکردەکانی ڕاوێژ لە چاو بیردۆزەی ئیسلام هەر شایانی باس کردن نییە.

لە خواش داواکارم هەموو لایەکمان بۆ خێر و چاکە سەر بخات و، بە هۆی ئیسلامەوە یەك دەنگمان بکات.

عبد القادر عودە

بەدیهێنان و بەردەست کردن

- ئەم گەردوونە خوادروستی کردووە
- ئەم گەردوونە بۆ مرۆڤ بەردەست کراوە
- مرۆڤ هەندێکیان بۆ هەندێکیان بەردەست کراون

ئەم گەردوونە خوا دروستی کردووە

ئەم گەردوونەی تێدا دەژیین و ئاوەدانی دەکەینەوە و، دەستمان بەسەر ئەو حەیوان و ڕووەك و شتە نازیندوانەدا کە تێیداین، هەڵگرتووە هەوڵی بەدەست هێنانی خێر و بێرەکەی دەدەین و، ئەو هێزانەی لە نێویدان، دەیانخەینە کار، ئەم گەردوونە مرۆڤ دروستی نەکردووە و دەستکردی وی نییە و، مرۆڤ ناتوانی نە ئەم گەردوونە و نە شتی کەمتریش بە دەست بێنێ و، ڕۆژێك لە ڕۆژان شتی وایان لێ نەوەشاوەتەوە و ناوەشێتەوە، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی وەکو هەموو دروست کراوێکی دیکە، خوا دروستی کردووە ﴿بَلْ أَنْتُمْ بَشَرٌ مِمَّنْ خَلَقَ﴾المائدة:١٨، دروستکراوەکانیش هەرچەندە هەموشیان پشتی یەکدی بگرن، توانای بەدی هێنانیان نییە و، ئەگەر تێکڕای مرۆڤەکان بۆ دروست کردنی بێ نموودەترین و لاواز ترین مێش کۆبنەوە، لە دەستیان نایەت و، ئەگەر لاوازترین و بێ نموودەترین مێش شتێکیان لێ بستێنێ، ناتوانن ڕێی لێ بگرن و لێی بستێننەوە ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ: لەخوا بەدەر ئەوانەی هانایان بۆ دەبەن، ئەگەر هەموویان کۆبنەوە ناتوانن مێشێك وەدیی بێنن و، ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بفڕێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوەو، داواکار و داواکراو کەنەفت و زەبونن.﴾الحج:٧٣.

ئەم گەردوونە تێیدا دەژین و بە ئاوادان کردنەوەیەوە خەریکین، ئەو خوایە دروستی کردووە، کە خەڵکی لەگەڵ دروست کردووە، ئنجا گەردوونی بە مرۆڤ و لە شێوەی نێر و مێدا ڕوخساری جوان کردوون و، گوێ و چاو و دڵی پێ داون تا ڕامێنن و بیر بکەنەوە و، نیعمەتەکانی خوایان بە بیردا بێن و، لەسەر

ئەوەی کە خوا دروستی کردوون و رۆزیی پێبەخشیون و چاکەی لەگەڵدا کردوون، سوپاسی بکەن ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا: **خودا ئێوەی هەوەڵ لە گڵ، پاشانیش لە تنۆکەیەك وەدی هێنا، دوایی جووتی لێ پێکهێنان.**﴾فاطر:١١. ﴿يَاأَيُّهَا الإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ(٦)الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ(٧)فِي أَيِّ صُورَةٍ مَا شَاءَ رَكَّبَكَ: **ئەی بنیادەم، چی تۆی لەحاند پەروەرندەی بەخشندەت بادی هەوا کرد؟ ئەوەی کە دروستی کردی و ئەندامەکانی وێخستی و رێکی کردی. بە هەر شکڵێکیش خۆی ویستی دەری خستی.**﴾الأنفطار:٥-٨. ﴿وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ: **ئەو بیچمی بەئێوە داوە، لەهەموو بیچمێك جوانترە.**﴾غافر:٦٤. ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ: **خوا ئێوەی لە زگی دایکتانەوە هێناوەتە سەر دنیا کە هیچتان نەدەزانی و، گوێ و چاو و دڵی پێ بەخشین، تا سوپاسی بکەن.**﴾النحل:٧٨.

ئەو گەردوونەی کە تێیدا دەژین، خوای باڵادەست دروستی کردووە، کە هەرچی دەیزانین و نایزانین و هەستی پێدەکەین و هەستی پێناکەین و، هەرچی دەکرێ بە بیرمان دا بێت و پەی پێ بەرین هەر ئەو دروستی کردووە ﴿ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ: **ئەوە پەروەردگارتـانە، بێجگە لەوی چ پەرستراوی دیکە نین، وەدیهێنی هەموو شتێکە، جا بیپەرستن.**﴾الأنعام:١٠٢.

هەر ئەویش ئاسمانەکان و زەویی و ئەو دروستکراوانەی تێیاندان و ئەو هەموو تەنە ئاسمانییانەی لە نێوانیاندان و ناکەونە نێو جوغزی زانست و لە باس کردن و ژماردن نایەن، دروستی کردوون و، هەر ئەویش– ئەگەر بیەوێ– دەتوانێ شتی دیکەش دروست بکات، چوونکە بەدیهێنان و دروست کردن بە ویستی ئەوەوە بەندە و، بناوانەکەی فەرمانی وی یە ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ

وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ: ملْكايەتی‌ی عاسمانان و زەویی و هەرچیان لە نێواندایە، سەر بە خوایە و، چی پێ خۆشبێ، وەدیی دێنێ.﴾المائدة:١٧. ﴿لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ: عاسمانەکان و زەمین و هەرچی لە نێویاندایە، سەر لەبەری ملْکی خوایە.﴾المائدة:١٢٠.

هەر ئەویشە هەموو جۆرەکانی ڕووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ و هەر شتێك کە شارەزاییمان دەربارەی هەیە، یان هیچی لێ نازانین، دروستی کردووە، وای کردووە بۆ پیتاندن وئاوس بوون، پەیوەندی پێکەوە بکەن و، بۆ پاراستنی جۆر و هێشتنەوەی ژیان، بەر و وەچە (جیل) یان لێ بکەوێتەوە ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لاَ يَعْلَمُونَ: خودا پاك و بێ عەیبە کە هەمو جووتێکی وەدیی هێنا، چ لەوانەی لەم سەر زەمینە دەڕوێن و، چ لە خۆیان و، چ لەوانەش کە نایزانن.﴾یاسین:٣٦.

هەر ئەویش تاریکیی و ڕووناکیی بەدیی هێناوە و، شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی دروست کردووە و، تاریکیی بە شەو و ڕووناکیی بە ڕۆژەوە بەستۆتەوە و، خۆری کردۆتە نیشانەی ڕۆژ و، مانگ و ئەستێرەکانی والێ کردووە لە تاریکایی و وشکانی و دەریادا ڕێنومان بن ﴿الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی ئاسمان و زەویی دروست کردوەو تاریکایی و ڕوناکایی پەیدا کرد.﴾الأنعام:١.

﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ: هەر خۆیەتی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی دروست کرد و، هەمویان لە شوێنی خۆیاندا دەخولێنەوە.﴾الأنبیاء:٣٣.

هەر ئەویش مردن و ژیانی دروست کردووە و، لە دوای مردن مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوە، تا لەو شتەی پێی بەخشیون تاقیان بکاتەوە و، بە گوێرەی کردەوەکانیان پاداشتیان بداتەوە ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ

عَمَلاً: ئەوە كە مردن و ژينى داهێناوە، تا ئێوە تاقى كاتەوە، كامتان ئاكارى جوانترە.﴾.الملك:٢.

ئەم گەردوونە بۆ مرۆڤ بەردەست كراوە

ئەو خوايەش كە ئەم گەردوونەى دروست كردووە، بۆ خزمەتى مرۆڤ بەردەستى كردووە و، بە چاو و گوێ و عەقڵ كە پێى بەخشيوە، بەسەر گەردوونيدا زاڵى كردووە و واى لێ كردووە بە يارمەتى ى ئەو شتانەى، خێر و بێرى گەردوون بە كاربێنێ و، ئەو هێزانەى تێيدان، بدۆزێتەوە و، هەموو ئەوانە لە پێناوى سوود و بەختەوەريى خۆيدا بە كاربێنێ ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً: ئاخۆ ئێوە نەتانديوە خوا هەرچى لە ئاسمانەكان و زەويدايە، بۆ ئێوەى بەردەست كردوەو، بە ئاشكرا و بە نهێنى نيعمەتەكانى خۆى بەسەردا رژاندووون؟!﴾لقمان:٢٠.

جا مرۆڤەكە لەسەر زەوى دەژيێ خوا هەرچى لە ئاسمانەكان و زەويدايە، بۆى بەردەست كردووە، هەروا هەرچى لە وشكانى و دەرياداية، هەور بۆ خزمەت كردنى بەردەست كراوە، ئەو ئاوەى لە دەريا و رووبارەكانەوە لە شێوەى هەڵم كۆكراوەتەوە، هەڵى دەگرێ و دەيكاتە باران و، زەويى رووتەنى مردووى پێ دەژيێنێتەوە و، هەموو جۆرە بەر و بوومێكى بۆ بژێو و ڕۆزيى بەندەكان لێ دەڕوێنێ، دەريا و رووبارەكانيش بۆ خزمەتى مرۆڤ بەردەست كراون، هەوريان لێ پێكدێت و، ڕووەك و مرۆڤ و هەموو ئاژەڵێك لەسەر ئاوەكەيان دەژيێ و، كەشتييان پێدا دەڕۆن كە خەڵك دەبەنە ئەو شوێنانەى وا نەبايە نەياندەگەيشتنێ، هەروا لە نێو ئەو دەريا و ڕووبارانەدا، جۆرەها زيندەوەرى ديكە دەژێت، كە خەڵك بۆ خۆراك و ڕازاندنەوە بە كاريان دێنێ،

خۆر و مانگیش بۆ خزمەتی مرۆڤ بەردەست کراون، ڕووناکیی و گەرمیی دەبەخشن و لە پێداویستیەکانی ژیانن و، هەر شتێکی لە گەردوون دایە لە بچوك و گەورە و زانراو و نەزانراو، بۆ خزمەتی مرۆڤ بەردەست کراوە و، ماق خۆیانە پەی بە نهێنییەکانیان بەرن و، دەستیان بەسەردا بگرن و، ئەوەندەی دەتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن، چونکە گەردوون بە یاریی خوا بۆیان ڕام کراوە و، ئەوان بە فەرمانی خوا دەسەڵاتیان بەسەریدا دەشکێت ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(١٢)وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ: خوا ئەوەیە کە دەریای بۆ ئێوە بەردەست کرد کە لە گوێرەی فەرمانی ئەو گەمی لەنێودا بگەڕێ و، بۆ-وەدەست هێنانی- خێر و بێری وی تێبکۆشن و، سوپاسی بکەن. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەمووی ئی ئەوەو، بۆی بەردەست کردوون، کە لەمەدا نیشانە و بەڵگە زۆرن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.﴾الجاثية:١٢-١٣.

﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنْ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الأَنْهَارَ(٣٢) وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ(٣٣) وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ: ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی داهێناوەو لە حەواوە ئاوێکی داباراندوە، بەروبوی بژێوی ئێوەی پێ دەڕوێنێ، گەمیەشی داوەتە دەستو-کە هەر بەپێی فەرمانی ئەو-لە زەریادا بێت و بچێ و ئەم هەمو ڕوبارانەشی بۆ ڕام کردون. خۆر و مانگی بۆ ئێوە خستۆتە بەرکار، وەستان و وچانیان نیە، ئەم شەوگار و ڕۆژگارەشی هەر بۆ ئێوە دەستەمۆ کرد. هەرچی لێتان خواستوە، پێی ڕەوا دیون. ئەگەر بێنە سەر ژماری چاکەی خودا، لەژماردن دادەمێنن، بەڕاستی مرۆڤ ناهەقیار و سپڵەیە.﴾ابراهیم:٣٢-٣٤.

مرۆڤ هەندێکیان بۆ هەندێکیان بەردەست کراون

خوای باڵا دەست هەر وەکو چۆن گەردوونی بۆ مرۆڤ بەردەست کردووە، هەروا هەندێك مرۆڤیشی بۆ هەندێکی تر بەردەست کردوون، تا لە کۆمەڵێکدا کە ڕێك و پێك و هاوکاری یەکتر بێت، بژین و، چاك تر بتوانن ئەو گەردوونەی بۆیان بەردەست کراوە بەکار بێنن و سوود لە خێر و بێرەکەی وەرگرن و، لە بنیات نانی ژیانێکی مرۆڤانەی دڵخوازدا بەشداری بکەن ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ: ئێمە بژێوی ئەوانمان لەسەر دنیا بۆ بەشکردوون، هێندێکمان لەچاو هێندێکان پایەبەرزتر کردووە، تا هەندێکیان خزمەتی هەندێکیان بکەن و بەزەیی پەروەردگاری تۆ لەو شتەی کۆی دەکەنەوە چاکترە.﴾الزخرف: ٣٢.

خواش بۆیە هەندێك کەسی بۆ هەندێکی دیکە بەردەست کردووە، تا حیکمەت لێزانی یەکەی دیاریی بدات و، لەو شتەی پێی بەخشیون، تاقییان بکاتەوە، جا ئەوەی چاکە بکات، بۆ خۆیەتی و، ئەوەی خراپەش بکات ئەوە لەسەر خۆی دەکەوێت و، ئەوەی کافر بێت، کفرەکەی زەرەر لە خۆی دەدات و، ئەوەی ئیمانداریش بێت، ئیمانەکەی سوود بە خۆی دەگەیەنێت : ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ: هەر بۆ خۆشی ئێوەی کردە جێنشینانی زەویی و هێندێکتانی بەرانبەر بە هێندێکی تر چەند پلە بردە سەرەوە، تا لەو شتانەی

پێی داون بە تاقیتان بکاتەوە، پەروەردگارت هەڵبەت بە پەلە تۆڵە دەستێنێ و، هەر ئەویشە کە لە گوناهان دەبووریّ و دلۆڤانە.﴾الأنعام:١٦٥.

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ فِي الأَرْضِ فَمَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلاَ يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلاَّ مَقْتًا وَلاَ يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلاَّ خَسَارًا: **هەر ئەو ئێوەی لەجێگەی پێشینەکانتان-لەم زەمینە- جێکردەوە، جا هەرکەسێك ناسپاس بێت، ناسپاسییەکەی سەری خۆی دەگرێتەوەو، نا سپاسیی نا سپاسان، هەر تووڕەیی پەروەردگاریان پتر دەکات و، بۆ ئەمەگیی بێ ئەمەگان، هەر زیانیان زێدە دەکات.**﴾فاطر:٣٩.

خوا بەردەست کردنی هەندێك کەس بۆ هەندێکی دیکەی لەسەر چەوساندنەوە بنیات نەناوە و، خوای بەرز و بالاّ زۆر لە شتی وا دوورە، بەڵکو بەردەست کردنی بە تەبیعەت و بارودۆخی توانا و لێهاتوویانەوە بەندە، کە لەبەر جیاوازییان لە ڕووی بە هێزیی و لاوازیی و، زانین و نەزانین و، چالاکیی و سستیی و، گەلێك لایەنی جیاوازیی دیکە کە لە تەبیعەت و زانیاریی و بارودۆخ و بەڵگەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کردوونی بە چەند پلەیەکی جیا جیا، ئەمەش ڕێ لەوە ناگرێت کە ئەو کەسەی لە پلەیەکی نزمدایە، بە کردار و ئیمانی بۆ پلەیەکی بەرزتر پێی لا بچێت و، بگاتە سەر ترۆپکی هۆز و نەتەوەکەی، چونکە لە ئیسلامدا کردار و ئیمان حیسابە و، خوا کاری هیچ ئیماندارێك بە زایە نادات : ﴿أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى﴾ال عمران:١٩٥.

ئەو ئیماندارە ئیشەکەی چاك ئەنجام دابێت و، گەیاندبیە پلەی چاکە (الاحسان) ﴿إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلاً: **ئێمە پاداشتی هەرکەسێکی کردەوەی چاك بکات، بەزایە نادەین.**﴾الكهف:٣٠.

خوا بۆ خۆی دایناوە کە کەسێك ئیماندار بێت، ژیانێکی خۆشی بە نسیب کات، ئەوەتا دەفەرموێت : ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ: هەرکەسێك–چ نێر، چ مێ– کرداری باشە و باوەڕدارە، هەتا دەژی وا دەکەین بەخۆشی بژی، دیاریشە باشتر لەوەی وا کردوویانە، ئێمە پاداشتیان وێ دەدەینەوە.﴾النحل:٩٧.

هەروا داوا لە موسڵمانان دەکات کار بکەن و بۆ کار کردن هانیان دەدات : ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ: بێژە: دەسا وەکارکەون، کاری ئێوە بە زوێکیزوو لەلای خودا و پێغەمبەری و خاوەن باوەڕان دیار ئەدا.﴾التوبة:١٠٥.

پلە و بەرزیی و نزمییەکەشیانی، بە پێی کردەوەکانیان داناوە، جا ئەو کەسەی کارەکەی بەرزی کاتەوە، هیچ شتێك نزمی ناکاتەوە و، هیچ شتێك بەرزی ناکاتەوە: ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ: بۆ هەرکەسێك–بەرانبەر بە ئاکاری خۆی– پلەوپایەگەلێك هەیە و، پەروەردگارت لەوەی دەیکەن، خافڵ نییە.﴾الأنعام:١٣٢.

جێ نشینی لە سەر زەوی

- مرۆڤ کراوەتە جێ نشین لە سەر زەوی
- جێ نشینی مرۆڤ بە چەند شتێکەوە بەندە
- جۆرەکانی جێ نشینی
- دەستووری خوا لە جێ نشینی حوکم دا
- چەند نموونەیەک لە جێ نشینانی پێشوو
- پایەی جێ نشینانی سەر زەوی
- ئەرکەکانی جێ نشینانی سەر زەوی
- سزای بەرزاندنی سنوورەکانی جێ نشینی

مرۆڤ کراوەتە جێنشین لەسەر زەوی

خوا مرۆڤی لە زەویی دروست کردووە و، زەویی پێ ئاوەدان کردۆتەوە : ﴿هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا: ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن.﴾هود:٦١. کەواتە دەکرێ بڵێین: شوێنی مرۆڤ لەسەر زەویی، شوێنی ئەو کەسەیە کە زەویی ئاوەدان دەکاتەوە و، دەستی بەسەر دا دەگرێت و، زەویی و هەرچی تێیدایە بۆیان بەردەست کراوە و، بە ئیزنی خوا بۆیان ڕام کراوە و، ماف و ئەرکەکانیان، ئەو خوایەی زەویی پێ ئاوەدان کردوونەتەوە و، ماف دەست بە سەر داگرتنی داونەتێ، دیارییان دەکات، بەڵام ئێمەش پێمان چاکەوەکوو چۆن خوا زیاتر لە جارێك سیفەتی جێنشینیی‌یان دەداتە پاڵ پێیان بڵێین: جێنشین.

قورئانیش ڕاشکاوانە دەڵێت : خوای گەورە ئادەمی بابە گەورەی مرۆڤ دروست کرد، تا بیکاتە جێنشینی سەر زەویی : ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ: ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لەسەر زەمین دیاریی بکەم، گوتیان: تۆ کەسێکی وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ؟ کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و تۆ بە پاك ڕادەگرین! گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە.﴾البقرة:٣٠.

دەربارەی چۆنیەتی‌ی جێنشینیی مرۆڤ، توێژەرەوانی قورئان ڕای جیا جیایان هەیە،[1] هەندێکیان پێیان وایە مرۆڤ بۆتە جێنشینی دروست کراوێکی پێش خۆی کە لەسەر زەویی نیشتەجێ بووە و، خراپە و خوێن ڕێژیی تێدا کردووە، لێرەوە بە گوێرەی ئەو ڕایەی، جێنشینیی جێگرتنەوەی دروستکراوێکی پێشووە. هەندێکیش لەو بڕوایەدان مەبەست لە جێنشینیی خوای گەورەیە، نەك دروستکراوێکی پێشوو و، خوا مرۆڤی کردۆتە سەرداری زەویی، تا دەستوورەکانی خوای تێدا ئەنجام بدات و، دەستکردە سەیرەکانی و، نهێنی یەکانی بە دیهێنانی و، شاکارەکانی حیکمەت و لێزانیی و، سوودی ئەمرو فەرمانەکانی ئاشکرا کات و، لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو جیاوازییە هیچ بایەخێکی لە باسەکەی ئێمەدا نییە.

جێنشینیی مرۆڤ بەچەند شتێکەوە بەندە

قسەی لەسەر نییە کە خوا کاتێك مرۆڤی لەسەر زەویی نیشتەجێ کرد، لە سەری پێویست کرد گوێ ڕایەڵی فەرمانی بێت و، ئەوەی لێی قەدەغە کردووە، نەیکات و، پەیمانی لێ وەرگرتوون هەر ئەو بپەرستن و هەر لەو بترسن و، خۆیان بە تەقوا و لە خوا ترسان بڕازێننەوە و، وریای فیتنە و فێڵی شەیتان بن و، پێی ڕاگەیاندوون کە ئەوەی بە دوای ڕێڕەوی خوا بکەوێت، ئەوە لەسەر ڕێی ڕاستە و، ئەوەی ئیمان بە نیشانەکانی خوا نەهێنێ و باوەڕ بە نێرراوەکان نەکات، گومڕا و سەر لێ شێواوە و، ئەوانەی لەسەر ڕێی ڕاستن، ئۆقرە و ئارامیان پێ دەبەخشێت و، نەترسی دایان دەگرێت و نەخەمبار دەبن و، بۆ کافر و بێ

[1] تەفسیری (المنار) ج ١ لاپەڕە (٢٥٧-٢٦١)

باوەڕانیش ئاگری هەتا هەتایی داناوە : ﴿قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ(٣٨) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ: **گوتمان هەمووتان لە بەهەشت بڕۆنە خوارێ، ئەوسا ئەگەر لای منەوە ڕێنوێنێکتان بۆ هات، ئەوانەی بکەونە شوێنی ڕێنوێنیم، نە لە هیچ شتێك دەترسن، نە خەم دەخۆن.**﴾البقرة:٣٨،٣٩.

﴿قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ(٢٤)قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ(٢٥)يَابَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ(٢٦)يَابَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ(٢٧)وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ(٢٨)قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ(٢٩)فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلاَلَةُ إِنَّهُمْ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ: **گوتی: داگەڕێنە خوارێ، ئێوە دوژمنی یەکدین، تا ماوەیەك جێگا و مایەی ژیانتان لە زەویی دەبێ. گوتی: دەوێدا دەژین و، لەوێش دەمرن، هەر لەوێش دەوهێننە دەر.. ئەی فرزەندەکانی ئادەم، ئێمە جلکی وامان داونێ، کە عەیب و عارتان داپۆشێ و جوانیشتان کا، چاکتر لەویش، پۆشاکی خۆپارازتنە، ئەمەش یەکێك لە نیشانەکانی خوایە، بەڵکو بیر بکەنەوە.. ئەی کوڕانی ئادەم، شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەروەك باوك و دایکتانی لە بەهەشت بەدەرکردن دا و، جل و بەرگی لێ داڕنین تا شەرمی خۆیانیان نیشان بدا. شەیتان و دەستە و بەستەکەی، لەلایەکەوە دەتانبینن، کە ئێوە ئەوان نابینن.. ئێمە شەیتانیەکانمان کردوونەتە دۆستی ئەوانەی بڕوایان بە خودا نیە.. هەرکاتێك**

کارێکی خراپی ئابڕووبەرەیان لێ روبدات، دەڵێن: ئێمە باب و باپیری خۆمان دیوە، کە هەر وایان کردووەو، خودا فەرمانی پێداوین ئاوا بکەین. بڵێ: خودا بۆ کاری بەد فەرمان نادات، ئایا ئێوە بە زمانی خوداوە شتێك هەڵدەبەستن، کە نایزانن؟! تۆ بڵێ: پەروەردگارم فەرمان بە دادپەروەریی دەکات. لە هەموو مزگەوتێکدا ڕوو لە خوا کەن و، بەدڵێکی پاك لەبەری بپاڕێنەوە، وەك بەرێ ئێوەی دروست کرد. گشتو بۆ لای ئەو دەچنەوە. هێندێکیانی شارەزای ڕێگا کردووەو، دەستەیەکیش هەر شیاوی گومڕابونن، کە ئەوانە لەبری خودا دەگەڵ شەیاتین بوونە دۆست، لایان وایە شارەزا هەر بۆخۆیانن.﴾الأعراف:٢٤-٣٠.

بەیانیش خوا لەسەر لاڕێ بوون و گومڕایی حیساب لەگەڵ مرۆڤ دەکات، هەروا لەسەر دەست هەڵگرتنی لە گوێڕایەڵیی خوا و شوێن کەوتنی شەیتان و، لێیان دەپرسێتەوە و هیچ بیانوویەکیشیان بە دەستەوە نییە، ئەنجا لە سزای ئەوەی سەرپێچی فەرمانی خوایان کردووە و، باوەڕیان بە نیشانە و بەڵگەکانی نەکردووە و پەیمانیان لەگەڵ شکاندووە، پۆل پۆل فڕێ دەدرێنە نێو ئاگر و، تێنی گەرماکەی دەچێژن : ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَابَنِي آدَمَ أَنْ لاَ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ(٦٠) وَأَن اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ(٦١)وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلاًّ كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ(٦٢)هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ(٦٣)اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ(٦٤)الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ: ئاخر ئەی تۆرەمەی ئادەم، من لەپێشدا پەیمانم لەگەڵدا نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن؟ ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە و، هەر تەنیا خۆم بپەرستن کە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە و، (شەیتان) گەلێك کەسی لەئێوە گومڕاکرد، ئەوە هێشتا هەر تێناگەن؟! ئەمە ئەو جەهەندەمەیە، کەوا بەڵێنتان پێدەدرا. بەهۆی پێنەزانیەکەتان، ئەمڕۆ دەبێ بچنە ناوی.﴾یس:٦٠-٦٥.

جۆرەکانی جێنشینی

جێنشینیی مرۆڤیش له سەر زەویی دوو جۆره : جێنشینیی گشتیی و جێنشینیی تایبەتی.

جێنشینیی گشتیی، جێنشینیی مرۆڤه لەسەر زەویی بۆ ئاوەدان کردنەوە و دەست بەسەردا گرتنی : ﴿هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا: **ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن.**﴾هود:٦١.

ئەم جێنشینیی‌یه له ئادەم ﷺ **دەست پێدەکات و، له دوای خۆشی، هەموو تۆرەمە (ذرية) کەی دەگرێتەوە، چونکه هەموویان ئاوەدانکەرەوەی زەوین و، خوای گەورە ئاوەدان کردنەوەی پێ سپاردوون و، زەویی بۆ بەردەست کردوون و بە ئیزنی خۆی بە سەریدا زاڵ کردوون :** ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً: **ئەوکاتەی پەروەردگارت بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لەسەر زەوی دیاریی بکەم.**﴾البقرة:٣٠.

جێنشینی تایبەتیش جێنشینیی حوکمڕانی یە، ئەویش دوو جۆره : جێنشینیی دەوڵەتان و جێنشینیی تاکەکان، جێ نشینی حوکمڕانیش بە هەردوو جۆرەکانیەوە، منەت و چاکەیەکی دیکەیە، خوا لەگەڵ ئەو بەندانەی خۆی کە حەزی لێیە، چ وەك نەتەوە، چ وەك تاك، دەیکات، دوای ئەوەی بە نیعمەت و چاکەی کردنیان بە جێ نشینیی سەر زەوی، منەتی لەسەر کردن : ﴿وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ: **بڕیارماندا ئەوانەی لەم زەوی‌یەدا زەبوون کران، بە چاکە وەیانخوێنین و، بیانکەینە پێشەوای خەڵك، لەدواییشدا بۆخۆیان بمێنێتەوە.**﴾القصص:٥.

﴿وَجَعَلْنَا مِنهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ: لەوانیشدا چەند کەسانێکمان کردە ڕێبەر، کە هەر بە فەرمانی خۆمان ڕێنوێنیی خەڵك بکەن، چونکە توانای خۆڕاگرتنیان تێدابوو، بەتەواویی باوەڕیشیان بە نیشانانمان هێنابوو.﴾السجدة:٢٤.

مەبەست لە جێنشینیی دەوڵەتانیش، ڕزگار کردنی نەتەوە و سەر بە خۆ بوونیەتی لە حوکم کردنی خۆیدا و، کردنیەتی بە دەوڵەتێك کە دەستەڵاتی ئەوەی هەبێت بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت و، خاوەنی قسەی خۆی بێت و، مانای دووەمیشی فراوان بوونی دەستەڵاتی دەوڵەتە، تا وای لێ دێ، سەرباری ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە، نەتەوە و گەلانی دیکەش بگرێتەوە.

جێنشینیی دەوڵەتانیش، ئەگەر بە ئیزن و فەرمانی خوا بێت، چاکە و خێری خوایە بۆ نەتەوەکان بەڵام دەبێ بزانین کە جێ نشینیی بە چەند هۆیەکەوە بەندە، کە نەتەوەکان دەستیان پێ دەگرن و، پێیان دەگەنە پلەی جێنشینیی و، دەبنە حوکمڕانی سەر زەویی و، ئەوەش دەستووری خوایە و، دەستووری خواش گۆڕانی بەسەر دا نایەت، چونکە ناگونجێ جێ نشینیی لە خۆڕا بێ کاربۆ کردن بێتە دیی، بەڵکوو لە ئەنجامی کاری گران و هەوڵی بەردەوامدا بە دیی دێت، خوای باڵا دەستیش بەڵێنی بەو کەسانە داوە کە ئیمانیان هێناوە و چاکە کارن، کە بیان کاتە جێنشینیی زەویی، جا خوا بە تەنها ئیمانی نەکردۆتە هۆی کردنی ئیمانداران بە جێنشین، بەڵکوو قەولی بە ئیمانداران داوە بییان کاتە جێنشین، ئەگەر هاتوو کاری چاکیان ئەنجام دا، مەبەستیش لە کاری چاك هەر کارێکە لە بابەتی گوێڕایەڵیی خواو خۆ لادان لە خەراپە و تاوان، کە کار و باری قیامەتیان چاك دەکات : ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ: خوا پەیمانی بەو کەسانەتان کە ئیمانیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردون،

داوه، که بیانکاته جێنشینی سەر زەویی، هەروەکو چۆن خەڵکی پێش ئەوانی کردە جێنشین.﴾النور:٥٥.

کردنی تاکەکانیش بە جێنشین، ئەوەیە کە لە کار و باری سەرکردایەتیدا بکرێنە جێنشین و، ڕەنگە ئەو کەسەی دەکرێتە جێنشین، هەندێك جار ناوی ((خەلیفە))ی لێ بنرێت، هەروەکوو داودعليه السلام ناوی لێنرا : ﴿يَادَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلاَ تَتَّبِعْ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ: ئەی داود، ئێمە تۆمان کردە جێنشینی سەر زەویی، جا بە گوێرەی هەق و ڕاستی فەرمانڕەوایی لەنێو خەڵکیدا بکە و، مەکەوە دوای هەوا و ئارەزوو، نەبادا لە ڕێبازی خوا لات بدات، چونکە ئەوانەی لە ڕێبازی خوا لادەدەن، بەهۆی لەبیرکردنی ڕۆژی قیامەتەوە، سزایەکی سەختیان هەیە.﴾ص:٢٦.

هەندێك جاریش جێنشین ناو دەنرێ پێشەوا (امام)، هەروەکوو ابراهیمعليه السلام و هەندێك سەرکردەی بەنی ئیسرائیل ناویان نرا : ﴿وَإِذْ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ: ئەوسا خودا بە چەند وشە ئەزموونی ئیبراهیمی کرد، پێکی هێنان، گوتی: دەتکەمە ڕێبەری خەڵکی دنیا، گوتی: ئەدی تۆرەمەکەم؟ گوتی: ناهەقیکاران وەبەر بەڵێنی من ناکەون.﴾البقرة:١٢٤.

﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلاَةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ: کردیشمانن بە پێشەوا–کە هەر بەفەرمانی ئێمە– شارەزایی خەڵك بکەن و، بە هەمووانیشمان ڕاگەیاند لە کاری چاك نەوەستن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن و، گشتیان ئێمەیان دەپەرست.﴾الانبیاء:٧٣.

جاری واش هەیە جێنشین پێی دەگوترێ پاشا (ملك) : ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَاقَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا

وَآتَاكُمْ مَا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِنْ الْعَالَمِينَ: ئەو دەمانەش کە موسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ، نابێ ئێوە هەرگیز ئەو چاکەیە لەبیرکەن کە خوا لەگەڵی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لە نێو خۆتان بۆ ناردوون، چەندین پاشای لەخۆتان پەیداکردووەو، ئەو شتەی بەشێوەی داوە، لەم دنیایەدا بەکەسی نەداوە.﴾المائدة: ٢٠.

﴿**وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا: پێغەمبەریان پێی گوتن: خودا بۆ پاشایەتیتان، تالوتی دیاریی کردووە.﴾**البقرة :١٤٧.

دەستوری خوا لە جێنشینی حوکم دا

دەستوری خوای گەورەش لە جێنشینیی دەوڵەتان و تاکەکان دا ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك شایانی جێنشینیی بێ، بیکاتە جێنشینیی و، ئەو تاکانەش کە لێیان دەوەشێتەوە، بکاتە جێنشین، هەمووشی بۆ ئەوەی لەو شتەی پێی بەخشیون تاقیان بکاتەوە: ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم: هەر بۆ خۆشی ئێوەی کردە جێنشینانی سەرزەوی، هێندێکیان لە بەرانبەر هێندێك چەند پلە بردە سەرەوە، تا لەو شتانەی پێی داون، بە تاقیتان بکاتەوە.﴾الأنعام:١٦٥.

جا ئەگەر ئەوانەی کراونە جێنشین، ڕێك لەسەر فەرمانی خوا ڕۆیشتن و، بانگەوازیان بۆ لای خوا کرد و، بێ هاوتا بۆ دانان لە پەرستندا، پەرستیان و، نوێژیان کردوەو زەکاتیان داوە، کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، لە خەراپەکان دوور کەوتنەوە، فەرمانیان بە چاکە کردو و هەوڵی ڕێگرتن لە خراپەیان دا، ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا

بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ: ئەوانەی کە هەر کاتێکی دەستەڵاتمان دانێ لەسەر زەویی، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و، فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێ لە خراپە دەگرن و، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بەدەست خوایە.﴾الحج:٤١.

﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ: پێشەوایانمان لەنێودا پەیداکردن، کە بەهۆی ئارام گرتنیانەوە بە فەرمانی ئێمە ڕێنوێنیی خەڵك دەکەن و، بە دڵنیایی باوەڕیان بە بەڵگە و نیشانەکانی ئێمە هەیە.﴾السجدة:٢٤.

﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ: کردمانن بەو پێشەوایانەی بە فەرمانی ئێمە ڕێنوێنیی خەڵك دەکەن و، پێشمان ڕاگەیاندن لەکاری چاك نەوەستن و، نوێژ بکەن و زەکات بدەن و، گشتیان ئێمەیان دەپەرست.﴾الأنبياء:٧٣.

ئەگەر ئەوانەی کراونەتە جێنشین ئەوەیان کرد، خوا لەسەر زەوی دەسەڵاتیان دەداتێ و، ڕێی دەست پێ ڕاگەیشتنی هەموو شتێکیان پێشان دەدات، هەروەکوو چۆن (ذو القرنين) وە گەلەکەی وا لێ کرد : ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا، فَأَتْبَعَ سَبَبًا: وامان کرد لەم زەمینەدا دەستی بڕوات و، گشت هۆیەکیشمان بۆ ڕەخساند.﴾الكهف:٨٤.

هەروا، وەك چۆن یوسفی کردە دەسەڵاتداری زەوی وە بە کەیفی خۆی کوێی ویستبا، لێی جێنشین دەبوو کە پێشتر نە بەخەیاڵیداهاتبوو، نە بە خەونیشیدا دێت: ﴿وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ: ئا بەم جۆرە یوسفمان لەم سەر زەمینە-بەڕێزەوە- جێکردەوە، لەهەرجێیەك خۆی ویستبای لەوێ دەژیا.﴾یوسف:٥٦.

وە هەر وەکوو چۆن بەنو ئیسرائیلی کردە دەسەڵاتداری زەوی، سەرەڕای بێهێزی خۆیان و بە هێزی دوژمنەکانیان، دوای ئەوەی فیرعەونەکان کردبویانن بە کویلەی خۆیان و دەیان چەوساندنەوە، پیسترین ئەشکەنجەیان دەدان و کوڕەکانیان سەردەبرین و ئافرەتەکانیان بۆ خزمەت کاریی دەهێشتنەوە، ئەوە بوو خوای باڵا دەست هێز و دەسەڵاتی دانی و، ڕۆزی و حەڵاڵ و پاکی پێ بەخشین و، هەندێکیان کردە پێغەمبەر و پاشا و، ئەوەندەی پێی بەخشین، کە بە کەسی نەبەخشی بوو: ﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ: بەڕاستی ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لە شوێنێکی خۆش دامەزراند و، ڕۆزیی پاك و چاکمان دانێ.﴾یونس:٩٣.

﴿يَاقَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا وَآتَاكُمْ مَا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِنَ الْعَالَمِينَ: گەلۆ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیەی لەبیر نەکەن کە خودا دەربارەی کردون، کە ئەو هەمو پێغەمبەرەی هەر لەناو خۆتان بۆ ناردون، چەندین پادشای لەخۆتان پەیدا کردوەو ئەو شتەی بەئێوەی داوە، بەهیچ کەسی لەم دنیایەدا نەداوە.﴾المائدة:٢٠.

وە هەر وەکوو چۆن گەلی یونس، کاتێك ئیمانیان هێنا، خوا کار و باری لە ژیانی دنیایاندا بۆ چاك کردن و تا ماوەیەك خۆش گوزەرانیی پێ بەخشین و، کردنی بە دەسەڵاتدار : ﴿فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ: بۆچی هیچ شارێك نەبوو کە خەڵکەکەی بڕوا بێنن تا ئەو دەمەی کە بڕواکەیان بەهرەیان پێ بگەیەنێ، بێجگە لە هۆزەکەی یونس؟! کە کاتێك بڕوایان هێنا، ئازاری ئابڕوبەرەمان لەسەر دنیا لێ لادان و، وامان کرد هەتا ماوەیەك خۆش ڕابوێرن.﴾یونس:٩٨.

خوای بالاّ دەستیش لە هەموو خەڵکی جیهان بیّ نیازە، لەگەڵیان مهرەبانەو، ئەگەر فەرمانی کردن یان نەکردنی شتێکیان پیّ دەکات، ئەو بۆ چاکەی ئەوانێتی، سوودیان پیّ دەگەیەنێت و، ئەو دەتوانێت بۆ خۆی بیّباوەڕان لەنێو بەرێت و، کۆمەڵە خەڵکێکی دیکەیان لە شوێن دانیّ و، ئەوەی لا ئاسانە، چونکە ئەوانیش لە پشتی کۆمەڵێکی تر پەیدا بوون : ﴿وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنْ بَعْدِكُمْ مَا يَشَاءُ كَمَا أَنْشَأَكُمْ مِنْ ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ: پەروەرندەت بیّنیاز و دلۆڤانە، ئەگەر خۆی ئارەزو بکات ناتانهێڵیّ و حەزیّ بکات، لەپاش ئێوە چینێکی دیکە لەجێی ئێوە دادەنێت، هەروەکو چۆن ئێوەی لە تۆرەمەی کەسانی تر خستۆتەوە.﴾الانعام:١٣٣.

جا تا جیّنشینەکانی سەر زەوی، رێك لەسەر فەرمانی خوا برۆن، ئەو لە دەسەلاّتدارێتی و حوکمڕانیدا، لە بەڵێنی خوا بەهرەمەند دەبن و، لە هەموو لایەکەوە بە تێر و تەسەلی ڕۆزیی و بژێویان بۆدیّ، تا ئەو کاتەی دەر هەق بە چاکە و نیعمەتەکانی خوا، دەبنە سپڵە و پیّ نەزان و بیّ باوەڕ بە نیشانە و بەڵگەکانی و، لەڕێی و شوێنی پێغەمبەران لا دەدەن و، سنوور دەبەزێنن و ستەم و دەست درێژی دەکەن و، بە هێز و دەسەلاّت و زانیاری لە خۆیان بایی دەبن، ئەو کاتە بیّ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن، خوا لە ناکا و دەیان گرێت و، نیعمەتەکانیان لیّ دەستێنێتەوە و، دەوڵەت و دەسەلاّتیان لە نێو دەبات و، کۆمەڵێکی دیکەیان لە جێی دادەنێت، بیّ ئەوەی کاتێك فەرمانی خوا بۆ لە نێو بردنیان هاتە دی و ئەوەی گاڵتەیان پیّ دەکرد، توشیان بوو هۆش و زانست و ماڵ سامانیان سوودێکیان پیّ بگەیەنێت : ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ(١٣)ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ فِي الأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ: گەلێك بەرەمان لەپێش ئێوە لەنێو بردن، کاتێك کە ناهەقییان کرد، پێغەمبەران بە

نیشانی دیارەوە هاتنە لایان، هەر باوەڕیان پێ نەهێنان. ئێمە ئاوا تاوانباران سزا دەدەین.. لەپاش ئەوان ئێوەمان لەم سەرزەمینە جێنشین کرد، کە ببینین کردەوەی ئێوە چۆن دەبێت.﴾یونس:١٣-١٤.

﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّنْ لَكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِمْ مِدْرَارًا وَجَعَلْنَا الأَنْهَارَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ: **ئەرێ نازانن کە ئێمە لەپێش ئەواندا چەندان بەرەمان قڕکرد؟! ئەو دەستەڵاتەش لەم زەمینە بەوانمان دابوو، بەمانمان نەداوەو، بارانی بەخوڕمان بۆ باراندن و، وامان کرد لەسەر ڕووباران بژین، کەچی هێندە نافەرمانیان کرد، قڕمان کردن و، لەپاش ئەوان-لەجێی وان- بەرەی دیکەمان دامەزراندن.**﴾الانعام:٦.

﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِنْ مَكَّنَّاكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَارًا وَأَفْئِدَةً فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلاَ أَبْصَارُهُمْ وَلاَ أَفْئِدَتُهُمْ مِنْ شَيْءٍ إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون: **لەو شوێنەدا گوزەرانێکمان دابوونێ، کە نەمانداوەتە ئێوە، گوێ و چاو و دڵیشمان بەوانیش دابوو، ئەوان لەگوێ و چاو و دڵیان هیچ بەهرەیان وەدەست نەکەوت و، نرخێکیان بۆ نیشانەکانی خوا دانەدەنا و، تووشی ئەو شتە بوون کە گاڵتەیان پێ دەکرد.**﴾الاحقاف:٢٤.

چەند نموونەیەک لە جێنشینانی پێشوو

بێگومان چەند نموونەیەکی بۆمان هێناوینەوە، کە پڕ لە پەند و ئامۆژگارین، ئەوەندەی دەنگ و باسی پێشینان بۆ ڕوون کردینەوە، کە بەشی هەموو کەسێکی هۆشمەند بکات، ئەوەتا گەلی نوح، باوەڕیان بە نوح نەهێنا،

خۆی شوێنکەوتوەکانی یان چەوساندنەوە، جا خوا ئەو لاوازی و بێ دەسەڵاتیانەی کردنە جێنشین و، ئەو بە هێزانەی بە هێز و دەسەڵاتیان خۆیان لێ گۆڕا بوو و، ئەوەندە لە خۆبایی بوون، کە باوەڕ بە بەڵگە و نیشانەکانی خوا نەهێنن لە نێوی بردن : ﴿فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلاَئِفَ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ: ئەنجا باوەڕیان پێ نەکرد، ئەوسا خۆی و ئەوانەی لە کەشتیەکەدا دەگەڵی بوون، قوتارمان کردن و، کردمانن بە جێنشین لەسەر زەویی و، ئەوانەش کە باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە نەکرد لە ئاوماندا خنکاندن، دە بڕوانە ئەوانەی ترسێنرابوون چیان بەسەر هات!﴾یونس:٧٣.

(هود)یش بانگەوازی گەلەکەی دەکا بەسەرهاتی گەلی نوحیان وەبیر دێنێتەوە و، لەو کارەساتەیان دەترسێنێ و دەڵێ : ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ: وەبیر خۆتان بێننەوە چۆن خوا دوای ئەوەی گەلی نوحی بە هۆی کردەوەی لە بابەتی ئەو کردەوانەی ئیستا ئێوە دەیکەن، لە نێو بردن، ئێوەی کردە جێنشین﴾الاعراف:٦٨، جا دوای ئەوەی لە چاك بوونیان نائومێد بوو پێی گوتن : ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ: ئەگەر نەیێنە رەدایەش،-پێیان بڵێ-: من بە هەرچی راسپێراوم پێم راگەیاندن و، پەروەردگاری من مەردمێتر لەجێی ئێوە دادەنێ و، هیچ زیانیشی لێنادەن. بەڕاستی پەروەرندەم چاودێری هەموو شتە.﴾هود:٥٧.

هەروا ((صاڵح)) ئەو نیعمەتانەی وەبیری گەلەکەی دێنێتەوە کە خوا پێی بەخشیون و، لە دوای ((عاد)) کردوونی بە جێنشین و، لە مەڕ سەرئەنجامی دەست درێژی و فەسادی سەر زەوی، ووریایان دەکاتەوە : ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِنْ سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا

فَاذْكُرُوا آلاَءَ اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ: لەبیرتان بێ هۆزی عاد، ئێوەی کردە جێنشین و لەسەر زەویی دایمەزراندن، لەپێدەشتان کوشکتان بەرز دەکردنەوەو، لە کێوەکانیشدا خانووتان دەتراشی، نیعمەتی خواتان لەبیر بێ و، ئەو هەموو فەسادیی و بەدکارییە لەسەر زەویی بڵاو مەکەنەوە.﴾الاعراف:٧٤.

(موسا)ش، گەلەکەی دێن ئازاردانیان لە لایەن فیرعەونەوە، ئەو دەست درێژی و ستەمی لێی کردوون، لە لا دەکەن، ئەویش مزگێنیان دەداتێ، کە دەستوری خوا هەر دێتە دی و، وەکوو خەڵکی دیکە گوناه و تاوان بکەن: ﴿قَالُوا أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَنْ تَأْتِيَنَا وَمِنْ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ: گوتیان: بەر لەوەی ئەتۆ بێی، ئازار دەدراین، کە تۆش هاتووی، هەر وا دەمان چەوسێننەوە! گوتی: ئەو ڕۆژە دوور نیە پەروەردگارتان دوژمنتان لەنێو بەرێت و، ئێوە بکاتە جێنشین لەسەر زەویی و، بڕوانێ ئێوە چۆن ڕەفتار دەکەن.﴾الأعراف:١٢٩.

(قارون) و (فیرعەون) و (هامان)یش، ستەمیان کرد لە سەر زەوی و، بە ناڕەوا و خۆیان بە زل زانی و، نیعمەتی خوایان لە بیر چوو، جا ئەوە بوو ماڵ و سامان و ئەو شتانەی بێ جگە لە خوا دەییان پەرستن، هیچی بۆ نەکردوون، خوا بە هۆی تاوانەکانیانەوە گرتنی، جا ئی وایان هەبوو بومەلەرزە لێی داو و، ئی وا هەبوو بە زەویدا ڕۆ چوو و، هەشیان بوو لە ئاودا خنکێنرا: ﴿وَقَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مُوسَى بِالْبَيِّنَاتِ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الأَرْضِ وَمَا كَانُوا سَابِقِينَ(٣٩) فَكُلاً أَخَذْنَا بِذَنْبِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُمْ مَنْ خَسَفْنَا بِهِ الأَرْضَ وَمِنْهُمْ مَنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ: قارونیش و فیرعەونیش و هامانیش -هەر بەو دەردەچوون-، دیارە موسا گەلێك نیشانەی دیاری بۆ هێنان، بەڵام خۆیان لەم زەمینە لە خەڵکی بە زلتر زانی و، نەشیانتوانی لە دەستی ئێمە دەرباز بن.. ئێمە هەریەك لەوانەمان بە تاوانەکەی

خۆی گرت، جا هەندێکیان بای زۆر توندی پڕ لە چەومان ناردنە سەر، هێندێکیشیانت نەعرەتەی زل دایگرتن و، هێندێکیشمان بە ناخی زەویدا ڕۆبرد، هێندێکیشمان لە ئاودا نوقوم کردن، خوا ستەمی لێ نەکرن، بەڵام خۆیان ستەمیان لەخۆ کرد.﴾العنکبوت:٣٩-٤٠.

پایەی جێنشینانی سەر زەوی

زانیمان کە خوای گەورە مرۆڤی لە سەر زەوی کردۆتە جێنشین و، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەمووی بۆ بەردەست کردوون و، گوێڕایەڵیی فەرمانی بکەن و ئەوەی لێی قەدەغە کردوون، نەیکەن، چوونکە جێنشینیی لەسەر زەویی چەند مافێکی داوەتە مرۆڤ و، چەند ئەرکێکی لەسەر پێویست کردووە، جا ئەگەر بمانەوێ مەڵبەندی جێنشینانی سەر زەویی دیاریی بکەین، پێویستە مەعنای زمانەوانیی ((کردن بە جێنشین الاستخلاف)) بزانین و، مەعنا فیقهیەکەشی دەربێنین.

کردن بە جێنشین لە زماندا، دانانی جێگرێکە لە شوێنی ڕۆیشتوویەك، یان بوونی کەسێکی دیکەیە بە جێنشین لە سەر شتێك، جا ئەگەر ئەم مەعنا زمانەوانی‌یەمان بە سەر ئادەم و تۆرەمەکەی لە لایەن خواوە بە جێنشینی سەر زەویدا چەسپاند، دەبێ بڵێین: مرۆڤ یان جێنشینی خوایە، یان جێنشینی غەیری خوایە.

توێژەرەوانی قورئانیش هەر بەو ئامانجە گەیشتوون لە لێکدانەوەی ئایەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ: **ئەو کاتەی**

پەروەردەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لەسەر زەمین دیاریی بکەم، گوتیان: تۆ کەسێکی وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ؟ کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و تۆ بە پاك ڕادەگرین! گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن.﴾البقرة: ٣٠.

جا هەندێك لە توێژەرەوانی قوڕئان–وەکو پێشتر گوتمان– پێیان وایە مرۆڤ بۆتە جێنشینی دروست کراوێکی دیکە کە لەسەر زەویی ژیاوە و، دوایی فەساد و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام داوە، هەندێکی دیکەش پێیان وایە مرۆڤ بۆتە جێنشینی خوای گەورە، نەك شتی دیکە.

بەڵام زۆریان پێیان گونجاو نییە بە مرۆڤ بگوترێ جێنشینی خوا، بەڵگەشیان ئەوەیە دەڵێن تەنها کەسێك جێنشینی دەبێ، کە وون بێت، یان بمرێت و، خواش نە وون دەبێت و نە دەشمرێ، هەروا بەڵگە بەوە دێننەوە کە جارێك بە ئەبوبەکریان گوت جێنشین(خليفة)ی خوا، ئەویش گوتی: ((ئەمن خەلیفەی خوا نیم، بەڵکو خەلیفەی پێغەمبەری خوامﷺ، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە دەکرێ بە مرۆڤ بگوترێ جێنشینی خوا، مادام فەرمانەکانی خوا لە نێو دروستکراوەکانیدا ئەنجام بدات، چونکە خوای گەروە دەفەرموێ : ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ الأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم: هەر بۆ خۆشی ئێوەی کردە جێنشینانی سەرزەوی، هێندێکیان لە بەرانبەر هێندێك چەند پلە بردە سەرەوە، تا لەو شتانەی پێی داون تاقیتان بکاتەوە.﴾الأنعام: ١٦٥.. بێگومان بۆچوونی دوایی ڕاستترە، چونکە ناگونجی و نابێ ئەو زاتەی شتێك لە شێوەی نییە و شنەوا و بینایە، بە مرۆڤ پێوانە بکرێت، جا ئەگەر لە نێو مرۆڤدا وا باوبێت هەر لە کاتی ون بوون و مردندا جێنشینیان بوێ، ئەوە خوا دەکرێ جێنشینی هەبێت، هەرچەندە هەمیشە ئامادەیە و ون نابێ و زیندووە و قەت نامرێ، بۆ بەڵگەش ئەم ئایەتە بەسە:

﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً﴾، هەروا ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ الأَرْضِ﴾ کە دەگونجێ بگوترێ مرۆڤ جێنشینی خوایە، بە تایبەتی کە خوا لە سەر ملکی خۆی کردوونی بە جێنشین و بۆی بەردەست کردوون: ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ: هەرچی لە عاسمانەکان و زەمیندان، گشتی ئی وین﴾المائدة:١٢٠. ﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، خوا بۆ ئێوەی بەردەست کردووەو گشتی ئی ئەوە.﴾الجاثية:١٣.

جا مادام وایە، گرنگ نییە ئەوە ساغ بێتەوە داخوا مرۆڤ بۆتە جێنشینی دروستکراوێکی پێشتر. یان نا، چونکە ئەو دروست کراوەی پێشتریش، وەکو مرۆڤ خوا هەر کردویەتە بە جێنشینی خۆی، جا ئەگەر مرۆڤ بوو بێتە جێنشین جێنشینی خوا، بۆتە جێنشینی خواش، کەوا بوو بە هەموو بارێك دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ بۆتە جێنشینی خوای مەزن، نەك ئی غەیری وی.

مەعنای فیقهی جێنشینیش، بریکاریی و جێگیریی و کار ڕاپەڕاندنە بە گوێرەی چەمکە فیقهیەکانی مرۆڤ، چونکە خوا بە ئایەتی ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً: من جێنشینێك لەسەر زەمین دادەنێم.﴾ مرۆڤی کردۆتە جێنشینی خۆی لە سەر زەویی، خوای بالاّ دەست بە ئایەتی : ﴿هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا: ئەو-خوا- لە زەویی وەدیی هێناون و دنیای پێ ئاوەدان کردوونەتەوە.﴾هود:٦١. ئەرکی مرۆڤی لەو جێنشینی یە دیاری کردووە، (استعمار) یش دەسەلاّت و دەست بەسەرداگرتن دەگەینێت و، ئەم دوو مەعنایەش هەردووکیان لەم ئایەتانە دا دیارن: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلاً مَا تَشْكُرُونَ: ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێکردەوە، هەر لەوێشدا بژێومان بۆ بڕینەتەوە، کەمتان شوکرانەبژێرن.﴾الاعراف:١٠.

﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُور: ئەوانەی کە هەر کاتێکی دەستەلاتمان دانێ لەسەر زەویی، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و، فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێ لە خراپە دەگرن و، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بەدەست خوایە.﴾الحج:٤١.
﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بۆی بەردەست کردوون و، هەمووی ئی ویە.﴾الجاثية:١٣.

مرۆڤیش کە دەسەلاتیان بەسەر گەردووندا هەیە و، سوود لەو دروستکراوانەی خوا بۆی بەردەست کردوون، وەردەگرن، لەسەریانە گوێڕایەڵی خوا بن و، لە سەر ڕێڕوونی ی ئەو بڕۆن و، لەو شتانەی لێی قەدەغە کردوون، وەدوور کەون : ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ: ئەوسا ئەگەر لەلای منەوە ڕێنوێنێکتان بۆ هات، ئەوانەی بکەونە دوای رینوێنیم، نە لەهیچ شتێك دەترسن، نە خەم دەخۆن.﴾البقرة:٣٨. ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَابَنِي آدَمَ أَنْ لاَ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ(٦٠) وَأَن اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ: ئاخر ئەی تۆرەمەی ئادەم، من لەپێشدا پەیمانم دەگەڵدا نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن، ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە؟ هەر تەنیا خۆم بپەرستن، ڕێگای ڕاست هەر ئەمەیە!﴾یس:٦١-٦٢.

هەروا بێجگە لەوە، مرۆڤیش هەر یەکێکە لە دروستکراوەکانی خوا: ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ: خوا هەر ئەو خوایەیە کە ئێوەی دروست کردن و لەپاشان ڕۆزیی دانێ، دوای ئەوە دەتانمرێنێ و، دیسان زیندووتان دەکاتەوە.﴾الروم:٤٠. لە گەڵ دروستی کردوون و، کردوونی بە مرۆڤ و لە سەر زەویی بلاوی کردونەتەوە : ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ: وە لە نیشانەکانی خوا ئەوەیە کە ئێوەی لە گڵ دروست کردو، لە پاشان بوونە مرۆڤ و بە زەویدا بڵاوبوونەوە.﴾الروم:٢٠.

هەر بۆ ئەوەش دروستی کردوون تا بە تەواویی بیپەرستن : ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ: من هەر بۆیە جندۆکە و مرۆڤم دروست کرد، تا بمپەرستن.﴾الداريات:٥٦. ناویشی لیّ ناون بەندە و کۆیلەی خۆی و، هەر خۆشی بە سەریاندا زاڵە و، بە پێی کردەوەکانیان پاداشتیان ویّ دەداتەوە، جا ئەوەی چاکە بکات بۆ خۆیەتی و ئەوەی خەراپەش بکات بۆ خۆی زەرەر دەکات: ﴿وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ: هەر خواشە لەسەر هەموو عەبدەکانی دەستی دەڕوات و، هەر بۆ خۆیەتی کارزانە و ئاگادارە.﴾الانعام:١٨. ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلاَّمٍ لِلْعَبِيدِ: هەرکەسێك کاری چاك دەکا، بۆ خۆی دەکا و، هەرکەسێکیش خراپە دەکا، لەدژی خۆی کردوویەتی، پەروەردگارت غەدر لە عەبدانی ناکات.﴾فصلت:٤٦.

جێنشینی مرۆڤیش لە سەر زەویی، مەعنای ئەوەیە کە خوای گەورە لە سەر زەویی نیشتە جێی کردوون و، زەویی پیّ ئاوەدان کردوونەتەوە و، ماف دەست بە سەر داگراتنی خێر و بێری نێو گەردوونی لە سنووری فەرمان و قەدەغە کردنی خوا داونەتیّ، تا سودی لیّ وەرگرن، جا ئەگەر خوا بەندەکانی لە سەر زەویی خۆی نیشتەجیّ کردبن و، هەرچی لە گەردووندایە وەك خەڵات و بەخشش بۆی بەر دەست کردبن، ئەوە هەر شتێکی خوا کە لە دەستی ئەو بەندانە دایە، لە ڕووی فیقهی یەوە،سپاردەیەکە مرۆڤ سوودی لیّ وەردەگرێت و، بە کارهێنانی سپاردەش لە شەرعدا بە بریکاریی دەبێت، جا با ئەو بریکارییە، بریکاری پەروەردگار بێت لە لایەن بەندەکەیەوە، یان ئی خاوەن بێت لە لایەن خاوەندار (مملوك)ەوە، کەواتە: هەموو مرۆڤێك بریکاری پەروەردگاری باڵا دەستێتی و، لەو شتەی کە لە گەردووندا بۆی بەردەست کردووە و، لە هەموو هەڵس و کەوتێکیدا، بە سنوورەکانی ئەو بریکارییەوە بەندە.

بەو جۆرە مەعنای جێنشینی لە ڕووی زمانەوانی‌یەوە، چی وای لە مەعنای جێنشینیی لە ڕووی فیقهی یەوە جیاواز نییە و، لە ئەنجامی ئەوەدا پایەی جێنشینەکانی سەر زەویی، دەبێتە پایەی جێگر، یان بریکار و، ((جێگریی یان بریکاریی))ش، بریکاری خوای گەورەیە و، دەکەوێتە نێو جوغزی ئەو دروستکراوانەی کە خوا بۆ مرۆڤی بەر دەست کردوون و، ئەو شتانەی خۆی، کە وای کردووە مرۆڤ دەسەلاتی بە سەر دا هەبن و، هەموو ئەو شتانەی ڕێی بە کارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی داون.

پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچێت، بەر دەست کردنی گەردوون بۆ مرۆڤ و، دەسەلات پێدانیان بەسەر مڵکی خوادا، ئەو شتانەی بەر دەست و لە بن دەسەلاتی مرۆڤن لە بازنەی دەسەلاتی خوایان، ناباتە دەرێ و هیچیش لەو دەسەلاتە کەم ناکاتەوە، بۆ نموونە: مرۆڤ زەویی دەکێڵێ و، تۆی تێدا دەچێنی، بەڵام لە شین بوون و بەر گرتندا بە تەمای خوان و، بناوانی کێڵان و چاندنیشیان هەر بۆ خوا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ژیان و عەقڵی پێ بەخشیون و، زانستی داونەتێ، کەواتە: مرۆڤ چاکە و نیعمەتی خوا بە کاردێنێت و، لەو بوارەدا، بێجگە لەو دەسەلاتەی خوا پێی بەخشیون، هیچ دەسەلاتێکی دیکەیان نییە.

ئەرکەکانی جێ‌نشینانی سەر زەوی

مرۆڤ بۆ ئەوە نەکراوەتە جێنشین و ئاوەدانکەرەوەی زەویی تا بە کەیفی خۆیان چییان پێ خۆشە بیکەن و، بێ حیساب و چاودێریی چییان پێ ناخۆشە، نەیکەن، بەڵکوو خوا ئاوەدانکردنەوەی زەویی پێ سپاردوون و کردوونی بە جێنشین لە سەر زەویی تا تەنها خوای بێ هاوەڵ بپەرستن و،

گوێڕایەڵی فەرمانی بکەن و، چیی لیٚ قەدەغە کردوون نەیکەن، چوونکە ئەگەر جیٚنشین بوونیان لەسەر زەویی هەندێك ماف پیٚ دابن، ئەوە گەلێك ئەرکیشی خستوتە سەر شانیان.

هەڵبەت خوا، ئەو کاتەی مرۆڤی لە سەر زەویی نیشتە جیٚ ی کرد، بە گشتی لە سەری پێویست کرد بە دوای ڕێڕووینی یەکەی بکەویٚ و، شوێن کەوتووی فەرمانی بێت: ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ: ئەوسا ئەگەر لەلای منەوە ڕێنوێنێکتان بۆ هات، ئەوانەی بکەونە دوای ڕێنوێنیم، نە لەهیچ شتێك دەترسن، نە خەم دەخۆن.﴾البقرة:٣٨.

هەروا پەیمانیشی لیٚ وەرگرتوون کە شەیتان نەپەرستن و، خوا بپەرستن : ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَابَنِي آدَمَ أَنْ لاَ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ(٦٠) وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ: ئاخر ئەی تۆرەمەی ئادەم، من لەپێشدا پەیمانم دەگەڵدا نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن، ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە؟ هەر تەنیا خۆم بپەرستن، تەنها ئەمە ڕێگای ڕاستە!﴾یس:٦١-٦٢.

هەریەك لەم دوو دەقەش، فەرمانێکی گشتی بۆ شوێن کەوتنی ئەوەی خوا ناردویەتە خواریٚ و، حەرام کردنی غەیری وی.

خوای باڵادەستیش پەیمانی بەو کەسانە داوە بڕوایان بەوی هەیە و، لە سەر ڕێڕوویەکەی دەڕۆن، کە ترس و نیگەرانیان بۆ بکاتە ئاسایش و، لاوازییان بکاتە هێز و، بیانکاتە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار، هەروەکوو چۆن ئەوانەی پێش ئەوانی وا لیٚ کردوون و، دەستیان بدات و، لە سەر زەویی دەوڵەت و دەستەڵاتیان بەسەر خەڵك و دەوڵەتاندا بداتیٚ، بە مەرجێك فەرمانی خوا جیٚ بە جیٚ بکەن و، هەر ئەو بپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن و، لە گوێڕایەڵیی ئەو لا نەدەن نە بە کەم نە بە زۆر: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى

لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لاَ يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا: خوا پەیمانی بەو کەسانەتان کە ئیمانیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردون، داوە، کە بیانکاتە جێنشینی سەر زەویی، هەروەکو چۆن خەڵکی پێش ئەوانی کردە جێنشین، دینەکەشیان، کە خۆی پەسندی کردووە، هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و، ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی، تا تەنیا من بپەبرستن و هیچ شتێکیش بە شەریکی من نەزانن.﴾النور:٥٥.

خواش بۆ خۆی ئەرکەکانی جێنشینانی سەر زەویمان، لە کورتترین و پوختترین دەربڕیندا بۆ دەر دەخات و دەفەرموێ : ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ: ئەوانەی کە هەر کاتێکی دەستەڵاتمان دانێ لەسەر زەویی، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و، فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێ لە خراپە دەگرن و، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بەدەست خوایە.﴾الحج:٤١.

جا یەکێك لە ئەرکەکانی جێنشینانی سەر زەویی، چ دەوڵەت بن چ تاك، ئەوە کە نوێژ بکەن و، تەنها ئەو کەسەش نوێژ دەکات کە دان بەوەدا دێنێ کە تەنها خوا پەرستراوی ڕاستە و محمد بەندە و ڕەوان کراوی وییە، ئەم دان پێدا هێنانە ئەرکی بێ ژمارەی لێ دەکەوێتەوە.

هەروا لە ئەرکەکانی جێ نشینانی سەر زەویی، زەکات دانە و، تەنها باوەڕ دارێکیش زەکات دەدات، کە پابەندی ئەرکەکانی سەر شانیەتی و، ئیعتیراف بەو مافانەی خەڵکی دەکات، کە لە سەر شانی ئەون.

فەرمان کردن بە چاکە و هەوڵی ڕێگرتن لە خەراپەش، لە ئەرکەکانی جێنشینانی سەر زەوییە و، کەسێکیش ئەو کارە دەکات، لە سەر فەرمانی خوا بەردەوام بێت و، دەست بە بەرنامەکەیەوە بگرێت و، لەسەر گوێڕایەڵی سوور بێت.

ئایەتەکە هەر ئەو سێ ئەرکەی تێدان، چونکە بوونی ئەو سێیانە، نیشانەی بوونی ئەوانی دیکەشە، کە ئیسلام فەرزی کردوون، چونکە بوونی نوێژ کردن لە نێو نەتەوەدا، نیشانەی ئیمان و گوێڕایەڵیە و، فەرمان کردن بە چاکە و هەوڵی ڕێگرتن لە خەراپەش، نیشانەی دەست پێوە گرتنی فەرمانی خوا و بانگەوازی خەڵکی بۆ لای و، گێڕانەوەیانە لە لاڕێیی و یاخی بوون.

ئەوانەی لە حوکمڕانیشدا دەبنە جێنشین، تەنها مرۆڤی جێنشینی سەر زەوین، جا ئەگەر بە ناوی فەرمان ڕەوا لە سەریان پێویست بێ کە نوێژ بکەن و، زەکات بدەن و، فەرمان بە چاکە بکەن و، هەوڵی ڕێگرتن لە خەراپە بدەن، ئەوە بە ناوی مرۆڤیش کە جێنشینی سەر زەوین، لە سەریانە گوێڕایەڵی خوا بن و لە سەر ڕێرووبینەکەی بڕۆن و، توخونی قەدەغە کراوەکانی نەکەون.

پوختەی ئەو قسانەی پێشوو ئەوەیە کە جێنشینانی سەر زەویی، جا جێنشینیەکەیان چ گشتی بێ چ تایبەتی، گەلێك ئەرکیان لە سەر شانن، کە هەر یەکەیان دەکەوێتە نێو جوغزێکی گەورەوە کە گوێڕایەڵیی کردنی خوایە، واتە جێبەجێ کردنی فەرمانەکان و، دوور کەوتنەوە لەو شتانەی قەدەغەی کردوون.

سزای بەزراندنی شوورەکانی جێنشینی

لەمەوپێش زانیمان کە خوا مرۆڤی کردۆتە جێنشینی ی سەر زەویی و، دروست کراوەکانی خوی بۆ بەردەست کردوون و، لە سەر مڵکی خۆی کردوونیەتە دەسەڵاتدار و، بە کارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی پێ سپاردوون و، پابەندی کردوون و گوێڕایەڵی بن و، لەسەر ڕێرونیەکەی بڕۆن و ئەو شتانەی لێی قەدەغە کردوون و، نەیان کەن و، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پایەی

جێنشینان لە سەر زەویی پایەی جێگر و بریکارە و، مرۆڤیش جێگر و بریکاری خوایە.

مەنتیقی فیترەتیش ئەوە دەخوازێ جێنشین یان جێگر، ئەگەر لە سنووری ئەو دەسەڵاتەی خوا پێی داوە، یان ئەو پێوەندانەی پێانەوە بەستراوە، دەرچوو، ئەوە بێ گومان ئیشەکەی پوچە و، تەنها ئەوەندەی پەسەندە، کە دەکەوێتە نێو جوغزی جێنشینیی یان جێگریی.

ئەوەش کت و مت مەنتیقی ئیسلامی ئایینی فیترەتە، چونکە دەقەکانی قورئان ئەوەیان یەکلا کردۆتەوە و، کە هاوەڵ بۆ خوا دانان و، بوغزاندنی ئەوەی خوا ناردویەتە خوارێ و، باوەڕ نە هێنان بە نیشانەکانی و، کافر بوونی دوای ئیمان، ئەوانە هەموویان کردەوە هەڵدەوشێنێتەوە:

﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ: ئێمە، بە تۆو و بەوانەش کە بەر لەتۆ بوون، ڕامان گەیاند: ئەگەر لە پەرستندا هاوبەش بۆ خوا دانێی، کارەکەت هەڵدەوەشێ و پووچ دەبێتەوەو، لە زەرەرمەند و دۆڕاوان دەبی.﴾الزمر:٦٥.

﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ: ئەوە، چونکە ڕقیان لەو شتە بوو کە خوا ناردوویەتە خوار، جا خواش کارەکەی پووچ کردنەوە.﴾محمد:٩.

﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ: ئەوانەش باوەڕیان بە نیشانەکانی ئێمە و، دیداری ڕۆژی دوایی نەکرد، کارەکانیان هەڵدەوەشێنەوە.﴾الأعراف:١٤٧.

﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ: هەرکەسێکتان لە دینی خۆی هەڵگەڕێتەوە، ئەوجار بە کافریی بمرێت، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان لە دنیا و قیامەتدا هەڵدەوەشێنەوە.﴾البقرة:٢١٧.

پوچ بوونەوەی کردەوەش، بە فیڕۆچوون و هەڵوەشانەوەیەتی بە شێوەیەك وەکوو هەر نەبوبێ، ئەوەش لە ڕێوشوێنی قانوونیماندا پێی دەڵێین: پووچ بوونەوەی ڕەها، واتە : ئەو پووچ بوونەوەی ڕاستکردنەوە هەڵناگرێت.

جا پووچ بوونەوە، هەر وەکوو چۆن لە هاوەڵ دانان بۆ خواو بوغزاندنی ئەوی ناردوویەتە خوارێ و، لە سەر بێ ئیمان و کافر بوونی دوای ئیمان پەیدا دەبێت. هەروا لە وەش پەیدا دەبێت کە موسڵمانان فەرمانی خوا و پێغەمبەر پشت گوێ بخەن، چونکە هەر کەسێك ئیمانی بە خوا و پێغەمبەر هەبێت، لە کارێکی بچووك یان گەورەدا، سەرپێچی لە فەرمانی خوا و پێغەمبەر بکات، یان لە هەر شتێکدا لە جوغزی گوێڕایەڵیی بچێتە دەرێ، ئەوە ئەو کارەی سەرپێچیی خواو و پێغەمبەری پێ کردووە، یان پێی لە جوغزی گوێڕایەڵیی چۆتە دەرێ، پوچە کە لە ڕاست کردنەوە نایەت هەروەکوو خوا دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلاَ تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەر بکەن و، کارەکانی خۆتان پووچ مەکەنەوە.﴾محمد:٣٣.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيهِ اَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ: هەر کەسێك کارێك بکات لەوەی ئێمە هێناومانە بەدەربێت، ئەوە ئیشەکەی بە سەر خۆی دا دەدرێتەوە و، شوێنەواری نامێنی.﴾

جا لەو دەقانەی پێشەوە ڕا حاڵی دەبین کە هەر کارێك لە سنووری خوا بچێتە دەرێ، کارێکی پوچە بە تەواویی و لە ڕووی شەرعەوە شوێنەواری نییە، جا ئەو ئیشە چ لە موسڵمانانێکەوە سەری هەڵدابێ، چ لە کافرێکەوە و، چ لە کەسێکەوە سەری هەڵدابێ کە ئیمانی بە خوا هەیە، چ لە کەسێکەوە کە ئینکاری بوونی خوا دەکات و، هیچ موسڵمانێك بۆی نییە دان بەو کارە دابێنێ، یان پێی ڕاست بێت، یان ئەنجامی بدات، جا ئەو کارە لە هەر بابەتێك بێت،

حوکمڕانی بێت، بەڕێوبردن بێت، سیاسەت بێت، ئابوریی بێت، یان ڕۆشنبیریی، یان..... بێت.. هەروا ڕەفتارێکی شەرعی بێت، یان کارێکی مادیی بێت و، لە خانەی ئیسلام (دار الاسلام) **دا کرابێت، یان لە خانەی کوفردا.**

ئەوەیە حوکمی ئیسـلام کە خـوا کردوویەتە بەرنامەی ژیـانی مرۆڤ: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ: **دین و بەرنامەی ژیـان لای خـوا هەر ئیسـلامە.**﴾ال عمران:١٩. **و، تێی گەیاندوون کە ڕازی نییە بێجگە لە ئیسلام بەرنامە و دینێکی دیکەیان هەبێت :** ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ: **هەرکەسێکی بێجگە لە ئیسلام دینێکی دیکەی هەبێت، لێی قبووڵ ناکرێت.**﴾ال عمران:٨٥. **داواشی لێ کردوون کە دەستی پێوە بگرن و لە سەری بمرن :** ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ: **ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە، بە تەواویی لەخوا بترسن و، بە مسوڵمانەتی نەبێ مەمرن.**﴾ال عمران:١٠٢.

سامان سامانی خوایە

- مرۆڤ لەم گەردوونەدا خاوەنی چییە ؟
- سامان هی خوایە و مرۆڤ مافی سوودلێوەرگرتنی هەیە
- مرۆڤ تاچ رادەیەک بۆی هەیە سوود لە سامانی خوا وەرگرێت ؟
- راستیی «سامان هی خوایە» چی لێ دەکەوێتەوە ؟
- مافی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە سامانی خوا چی لێ دەکەوێتەوە ؟
- مافی خەڵکی لە سامانی خوادا

مرۆڤ لەم گەردوونەدا خاوەن چی یە؟

لەمەوبەر زانیمان کە ئەم گەردوونە، ئەو خوایە دروستی کردووە و، بە هۆی ئەو عەقڵەی پێی داون، بە سەری دا زاڵی کردوون و، زەویی پێی ئاوەدان کردوونەتەوە، بەڵام بە گوێڕایەڵیی کردنی و ڕۆیشتن لە سەر ڕێڕوونیی خۆی، پابەندی کردوون.

گومانیشی تێدا نیە کە مرۆڤ لە دەسەڵات هەبوونیان بە سەر گەردووندا و، سوود وەرگرتن لەو هێزانەی تێیدان و، بەهرەمەند بوون لە خێر و بێرەکەی، لە پاراستنی ژیانیان و هێز و چالاکی یان، خۆراك و دەرمان و جلك و ڕایەخ و پەنایان دەوێ، هەروا پێویستیان بە ئامێر و دەزگاو ئاژەڵانە هەیە کە بە کارهێنانی گەردوون پەکی لە سەر دەکەون.

ئەو جار، بە کارهێنانی گەردوونیش وا لە سەر مرۆڤ پێویست دەکات، کە دەستەڵات بە سەر هەندێك زەویدا بگرن بۆ کشت و کاڵ و لەوەڕ، یان سوود لە دار و درەختەکەی وەرگرن، یان ئەو کانزا و نەوتەی تێیدایە دەری بێنن، یان خانوو و کۆگا و دووکان و کارخانە و گوند و شارەکانیان لە سەر بنیات بنێن.

هەروا کەنەفتیی مرۆڤ لە کاتی منداڵی و پیریی و نەخۆشیدا، ناچاریان دەکات بۆ بژێوی منداڵەکانیان و پیریی و نەخۆشیی خۆیان، پاشەکەوت بکەن. جا لەوانەیە ئارەزووی پاشەکەوت کردنی کەم، زیاد بکات و ببێتە ئارەزووی پاشەکەوتنی زۆر، ئەو پاشەکەوت کردنەش بەپێی کەسە کە، شێوەی جیا جیای وەکوو جێگیر (عقار) و گوازراوە و ئاژەڵ و کانزا وەردەگرێ.

جا با بزانین داخوا مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ئەو هەموو شتەی پێویستیەتی، یان بە سەریدا باز دەدات، یان پاشەکەوتی دەکات، سنووری خاوەنایەتیەکەی

چەندە؟ ئایا خاوەنایەتی‌یەکی تەواوە یان ناتەواوە؟ ئایا خاوەنایەتی‌یەکەی ڕەهایە یان نا؟

سامان ئی خوایەو مرۆڤ مافی سوود لێ وەرگرتنی هەیە

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو دەقانەی هەمانن و، زانیارییەکانمان بە شێوەیەکی بەجێ ڕێك بخەین، دەگەینە ئەنجامێك، ئەویش ئەوەیە کە سامان هەمووی ئی خوایە و، مرۆڤ تەنها مافی سوود لێ وەرگرتنی هەیە.

چونکە خوای مەزن بۆ خۆی ئاسمانەکان و زەویی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان و تێیاندایە دروستی کردووە: ﴿ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ: ئەوە پەروەردگارتانە، بێجگە لەوی چ پەرستراوی دیکە نین، وەدیهێنی هەموو شتێکە﴾الانعام:١٠٢. ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا: هەر خۆیەتی، هەرچی لە زەویدایە، بۆ ئێوەی وەدیی هێناوە.﴾البقرة:٢٩. ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ: خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووە.﴾ابراهیم:٣٢.

مەنتیقی ئێمەی مرۆڤیش وا دەخوازێ بەدیهێنی شت خاوەنی شت بێت، دەقەکانی قورئانیش پشتگیریی ئەو مەنتیقە دەکەن و، ئەوەیان یەکلا کردۆتەوە کە خوا خاوەنی ئاسمانەکان و زەویی و ئەو شتانەی لە نێوانیاندایە: ﴿لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا: ملکایەتی‌ی ئاسمانەکان و زەویی و هەرچی لەنێوانیاندایە، ئی خوایە.﴾المائدة:١٧. هەروا خوا خاوەنی هەموو شتێکی ئاسمانەکان و زەویی‌یە لە بچوك و گەورە، جا بە نرخ بێت یان بێ‌نرخ:

﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ: مڵکایەتی ئاسمانەکان و زەویی و هەرچی تێیاندایە، ئی خوایە.﴾المائدة:١٢٠. هەر ئەو زاتە پایە بەرزە بە تاقی تەنیا خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە بێ ئەوەی مرۆڤ یان غەیری مرۆڤ هاوبەشی بێت: ﴿وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ: لە فەرمانڕەواییشدا شەریکی نەبووە﴾الفرقان:٢.

بەڵام خوای بەرز و گەورە، مرۆڤی کردۆتە مایەی ئاوەدانکردنەوەی زەویی : ﴿هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنْ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا: ئەو لەم خاکەی وەدیهێناون و، ویستی ئاوەدانی بکەن.﴾هود:٦١. و، لە سەر ئەو شتانەی باسمان کردن، کردوویەتە جێنشین : ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ فِي الأَرْضِ: خوا ئەو زاتەیە ئێوەی کردوونەتە جێنشینی سەرزەیی﴾فاطر:٣٩. و، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا دروستی کردووە، چەندە دەتوانن بە کاری بێنن و سوودی لێ وەرگرن، بۆی بەر دەست کردوون و، خستوویەتە بن دەستیان : ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً: ئاخۆ ئێوە نەتاندیوە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بۆ ئێوەی بەردەست کردوەو، بە ئاشکرا و بە نهێنی نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا رشتوون؟!﴾لقمان:٢٠.. ﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بۆی ڕام کردوون، هەمووی ئی خوایە.﴾الجاثية:١٣.

هەڵبەت خوا مڵك و سامانی خۆی هەر بۆ کەسێك یان کۆمەڵێك بەر دەست نەکردووە، بەڵکوو بۆ هەموو کەسی بەر دەست کردووە و، لە نێو هەموو بەندەکانی کە کردوونی بە جێنشینی سەر زەویی تا تێیدا بژین و سوودی لێ وەرگرن، بڵاوی کردۆتەوە، چونکە هەر کەسێك بژیەت و سوود لە شتێك وەرگرێت، ئەوە بە هۆی سامان و مڵکی خواوەیە و، لەو بارەوە کەس لە کەس

له پێشتر نیه و، سوود وەرگرتن له شتەکانی بوونەوەر، خوا بۆ هەمووانی داناوە و، لەمەدا هەموو کەس یەکسانه.

خوا بەندەکانی، که کردوونی به جێنشینی سەر زەوییی، ڕوون کردۆتەوە که ئەو شتانەی ئەو دروستی کردوون، به کاریان دێنن و له بەر و سوودیان بەهرەمەند دەبن و، هیچی دەستکردی خۆیان نییه، بەڵکوو بژێویکه خوا پێی داون و، چاکه یەکه لەگەڵی کردوون : ﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ؟ قل : الله: بڵێ: کێ له ئاسمانەکان و زەوییەوه بژێو به ئێوه دەگەیەنێ؟ بڵێ: خوا.﴾سبأ:٢٤.

﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ: ئایا وەدیهێنێکی دیکه بێجگه لەخوا هەیه، له ئاسمانەکان و زەوییەوه بژێوتان پێ بگەیەنێت.﴾فاطر:٣.

جا ئەگەر هەر خوا ڕۆزیی دەربێت، پێویسته مرۆڤ داوای ڕۆزیی هەر لەوی بکات و داواکاری خۆی هەر بۆ لای ئەو بەرێت: ﴿فَابْتَغُوا عِنْدَ اللَّهِ الرِّزْقَ: داوای بژێو و ڕۆزیی لەخوا بکەن.﴾العنكبوت:١٧، چونکه هەر ئەو ڕۆزیی دەرەی بەهێزه و، دەتوانی ڕۆزیی دروست بکات و بیگەیەنێته ڕۆزیی پێدراوان : ﴿اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ: هەر خوا ڕۆزیی دەنێرێ و خودان هێزێکی پتەوه.﴾الذاريات:٥٨.

جا مڵك و سامانی خوا، بۆ سوودی مرۆڤ بەردەست کراوه و، هەموویان بۆیان هەیه سوودی لێ ببینن و، لێی بەهرەمەند بن و، ئیشی تێدا بکەن و، خواش له بەروبووم و دەغڵ و دان و کرێ ی ئیشەکەیان ڕۆزیی یان دەداتێ و، ڕۆزیی یەکەش له بن نایەت و، ئەوەش تەنها چاکەی مرۆڤ و کردووه و، هیچ سوودێکی بۆ خوا نییه و، خوا لەو شته تەواو به دوور و پاکه.

پێشتر گوتمان ئەو مڵك و سامان و بەرو بوومەی خوا که لەبەر دەستی مرۆڤدایه، سپاردەیەکه مرۆڤ سوودی لێ وەردەگرێت و، سپاردە لا بوونیش له

دابی مرۆڤدا، بریکاریی یە، جا با بریکاریی پەروەردگاریش بێت لە لایەن بەندەیەوە، یان ئی کۆیلە بێت لە لایەن گەورەکەیەوە، هەروا زانیمان کە پایەی جێنشینەکانی سەر زەویی، پایەی جێنشین یان جێگرە و، جێنشینی یان جێگریش بۆ خوایە و، دەکەوێتە نێو جوغزی ئەو دروستکراوانەی خوا بۆ مرۆڤی بەر دەست کردوون و، ئەوەی لە سامانی خۆی خستوویەتە بەر دەستیان و، ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەدا ڕێگای بە کارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی پێداون.

جا ئەگەر خوای گەورە-کە خاوەنی هەموو شتێکە-ئەوەی هەیەتی بۆ سوود لێ وەرگرتنی سەر پاکی مرۆڤ-کە کردوویەتە جێنشینی سەر زەویی بەردەستی کردبێت، ئەوە هەر خۆی ئەوەندەی حەز بکات لەو سامانە زۆرەی، دەداتە هەر کەسێکی بیەوێت: ﴿وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ: خودا حەزبکا پاشایەتی بە هەرکەسێك بدات، دەیدات.﴾البقرة:٢٤٧.، جا ئەوەندەی کە دەیداتێ، چ هێندە کەم بێت لە خۆی زیاد نەبێت، یان ئەوەندە زۆر بێت، بەشی دەیان و سەدان کەس بکات : ﴿اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ: هەر خودایە، بە هەر کەسێك خۆی حەز بکات-چ زۆر، چ کەم- ڕۆزیی دەدات.﴾الرعد:٢٦. جا ئەو مرۆڤانەی شتەکەیان دەدرێتێ، هەر چۆنێك بن، ئەو حاڵەتە ناگۆڕێت، چونکە هەموویان بەشێکن لەو کەسانەی کراونەتە جێنشینی سەر زەویی و، سامانی خوایان لەبەر دەستدایە و، ئەو سامانەش تەنها ئەمانەتە لە لایان و، ئەوان لەو بارەوە تەنها ڕۆڵی بریکار و جێنشین دەبینن و، هەر ئەوەندەیان دەسەڵات بەسەر ئەو سامانەدا هەیە و، دەتوانن بە کاری بێنن و سوودی لێ وەرگرن، کە خوا ڕێی پێداون.

هەروا خوا لەسەر مرۆڤی فەرز کردووە، لەو سامانەی خۆی کە لەسەری کردۆتە جێنشین و، هەڵسوڕاندنی پێسپاردووە، ببەخشێت: ﴿وَأَنْفِقُوا مِمَّا

جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ: لەو سامانەی ئێوەمان لەسەر کردۆتە جێنشین، ببەخشن.﴾الحدید:٧.

له بەخشیندا سەرپشکیشی نەکردوون و، سەرسامیی دەردەبڕێ کە نەبەخشێ، چونکە هەرچی دەیبەخشێت ئی خوایە و خوا پێی داوە : ﴿وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ آمَنُوا بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقَهُمُ اللَّهُ: ئەوانە چییان لێدەهات ئەگەر ئیمانیان بەخوا و ڕۆژی دوایی هێنابا و، لەو ماڵەی خوا پێی داون، بەخشیبایان؟!﴾النساء:٣٩.

جا هەر جارێکیش خوا فەرمانی بە مرۆڤ کردبێت شت ببەخشێت، ئەوەی وەبیر هێناوەتەوە کە لەو ماڵەی ئەو پێی داون و، لەو ڕۆزیی ئەو بۆی ناردوون،دەبەخشن و، لەو بارەوە گەلێك دەقمان هەن، لەوانە : ﴿وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ: لەو ڕۆزییەی پێمان داون، ببەخشن، پێش ئەوەی بمرن.﴾المنافقون:١٠.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، لەو بژێوە کە پێمداون، بەخت بکەت، پێش ئەوەی ڕۆژەکە دابێ، ئەو ڕۆژەی نە سەوداکردن دەمێنێ و، نە تکا و، نە دۆستایەتی.﴾البقرة:٢٥٤.

﴿قُلْ لِعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا يُقِيمُوا الصَّلاَةَ وَيُنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً: تۆ بە عەبدە باوەڕدارەکانم بڵێ: نوێژ بکەن و، لەو بژێوەی بەشمان داون، بە نهێنی و ئاشکرا، ببەخشن.﴾ابراهيم:٣١.

﴿الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ: ئەوانەی باوەڕیان بە نادیار(غیب) هەیە و، نوێژ دەکەن و، لەوەی پێمان بەخشیون، بەخت دەکەن.﴾البقرة:٣.

جا ئەگەر سامان ئی خوا بێت و، بە ئەمانەت لە لای ئەو کەسانە دانرابێت کە خوا پێی داون، ئەوە مرۆڤ بۆی نییە لە جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا لە مەڕ ئەو سامانە خۆی بگنخێنێ،[1] ئەگەر فەرمانیان پێ کرا لەو سامانە بەشی چەند کەسێك بدەن، پێویستە لە سەریان دەستبەجێ بیدەن، چونکە لە سامانی خوایان دەدەنێ : ﴿وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ: لەوسامانەی خوا پێی داون، بیاندەنێ.﴾النور:٣٣.

جا هەر کەسێك سامانێکی لە بەر دەستدایە- هەموو سامانێکیش هەر ئی خوایە- لە سەریەتی فەرمانی خوای تێدا بە جێ بێنێ، جا سامانەکە بەردەستی کەم بێت، یان زۆر : ﴿وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ مَا آتَاهَا: کێش بژێوی کەم پێگەیوە، با لەوەندەی خوا پێی داوە، بەخت بکات، خوا هەر ئەوەندە ئەرکە لەسەر مرۆڤ دادەنێ، کە پێی داوە.﴾الطلاق:٧.

نابێ کەسیش وا بزانێ ئەو سامانەی خوا کە لەبەر دەستیدایە، رۆزییەکە خوا هەر داویەتە وی و، بۆی نییە خەڵکی لێ بێ بەش کات و، ڕژدیی و سەقیلیی لەگەڵ خەڵکی موستەهەق بنوێنێ، چونکە خوا بۆیە رۆزیی دەداتە خەڵکی و لە سامانی خۆی دەیانداتێ، تا لە جوغزی فەرمانی خوادا ڕەفتاری لەگەڵ بکەن و، کاتێك خوا رۆزیی هەندێك کەسی لە هەندێکی دیکە زیاتر داوە، نابێ حاوەنی رۆزیی زۆرەکە پێی وا بێ ئەگەر لێی ببەخشێ و بیدات خەڵکی دی، ئەوە لە رزقی خۆی بەخشیوە و داوە، دەبێ بزانێ لە سامانی خوای بەخشیوە و، هیچ شتێکی خۆی نابەخشێت، بەڵکوو ئەو تەنها نێوەندێکە لە سامانی خوای داوەتە خەڵکی، هەر وەکوو چۆن هەر لەو سامانەی بۆ خۆشی هەڵگرتووە : ﴿وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ

---

[1] گنخ: دواخستن، نەحولاّن، تەمبەڵی کردن، خاوەخاوکردن.

عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ: خودا ڕۆزیی هێندێکتانی لە هێندێکان پتر داوە، ئەوی پتریان پێدراوە، بەشی ژێردەستانی خۆیان نادەنەوە، کە لەوەشدا وەکو یەکن، ئایا ئەوانە حاشا لە بەهرەی خوا دەکەن؟!﴾النحل: ٧١.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەندێك دەقی قورئان، سامانیان داوەتە پاڵ مرۆڤ، وەکوو خوا دەفەرموێ : ﴿وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ: لەخواردنی ماڵی یەکتر بە ناڕەوا، دوورکەونەوە.﴾البقرة:١٨٨.

هەروا: ﴿وَآتُوا الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ: هەتیوان، ماڵی خۆیان وێ دەنەوە﴾النساء:٢. **و، ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ: ئێوە لە گیانتان و لە داراییتان، وەبەر تاقیکاریی دەکەون.**﴾ال عمران:١٨٦، **و، ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً: لەدارایییەکی هەیانە، سەدەقەیان لێ وەرگرە.**﴾التوبة:١٠٣، **و ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ: بێگومانم خوا سەر و ماڵی لە بڕواداران کڕیوە، کە بەهەشتیان بداتێ.**﴾التوبة : ١١١. **و، ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ: لە ماڵ و سامانیشیاندا بەشێك بۆ سواڵکەر و بێبەشان هەیە.**﴾الذاریات:١٨.

جا لێرەدا کە سامان دراوەتە پاڵ مرۆڤ–لە هەندێك دەقی دیکەشدا– مانای ئەوە نییە مرۆڤ بۆتە خاوەنی سامان، بەڵکوو ئەوە دەگەیێنێ مرۆڤ بۆتە خاوەنی مافی سوود لێ وەرگرتنی، چونکە–هەر وەکوو لە پێشدا گوتمان– سامان سامانی خوایە و، هەر ئەو زاتە خاوەنی هەموو شتێکە و، هەر بۆیە بۆ مرۆڤ بەردەستی کردووە تا لێی بەهرەمەند بن، ئەگەر درایە پاڵیشیان، تەنها مەبەست ئەوەیە مافی سوود لێ وەرگرتنی هەیە، واش باوە کە بچوکترین هۆ(سبب) بۆ درانە پاڵ بەسە، ئەوەتا قورئان سامانی بێ عەقڵانی داوەتە پاڵ سەرپەرشتیارەکانیان، نەك لە بەر ئەوەی خاوەن ماڵەکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بە هۆی مافی سەرپەرشتیارییەوە مافی دەست تێوەردانی سامانەکەیان هەیە، جا

خوا دەفەرموێ : ﴿وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا: ماڵی خۆتان، کە خوا کردوویەتە مایەی گوزەرانتان، مەدەنە دەست خەڵکی بێ عەقڵ، بەڵام جلك و بژێویان لەماڵی خۆتان بۆ دابین کەن و، بەڕووی خۆشەوە بیاندوێنن.﴾النساء :٥. لێرەدا سامانی خوا بۆیە دراوەتە پاڵ مرۆڤ چونکە بە هۆی هەبوونی ماف سوود لێ وەرگرتنی وەکوو ئەوەیە کە سامانی بێ عەقڵانی دەدرێتە پاڵ سەرپەرشتیارانیان، لەبەر ئەوەی مافی دەست تێوەردانی ئەو سامانەیان هەیە.

کەواتە : ناکرێ دەقەکان، ئەگەر دەقی تری پێچەوانەیان هەبن بە گوێرەی ڕوخساریان لێك بدرێنەوە قاعیدەش وایە دەقەکانی قوڕئان بە تەنیا و جیا جیا وازیان لێ ناهێنرێت، بەڵکوو بە خڕ یی وەردەگیرێن و بە خڕیش تەفسیر دەکرێن، ئەو تەفسیرە ڕاستەش کە نەسازیی(تناقض) لا دەبات، بە شێوەیەکی مەجازیی، سامان دەداتە پاڵ مرۆڤ و، هەر بۆیە داویەە پاڵی، چونکە لە بەردەستیاندایە و، لەو جوغزەدا کە خوا دیاریی کردووە، مافی ئەوەیان هەیە سوودی لێ وەربگرن.

پوختەی ئەو قسانە ئەوەیە کە ئەو سامانەی لە دەستی مرۆڤدایە، بە هەموو شێوە و جۆر و بڕە جۆرا و جۆرەکانیەوە و، هەر سامانێکی دیکەش کە لێی دەکەوێتەوە، هەمووی هەر سامانی خوایە، نەك ئی وان و، ملکی خوایە نەك ئی وان، کە خوا لە سەری کردوونە جێنشین و خستویەتە بەردەستیان و، لەو سامانە تەنها مافی سوود لێوەرگرتن و ئەو شتانەیان هەیە لەو مافە دەکەونەوە، وەکوو بە کارهێنان و دەست تێوەردان.

مرۆڤ تاچ ڕادەیەک بۆی هەیە سوود لە سامانی خوا وەرگرێت؟

مرۆڤ بۆی هەیە سوود لەو سامانەی خوا، کە لەبەر دەستیدایە، وەرگرێت، ئەوەش تاکە مافە کە بەسەر ئەو سامانەوە هەیەتی، سوود وەرگرتن لە سامانیش، ڕەنگە بە بەکارهێنان و وەبەرهێنانی بێت، وەکو لە زەویی کشتوکاڵ و کانگەی کانزا و کانەبەرد و، لەوانەشە بە سەرف کردنی سامان بێت، وەکو لە خواردن و خواردنەوە و بەروبوومدا، یان دەست تێوەردانی سامان بە شێوەیەکی ڕەوا، وەکو فرۆشتن و وەسیەت و بەخشین.

جا مرۆڤ بۆی هەیە لە هەموو ئەو بوارانەدا سوود لە سامان وەرگرێت و، ناکرێ بە هۆی مافی سوود لێ وەرگرتنی سامانەوە، لە مافی بەکارهێنان و سەرف کردنی هەندێکی بێ بەش بکرێن، چونکە مافی سوود لێ وەرگرتنیان هەیە، جا ئەگەر سوود لێ وەرگرتنەکە بە بەکارهێنان نەبێ، نەکرێت، ئەوە بەکارهێنانەکە بۆ خۆی سوود لێ وەرگرتنە..

هەڵبەت خوای گەورەش ڕێی بە مرۆڤ داوە ئەوەندە لە سامانەکەی بەکار بێنێ کە مایەی سوود لێ وەرگرتنە، ئەوەتا ڕێی داوە خواردن و خواردنەوە و بەروبووم و جلك و نێو ماڵ بەکاربێنێ، هەروا ڕێی داوە هەموو شتێکی چاك و بەکەڵك و، هەرشتێك بارودۆخی ژیانی پێداویستی بەکارهێنانی بێت، بەکار بێنێ، دەقەکانیش لەو بارەوە ڕاشکاو(صریح)ن، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿كُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلاَلاً طَيِّبًا﴾المائدة:٨٨، ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا مِنْ رِزْقِ اللَّهِ: **بخۆن و بخۆنه‌وه‌ له‌ بژێوی خوا**﴾البقرة:٦٠.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ: **ئه‌ی ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیتان هێناوه‌، له‌و ڕۆزیی‌یه‌ چاكه‌ی پێمان به‌خشیون، بخۆن**﴾البقرة:١٧٢، ﴿كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ: **له‌ به‌ره‌كه‌ی بخۆن ئه‌گه‌ر به‌ری دا..**﴾الانعام:١٤١، و ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلُودِ الأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ(٨٠)وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِمَّا خَلَقَ ظِلاَلاً وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ: **خودا خانووی بۆ دروست كردوون تێیاندا بحه‌سێنه‌وه‌، ئه‌نواشی له‌ پێستی وڵسات بۆ سازداون كه‌ له‌ ڕۆژی كۆچ كردن و له‌كاتی مانه‌وه‌شتاندا، بۆتان سووك بێت، له‌ خوریه‌ و به‌رگن و موویان، كه‌ل و په‌لی پێویستی ماڵ و كالاّ هه‌یه‌ له‌ ماوه‌ی گوزه‌رانتاندا. خوا له‌وه‌ی وه‌دیهێناوه‌، سێبه‌ری به‌هره‌گه‌لی خۆی بۆ ئێوه‌ ته‌واو ده‌كات، به‌ڵكو گوێ به‌ فه‌رمانی بن.**﴾النحل:٨٠-٨١، و ﴿وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ: **هه‌رچی لێتان خواستوه‌، پێی ڕه‌وا دیون.**﴾ابراهيم:٣٤، و ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ: **بێژه‌: كێ‌یه‌ جلكی جوان و خشڵ و بژێوی پاكژی، كه‌ خوا به‌ عه‌بده‌كانی خۆی ڕه‌وا دیوه‌، لای وایه‌ كه‌ ناڕه‌وایه‌؟!**﴾الاعراف:٣٢.

مافی سوود وه‌رگرتن له‌ سامانیش له‌ لایه‌ن مرۆڤه‌وه‌، مافێكی ڕه‌ها نییه‌، به‌ڵكو به‌ چه‌ند شتێكه‌وه‌ به‌نده‌، بۆیان نییه‌ به‌ كه‌یفی خۆیان سوود له‌و سامانه‌ وه‌رگرن، به‌ڵكو بۆیان هه‌یه‌ ته‌نها به‌ گوێره‌ی پێویستی خۆیان سوودی لێ وه‌رگرن و، ئه‌وه‌نده‌ی پێویستیی و نیازمه‌ندییان ناهێڵێ، به‌ كاری بێنن، به‌ مه‌رجێك ئه‌وه‌ هه‌مووی له‌ سنووری میانڕه‌ویدا بێت و، نه‌كه‌وێته‌ نێو جوغزی

دەستبلاویی و سەقیلیی و، بۆیان نییە لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و کاروباری ژیانیاندا، زیادەڕۆیی بکەن و، بۆیان نییە سەقیلیی (ڕژدیی) لەگەڵ خۆیان بکەن و، دەبێ لەو نێوانەدا میانڕەوبن و ئەو سنوورە نەبەزێنن، چونکە خوا دەستبلاویی و دەست کردنەوەی بێ سنووری لەمەڕ ماڵ و سامان لێ حەرام کردوون، هەروەکو چۆن سەقیلیی و دەست قووچاندن لەگەڵ خۆی لەمەڕ ئەو شتەی پێویستی پێیەتی، حەرامی کردووە : ﴿كُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ تُسْرِفُوا: بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام زێدەڕۆیی مەکەن﴾الاعراف:٣١، ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَلاَ تَطْغَوْا فِيهِ: لەو ڕۆزییە چاکانەی پێمان بەخشیون، بخۆن و، تێی مەپەڕێنن﴾طه:٨١. ﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا: (بەندە چاکەکانی خوا) ئەوانەشن کە لەکاتی ماڵ بەخشیندا، نە دەستبلاویی دەکەن و نە دەست قووچاویی و، لەو نێوانەدا دەمێننەوە.﴾الفرقان:٦٧، ﴿وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ: دەستەکانت دە گەردەنت وەرمەهێنە و، تەواویش ئاوەڵەیان مەکەوە.﴾الاسراء:٢٩.

جا ئەگەر تاك بۆی هەبێ بەقەدەر پێویستیی لە سامانی خوا هەڵگرێ، بۆشی هەیە بەقەدەر پێویستیی ئەو کەس و کارەشی کە دەبێ بیانژیەنێ، وەکو ژن و منداڵ و دایك و باوك، هەڵگرێت، هەروا بۆی هەیە هەندێك لە سامانی خوا هەڵگرێت تا بۆ پاراستنی سامانەکەی دیکە و خستنەکارو وەبەر هێنانی، بەکاری بێنێ، دەبێ هەموو ئەو کارەش لە نێو جوغزی میانڕەویی و، بێ دەستبلاویی و سەقیلیی ئەنجام بدات.

ڕاستیی «سامان ئی خوایە» چی لێ دەكەوێتەوە؟

ڕاستیی ((سامان ئی خوایە))، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەكەونەوە :

١/ هیچ كەس- جا هەر كێ بێت- بۆی نییە بە یەكجاریی ببێتە خاوەنی سامان و، كەس بۆی نیە بێجگە لە سوود لێ وەرگرتن، مافێكی دیكەی بەسەر سامانەوە هەبێت، چونكە:

مافەكانی خوای گەورە لەباوەڕەوە نەگۆڕن و، هیچ مرۆڤێك-فەرمان ڕەوا بێت یان مسكێن، تاك بێت یان كۆمەڵ-بۆی نییە نە دەستیان تێ وەردات، نە چاو پۆشیان لێ بكات.

٢/ كۆمەڵ بۆی هەیە بەهۆی كاربەدەستان وئەهلی ڕاوێژەوە، كەنوێنەری ئەون، چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەسامان ڕێك بخات، چونكە سامان هەرچەندە ئی خوایە، بەڵام بۆ سوودی كۆمەڵی داناوە، لەئیسلام دا وا باوە كە هەر مافێك ئی خوا بێت، ئەوە بۆ سوودی كۆمەڵەو، كۆمەڵ نەك تاكەكان، بەسەری ڕادەگەن.

٣/ ئەگەر بەرژەوەندی گشتی بخوازێت، كۆمەڵ بۆی هەیە بەهۆی نوێنەرەكانیەوە لەكاربەدەستان وئەهلی ڕاوێژ، سامان لەكەسێ بستێنێ بەمەرجێك بەشێوەیەكی لەبار سامانەكەی بۆ بژێرێ، چونكە ئیسلام ڕێ بە داگیركردن نادات و، نابێ سامان لەكەس بسێنرێت، بەخۆشی خۆی نەبێت، هەروەهاش لێ ستاندنی ناڕەواش دروست نیە، وەكو خوای گەورە دەفرموێت﴿وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ: لە خواردنی ماڵی یەكتر بەناڕەوا

دورکەونەوە.﴾البقرة :١٨٨ و، پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێ : ((كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَعِرْضُهُ وَمَالُهُ: هەموو شتێکی مسوڵمان لە مسوڵمان حەرامە، سەر و نامووس و ماڵی.))، دەشفەرموێ: ((إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ: بێگومان سەر و ماڵتان لێك حەرامە)).

٤/ ئیسلام هەرچەندە ڕێی خاوەنایەتی بێ سنووری داناوە، بەڵام ڕێشی داوە کۆمەڵ-کە مافەکانی خوا دەپارێزێ وچۆنیەتی سوود لێ وەرگرتنیان ڕێك دەخات بەهۆی نوێنەرەکانیەوەئەگەر بەرژەوەندی گشتی بخوازێت خاوەنایەتی کەسێك بەسەر سامانێکی تایبەتییەوە کەم کاتەوە، وەکو کەم کردنەوە خاوەنایەتی زەوی کشتوکاڵ بەئەندازەیەکی دیاری کراو، یان خاوەنایەتی زەوی بیناسازی.

مافی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لەسامانی خوا چی لێ دەکەوێتەوە؟

مافی سوود وەرگرتن لەسامانی خوا و،هەبوونی ئەم مافەش، ئەم ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە :

١/ هەرچەندە کۆمەڵ پارێزەری مافی خوایە، کە خاوەنیەتی سامانە، بەڵام بۆی نیە دەست لەخاوەنایەتی تایبەتی سوود لێ وەرگرتنی خەڵك وەردات، مەگەر لە ڕووی ڕێکخستنی مافی سوود لێ وەرگرتن و، بۆی نیە خاوەنایەتی سوود لێ وەرگرتن- کەخوا بۆ خەڵکی داناوە- حەرام کات.

٢/ بێ گوومان خاوەنایەتی سوود لێ وەرگرتن، هەروەکو چۆن بەکەسێکەوە بەندە، بەگواستنەوەی ئاڵوگۆڕیشەوە بەندە، خاوەنی مافی سوود لێ وەرگرتن،

دەتوانێ بەفرۆشتنی بارمتەو وەسیەت و لەدەست تێوەردانی دیکەی ڕەوا، بیداتە خەڵکی دیکە، هەروا لەدوای مردنی خاوەنەکەی، دەبێتە ئی پاشماوەکانی کە میراتی دەگرن.

٣/ خاوەنایەتی سوود لێ وەرگرتن، لەبنەڕتدا بۆ تاکەکان هەمیشەییە، واتە : بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە وە بەند نیە، دروستە شتێك لەبەردەسی کەسێ دابێت و، سوودی لێ وەربگرێت تا دەمرێت و ئنجا منداڵ و نەوەکانی بەمیرات بیگرن تامردن، وەکو لەمەسەلەی وەقف دا.

٤/ بێ گومان خاوەنایەتی سوود لێ وەرگرتن، بۆ ئەوەیە تاك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەر بگرێت و، کۆمەڵیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوودی لێ وەربگرێت، جا ئەگەر بابای سوود وەرگر سامانەکەی ڕاگرت و سوودی لێ وەرنەگرت، ئەوە کۆمەڵیش سوودی لێ وەرناگرێت، لێرەدا کۆمەڵ بۆی هەیە لێی بستێنێ، بەمەرجێ بەگوێرەی نرخەکەی بۆی ببژێرێت

مافی خەڵکی لەسامانی خوادا

جا ئەگەر هەموو کەس لەو سنورانەدا کەباسمان کردن، مافی سوود وەرگرتنی لەسامانی خوا هەبێت، ئەوە خەڵکی دیش چەند مافێکیان هەن، کەخوا لەو ماڵە فەرزی کردوون، لەسەر ئەو کەسانەی سامانەکەیان لەدەستدایە، پێویستی کردوە وەکو جێ نشینی سەر ماڵی خوا ڕەفتار بکەن، ئەو مافانەش ئەمانەن :

١/ زەکات :

ئەویش فەرزێکە لەسامانی خوا دا و، هەرکەسێکی بەشێی لەسامانی خوای لەدەست دابێت، لەسەری پێویستە لەو سامانەی دەرکات، هەرکاتێك گەیشتە

بڕێکی دیاری کراو، دەیداتە دەوڵەت تا بەگوێرەی دەقەکانی قورئان بیداتە ئەو کەسانەی پێویستیان پێ یەتی.

زەکاتیش لەپایەکانی ئیسلامە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ((بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَإِقَامِ الصَّلاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ وَحَجِّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيهِ سَبِيلاً: ئیسلام لەسەر پێنج پایان بنیات نراوە: شایەتی دان کە بێجگە لەخوا چ پەرستراوێکی دیکە نین و، موحەممەد بەندە و نێرراوی خوایە و، نوێژکردن و زەکات دان و، ڕۆژووی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوا بۆ کەسێك کە بۆی مەیسەر بێت.)).

زۆربەی دەقەکانیش، وێکڕا باسی نوێژو زەکات دەکەن، وەکو خوا دەفەرموێ ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ: نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن﴾البقرة:٨٣ هەروا دەفەرموێ ﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ: جا ئەگەر تۆبەیان کرد و، زەکاتیان دا، ڕێیان بەردەن.﴾التوبة:٥، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ :((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ: فەرمانم پێکراوە شەڕ لەگەڵ خەڵك بکەم تا ئەو کاتەی شایەتی دەدەن کە بێجگە لەخوا چ پەرستراوی دیکە نین و، موحەممەد ڕاسپێرراوی خوایە و، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، جا ئەگەر وایان کرد، ئەوە سەر و ماڵی خۆیان لەمن پارازتووە و حیسابیشیان عایدی خوایە.)).

زەکات لە سامان دا فەرزە، لەبەر ئەوە لەسەر پیاو وئافرەت و گەورەو بچوك پێویستە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا: لە داراییەکی هەیانە، سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاك و خاوێنیان کەیەوە﴾التوبة:١٠٣. بڕەکەشی بەپێی جیاوازی سامانەکە دەگۆڕێت، جاری وا هەیە دەگاتە دە یەکی سامانەکە، وەکو لەدەغڵ ودانذا، جاری واشە

دەگاتە (٢/٥)ی سامانەکە وەکو لە خشلْ (زێڕ وزیو)وە پارەدا، هەندێك جاریش لەوە کەمتر، وەکو لەزەکاتی ئاژەلْدا. هەر سامانێکش سالْی بەسەر دا بسوڕێتەوە، زەکاتی لیْ دەکەویْ، وەتە سالْێکی تەواو لەبەر دەستی ئەو کەسە دا بێت کە لەسەری جیْ نشینە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرمیْ : ((لا زَكَاةَ عَلَى الْمالِ حَتَّى يَحُولَ عليْهِ الْحَوْلُ: هیچ سامانێك، تا سالْی بەسەردا نەسوڕێتەوە، زەکاتی لیْ ناکەویْ.)).

٢/ بەخشین :

سامان بەخشینیش لە ئیسلامدا، بە خەسلەتێك لەو خەسلْتانە دادەنرێت کە بە نیشانەی ئیسلامەتی و ئیمانداری گوێڕایەلْی خواو، ئەنجامدانی فەرمانەکانی لەقەلْەم دەدرێت و،کاتێك خوا باسی پارێزگاران دەکات، دەفەرمویْ ﴿الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ: ئەوانەی کە نوێژ دەکەن و لەوەی پێمان داون، دەبەخشن﴾البقرة:٣. و، باوەڕ کردن بە نادیار(غیب) ونوێژ کردن و سامان بەخشینی، وەکو یەك حیساب کردوون و، هەمووی بەنیشانەی تەقوا داناون.

خواش وا باسی باوەڕداران دەکات کە ئەو کەسانەن لەخوا دەترسن و، ئەگەر ناوی برا دلْیان ڕادەچلەکێت و،ئایەتەکانی خوا یان بۆ بخوێنرێتەوە، باوەڕیان زیاد دەکات و، ئیش دەکەن و ئەوەندەی لەدەستیان دیْ، بەچاکی ئیشەکەیان دەکەن و، دوای ئەوە پشت بەپەروەردگاریان دەبەستن و، ئەو کەسانەن کە نوێژ دەکەن وە لەو سامانەی خوا پێی داون، دەیبەخشنەوە.

خوا جەختی بۆ کردووین کە ئەو خەسلەتانە، خەسلەتی باوەڕداری ڕاستەقینەن، کەواتە : بەخشین خەسلەتێکە لە خەسلەتەکانی باوەڕدار و، نیشانەی باوەڕی ڕاستەقینەیە ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ(٢)الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا

رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ(٣)أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا: بڕواداران هەر ئەوانەن کە هەر کاتێك ناوی خوا هێنرا، دڵیان ڕادەچڵەکێ و، ئەگەر ئایەتەکانی خوێنرانەوە، ئیمانیان زیاد دەکا و، پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن. ئەوانەن کە نوێژ دەکەن و لەوەی پێمان داون، دەبەخشن، ئەوانە بڕواداری ڕاستن.﴾الانفال:٢-٤.

بەڵکو بەخشین لەئیسلامدا، بەبنەڕەتێك لەبنەڕەتەکانی خێرو چاکە دادەنرێت چاکە بەبێ بەخشین تەواو نابێت، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ: کاری چاك ئەوە نیە ڕوو دە ڕۆژهەڵاتێ، یان ڕۆژئاوا بکەن، چاکە ئەوەیە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خوا هەبێ و، لەو سامانەی کە زۆریشتان خۆشدەوێ، بەشێك بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران و، کۆیلانی پێ بکڕنەوە و، نوێژ بکەن و زەکات بدەن و، هەرکاتێکیش پەیمانێك دەبەستن، نەیشکێنن و، لە نەداریی و گرفتاریی وە تەنگانەدا خۆڕاگر بن، ئەوانەن کە ڕاست دەکەن و، هەر ئەوانەشن پارێزکارانی لەخواترس.﴾البقرة:١٧٧.

لەدەقی ئایەتەکانەوە ئەم شتانەمان بۆ دەردەکەون :

یەکەم : باوەڕهێنان بەخوا وبەفریشتەکانی وبەکتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی وڕۆژی دوایی، بەبنەڕەتێك لەبنەڕەتەکانی خێروچاکە داناوەو، ئەو کردەوە چاکانەش کە لەباوەڕ دەکەونەوە وئەنجامی ئەوەن، بەدووەم بنەڕەتی خێر و چاکەی داناوە–جا خێر و چاکە ئەوەیە کە ئیسلام ئامانجیەتی و، ئەو بنەڕەتانەی لە سەریشیان بنیات دەنرێن، باوەڕی یەتی و ئەنجام دانی ئەو

کارانەیە، ئەو باوەڕە دەخوازێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: با لەئێوە کۆمەڵێك پێك بێت بانگەواز بکەن بۆ کاری چاك و، فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێ لە خراپە بگرن و، هەر ئەوانەن سەرکەوتوو.﴾آل عمران:١٠٤

جا ئامانج بانگەوازکردنە بۆ چاکە و، دەستەواژەی (وسيلة)ش فەرمان کردن بە چاکە و ڕێ`گرتن لە خراپەیە، هەموو ئیسلامیش دەکەوێتە ناو جوغزی ئەو دوو کارەوە. وەکوو خوا دەفەرموێ : ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ: بۆ هەر کۆمەڵێك لە ئێوە، ڕێ و شوێنێکمان داناوە، ئەگەر خوا مەیلی لێبا، هەمووی دەکردنە یەك نەتەوە، بەڵام ویستی خوا وابوو لەو شتانەی کە پێی داون بە تاقیتان بکاتەوە، دەسا ئێوەش لەکاری چاك پێشبڕکێ لەگەڵ یەکدی بکەن، هەمووتان دەگەڕێنەوە لای خوا و، ئەو کاتە ئاگادارتان دەکا لەسەرچی کێشەو لە نێودا پەیدا بووبوو.﴾المائدة:٤٨ چونکە ئامانجی ئاینەکان تەنها چاکەیە و، ئاینەکان خەڵك تەنها بۆ دەست پێشخەری لە کاری چاك بانگ دەکەن و، دەستەواژەیان بۆ ئەو کارە، باوەڕ بە خوا و ئیش کردنە بە گویرەی فەرمانی خوا.

دووەم: بەخشینی لەسەر ڕووی ئەو کارە چاکانە داناوە خێر و چاکە وەدیدێنن و. مەبەست لە ئامانجی ئیسلامن، هەروا دەقەکە بەخشینی خستۆتە پشت نوێژ و زەکاتەوە، ئەویش بەڵگەیەکی تەواوە بۆ گەورەیی بەخشین لە ئیسلامدا و، نیشانەی ئەوەشە ئەو موسوڵمانەی نەبەخشێت، ئیسلامەتیەکەی تەواو نیە.

هەڵبەت خوای گەورەش بۆی ڕوون کردووینـەوە، کە تا لەو سامانەی کە لامان هەرە خۆشـەویسـت و بەڕێزە، نەبەخشین، ناگەینە ئەو ئامانجەی ئیسـلام هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، کە خێر و چاکەیە، ئەوەتا دەفەرموێ :

﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ: تا لەو شتەی کە ئێوە خۆشتان گەرەکە، نەبەخشن لەڕێی خوادا، هەرگیز هیچ خێرو پێناگات.﴾آل عمران:٩٢ و، هەرکەسێکیش لەو شتەی خۆشی دەوێ، ببەخشێت، شتی دیکەی پێ ئاسانە.

لەوەی ڕابرد بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی ئیسلام چاکەیە و، دەستەواژەکانیشی بۆ چاکە، باوەڕ و کردەوەی چاکە و، نەبەخشین دەبێتە هۆی نەگەیشتن بە ئامانجی ئیسلام، کە چاکەیە، جا ئەگەر بەخشین دەستەواژەیەك بێت لە دەستەواژەکانی ئیسلام بۆ چاکە و، ئەنجامێك بێت لە ئەنجامەکانی باوەڕ بە خوا، ئەوە ئەو مسوڵمانەی نابەخشێت، شاهیدیی سەرپێچی کردنی فەرمانی خوا لە سەر خۆی دەدات و، ڕێ لە ئیسلام دەگرێت و، بەڕاستی باوەڕی بە خوا نییە.

جۆرەکانی بەخشین :

بەخشینیش دوو جۆرە : بەخشینی فەڕز و بەخشینی بە خوایشت (تطوع).

بەخشینی فەڕزیش دوو جۆرە : بەخشین لە پێناوی خوادا و، بەخشین بەو کەسانەی پێویستیان پێ یەتی.

بەخشینی فەڕز ئەوەیە کە هەر دەبێ ئەنجام بدرێت و، دەوڵەت بۆی نییە بۆ پێداویستیی خۆی خەرجی کات، جا ئەوەی ماڵەکەی لەبەردەست دایە ڕازی بێت یان نا، بەڵام بەخشینی بە خوایشت ئەوەیە کە کابرا بە خۆشی خۆی ئەنجامی بدات، بێ ئەوەی کەس تۆبزیی لێی بکات.

بەخشین لە پێناوی خوادا :

بەخشین لە پێناوی خوادا فەڕزە و، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بۆ بەرزکردنەوەی دینی خوا و، بەرگری لێ کردنی و بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە نێو خەڵکدا و، بەرپاکردنی حوکمەکانی، دەبەخشرێن.. جا هەر کەسێك سامانی

خوای لەبەر دەست دا بێت، لەسەریەتی لەو ڕێ یەدا لێی ببەخشێت و، دەوڵەتی ئیسلامی مافی ئەوەی هەیە بەشی بەرزکردنەوەی دینی خوا، لەو ماڵ و سامانەی لە دەستی خەڵکیدایە، وەربگرێت، ئەوەش سەرف کردنی سامان بۆ خۆئامادەکردن لە دژی دوژمن، یان دەرکردنی، یان بەرزکردنەوەی ئاستی موسوڵمانان بە گشتیی، لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی یەوە، دەگرێتەوە، هەروا بڵاوکردنەوەی ئیسلام و، بەرپاکردنی حوکمەکانی لە نێو خەڵکیدا، ئەوە هەمووی بەخشینە لە پێناوی خوادا، چونکە ئیش کردن لە پێناوی خوادا، گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی خوا لە جیهادکردن و حوکمڕانی و یەکسانی و دادپەروەریی و شتی دیی دەگرێتەوە.

بەخشینیش لە پێناوی خوادا جیهادە، چونکە جیهاد وەکو چۆن بە گیان دەکرێ، بە ماڵیش و بە هەردووکیشیان پێکەوە دەکرێت و، خوا فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە تێکڕا بە پیر و جوان و هەژار و دەوڵەمەندەوە ڕاپەڕن و، بە سەر و ماڵیان لە پێناوی خوادا جیهاد بکەن، وەکو دەفەرموێ: ﴿انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ: سووکبار بن، یان گرانبار بن، بۆ غەزایە ڕێ دابگرن و، لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغی مەکەن، گەر بزانن هەر بەقازانجی خۆتانە.﴾التوبة:٤١... هەروا خوا جیهادکردن بە سەر و ماڵی، بە نیشانەی ئیمانی مرۆڤ و، بەڵگەی ڕاستیی ئەو ئیمانە داناوە: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ: خاوەن باوەڕ ئەو کەسانەن کە بڕوایان بە خوا و پێغەمبەری هەیە و، تووشی دوودڵیی نەبوون و، بە گیان و ماڵ لەڕێی خوادا تێکۆشاون و، هەر ئەمانە بەڕاستیانە.﴾الحجرات:١٥.

دیارە خوا سەر و ماڵی بە بەهەشت لە بڕوا داران کڕیوە : ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ: خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە

و لەباتیان دەیانخاتە بەهەشتەوە.﴾التوبة:١١١. و، ئەو سەودایەشی بە بازرگانی یەکی بە قازانجی ڕزگارکەر داناوە : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(١٠)تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، دەتانەوێ مامڵەیەکتان پێ بێژم کە لە ئازارێکی بەژان ڕزگاروکا؟ بڕوا بەخوا و بە پێغەمبەری ئەو بێنن و، بە دارایی و گیانی خۆتان، لەڕای خودا تێبکۆشن.﴾الصف:١٠-١١. وە سامان نەبەخشین لە پێناوی خوادا، بە خۆ بە هیلاك دان داناوە : ﴿وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ: ماڵی خۆتان لەڕاهی خودا ببەخشن، خۆشتان بە فەتەرات مەدەن بەدەستی خۆ..﴾البقرة:١٩٥، جا ئەگەر مسوڵمانان لە پێناوی خوادا، بۆ پشتگیری لە دینەکەی و بەرزکردنەوەی، هەرچی هێز و سامانی لە دەستیان دێ، نەیانبەخشێ، ئەوە خۆیان بە هیلاك داوە و، دوژمنیان بە سەر خۆیاندازاڵ کردووە، لە ئەبوو ئەیووبی ئەنصاڕی یەوە دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی: بێ گومان ئەو ئایەتە لەسەر ئێمەی کۆمەڵی پشتیوانان(انصار) هاتۆتە خوارێ، کاتێك خوا دەستەڵاتی دا بە ئیسلام و پشتیوانانی زۆر بوون، بە دزیی بە یەکدیمان دەگوت : بەڕاستی ماڵ و سامانەکەمان بە فیڕۆ چوو، ئەوەتا خوا ئیسلامی سەرخست، واچاکە ئەوجار دەست بەماڵەکەمانەوە بگرین و ئەوەی لە دەست چووە، تێی هەڵێنینەوە، جا ئەو ئایەتە بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو قسەیەی ئێمە هاتە خوارێ و، مەبەست لە خۆ بە هیلاك دان لێرەدا، دەست بە سامانەوە گرتن و زیاد و پەروەردەکردن و نەبەخشینیەتی لە پێناوی خوادا.

جا ڕاستە خوای گەورە ئەو کەسانەی بە سەر و ماڵیان لە پێناوی خوادا جیهاد دەکەن، لەو کەسانەی بە چاکتر داناون کە هەر بە ماڵ جیهاد دەکەن، بەڵام پەیمانی چاکەی بە هەردووکیان داوە : ﴿لاَ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ

وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاً وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى: ئەو بڕوادارانەی هەر لە ماڵی خۆیان دەمێنن، جیا لەوانەی نوقوستانن، دەگەڵ ئەوانەی دەچنە جەنگ لەڕای خودا و، ماڵ و گیانیان لەڕێی ئەودا بەخت دەکەن، وەکو یەك نین، خودا غەزاکارانی بەرانبەر بە خانەنشینان بە پلەیەك سەرخستووە، خودا بەڵێنی بە هەموو لایەك داوە کە چاکەیان دەگەڵ دەکا..﴾النساء:٩٥.

جا هەر کەسێك سامانێکی لەبەر دەستدا بێت، دەبێ لە پێناوی خوادا لێی ببەخشێت و، لە پێناوی بەرزکردنەوەی دینی خوا و پاراستنی ئیسلامدا، جیهادی پێ بکات و، ئەوەی جیهاد بە گیانی لە دەست بچێت، نابێ جیهادی ماڵی لە دەست بچێت، چونکە هەر کەسێك نە بەسەر، نە بە ماڵ، جیهاد نەکات و تواناشی هەبێت، ئەوە لە ڕەحمەتی خوا بێ بەشە و خۆی تووشی ئاگری دۆزەخ دەکات، لەسەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ حەزیان نەدەکرد بە سەر و ماڵیان لە پێناوی خوادا جیهاد بکەن، خواش قەولی ئاگری دۆزەخی پێدان و، نەیهێشت پێغەمبەر ﷺ نوێژ لەسەر مردوانیان بکات، یان بچێتە سەرقەبریان:

﴿فَرِحَ الْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلاَفَ رَسُولِ اللَّهِ وَكَرِهُوا أَنْ يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَالُوا لاَ تَنفِرُوا فِي الْحَرِّ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ(٨١) فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلاً وَلْيَبْكُوا كَثِيرًا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ(٨٢)فَإِنْ رَجَعَكَ اللَّهُ إِلَى طَائِفَةٍ مِنْهُمْ فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُلْ لَنْ تَخْرُجُوا مَعِي أَبَدًا وَلَنْ تُقَاتِلُوا مَعِي عَدُوًّا إِنَّكُمْ رَضِيتُمْ بِالْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَاقْعُدُوا مَعَ الْخَالِفِينَ(٨٣)وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ: ئەوانەی بەوە دڵخۆشن کە لە ماڵی خۆیان مان و، لە هاوڕێ بوون دەگەڵ خوا و پێغەمبەری خۆیان بوارد و، نەیانویست گیان و ماڵیان لەڕاهی خودا بەخت کەن و، دەیانگوت: لەم گەرمایەدا وەدەر مەکەون، بڵێ: ئەگەر تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەهەندەم زۆر گەرمترە. هەرکەسێکیشیان لێ بمرێ، نابێ نوێژی لەسەر بکەی

و، لەسەر گۆڕی ڕامەوەستە، ئەوان حاشایان لە خوا و پێغەمبەر کرد و بەلاڕێیی مردن.﴾التوبة: ٨١-٨٤.

خوای گەورەش بۆ ئەو کەسانەی سامان کۆدەکەنەوەو، لە پێناوی خوا نایبەخشن، ئەشکەنجەیەکی بە ئێشی ئامادە کردووە : ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ: ئەوانەی زێڕ و زیویش کۆدەکەنەوەو، لەڕێی خوادا نایبەخشن، مزگێنی سزایەکی بەئێشیان بدەیە.﴾، ئەوەش ئەو بە هیلاك چوونەیە، خەڵك بە بەخیلی و نەبەخشین لە پێناوی خوادا، خۆیان تێ داوێن.

هەموو مسوڵمانێکیش-مادام هەیبێ لە پێناوی خوادا ببەخشێت- داوای بەخشینی لێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر نەبێت، گلەیی لێ ناکرێت و، هەرئەوەندەی لەسەرە، دەربارەی گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەر و سوود گەیاندن بە کۆمەڵی مسوڵمانان، قسەی خێر بکات و، خوای گەورەش هەر بە قەدەر توانای مرۆڤ ئەرکی دەخاتە سەر و، هیچ مرۆڤێکی چاکەکار _ بە کردەوە یان بە قسە _ بە قەدەر توانای، بە گوناحبار دانانێ : ﴿لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاء وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ وَاللّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ: لەسەر ئەوانەی بێهێز و لەش بەبار و، ئەوانەی هێندە شك نابەن خێرات بکەن، سووچێك نییە، ئەگەر ئەوان بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی، ئامۆژگاریی خەڵك بکەن، هیچ گلەیییەك لەسەر چاکەکاران نییە، خودا لە گوناحان دەبوورێ و دلۆڤانە.﴾التوبة: ٩١.

بەخشین بەوانەی حەوجێ یان پێیەتی:

بەخشین بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا، دەکەوێتە خانەی بەخشین لە پێناوی خوادا، چونکە لە پێناوی خوادا، گوێڕایەڵیی خوا دەگرێتەوە، جا هەر بەخشینێکی لە جوغزی گوێڕایەڵیی

خوادابێت، ئەوە لە پێناوی خوادایە، بەڵام ئێمە بۆیە شوێنێکی تایبەتی و ناونیشانێکی سەربەخۆمان بۆ بەخشین بەوانەی حەوجێیان پێ یە دانا، چونکە خوای گەورەش لە چەند دەقێکی تایبەتیدا باسی کردووە، وەکو دەفەرموێ : ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ: کاری چاك ئەوە نیە ڕوو دە ڕۆژهەڵاتێ، یان ڕۆژئاوا بکەن، چاکە ئەوەیە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خوا هەبێ و، لەو سامانەی کە زۆریشتان خۆشدەوێ، بەشێك بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران و، کۆیلانی پێ بکڕنەوە.﴾البقرة:١٧٧.. هەروا: ﴿فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ: کەوایە تۆ بەشی خزم و هەژار و ڕێبواری ئاتاج، وەلا بنێ و، هەر کەس بەشی خۆی بدەیە.﴾الروم:٣٨ و : ﴿وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ: دەربارەی دایێ و بابتان و خزمان و هەتیوان و هەژاران و هاوسای دیوار بەدیوار و هاوسای دوور و هەواڵی هەمیشەییتان و، ئەوانەی لە ڕێیە ماونەتەوە، ئەوانەی بوونە مڵکتان چاکە بکەن.﴾النساء:٣٦ و : ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ؟ قَالُوا: لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ، وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ: چی ئێوەی دە دۆزەخ کێشا؟ دەڵێن: ئێمە لەڕیزی نوێژگەران نەبووین و، خۆراکیشمان بە هەژاران نەدەبەخشی.﴾المدثر:٤١-٤٤ هەروا : ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا: لەو خۆراکەی کە خۆیان حەزی لێدەکەن، بە هەژار و بە هەتیو و بە بەدیل گیراوی دەبەخشن.﴾الانسان:٨، ﴿قُلْ مَا أَنفَقْتُمْ مِنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ: بێژە: هەرشتێ چاك کە دەیبەخشن بیدەن بە دایێ و بابان و بەرخزمانی نزیکتان و هەتیوان و هەژاران و ئەوانەی لەڕێدا ماون.﴾البقرة:٢١٥.

﴿للفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُمْ بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا: ئەوانە خێریان پێ دەشێ، کە لە خوداپەرستیدا بێدەرەتان ماونەتەوەو هێزی دەرکەوتنیان نیە کە بۆ خۆیان هەوڵێك بدەن، ئەوانەی ئاگایان لێ نین، وا دەزانن هیچ ئاتاج نین، چونکە حەیایان بەخۆیە و، وەکو سواڵکەری دیکە نین بە پارەپاڕ و پێداگریی سواڵ بکەن..﴾البقرة:٢٧٣.

هەروەها: ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ: لە سامانەکەشیاندا بەشێك بۆ سواڵکەر و بێبەشان هەیە.﴾الذاریات:١٩.

بەخشینیش بە هەژاران، فەرزێکە خوا لە ساماندا فەڕزی کردووە و، ئەو بابایەی جێنشینی سەر سامانی خوایە، بۆی نیە قەدەغەی بکات و، حکوومەتان بۆیان هەیە بە قەدەری پێداویستیی هەژاران، سامان لە دەوڵەمەندان بستێنن و، ئەگەر نەیکەن، ئەوە سەرپێچی یان لە فەرمانی خوا کردووە و، نیاز مەندانیان لەو مافانەی خۆیان، کە خوا بۆی فەرز کردوون، بێ بەش کردوون.

نیازمەندان و هەژارانیش مەرج نیە هەر هیچیان نەبێت بۆ ئەوەی موستەهەقی سامان پێ بەخشین بن، بەڵکو مەرج هەر ئەوەیە ئەوەی هەیانە بەشیان نەکات، جا هەرکەسێك داهاتی بەشی نەکات، ئەوە نیازمەند و هەژارە و، حکوومەتی ئیسلامی لە سەریەتی زیادەی سامانی دەوڵەمەندان وەرگرێ و، بیداتە ئەو جۆرە کەسانە.

جا هەروەکو چۆن زەکات پێی دەگوترێ: خێر(صدقه)، بەخشین بە هەژارانیش هەر پێی دەگوترێ (خێر) و، ئەو نیازمەندانەش کە فەڕزە سامانیان بدرێتی، تەقریبەن هەر ئەو کەسانەن لەم ئایەتەدا زەکاتیان بۆ واجب کراوە: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ

وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ: زەکات هەر دەبێ بدرێتە هەژاران و کەمدەستان و ئەو کەسانەی بەسەریڕا دەگەن، بشبەخشرێت بۆ هۆگریی نەیاران و ڕزگارکردنی کۆیلان و قەرزداران لەڕای خودا و لەڕێگابەجێماواندا.. بڕیارێکە لە خوداوە..﴾التوبة:٦٠.. ئەمەش بۆتە هۆی سەر لێ تێکچوونی هەندێك کەس، کە پێیان وایە هەژاران بێجگە لە زەکات، هیچ مافێکیان بە سامانەوە نییە، ئەوەش بێ گومان هەڵەیە، چونکە زەکات تاکە ماف نییە لە ساماندا، بەڵکو یەکەم مافە بۆ هەژاران، جا ئەگەر بەشیان بوو، ئەوە باشە، دەنا دەبێ سامانی دیکەیان بدرێتێ، تا پێداویستیەکانیان دابین دەکات.

باشترین بەڵگەش بۆ ڕاستیی ئەو قسەیە، ئەوەیە کە قورئان لە یەك دەقدا، بەخشین و زەکاتی لێك جیا کردۆتەوە و، هەریەك لەو دووانەی، لەو کارانە داناوە ئیمان دەیانخوازێ و، ئیسلام لە پێناویاندا کار دەکات، ئەوەتا دەفەرموێ : ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ: کاری چاك ئەوە نیە ڕوو دە ڕۆژهەڵاتێ، یان ڕۆژئاوا بکەن، چاکە ئەوەیە باوەڕتان بە خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خوا هەبێ و، لەو سامانەی کە زۆریشتان خۆشدەوێ، بەشێك بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران و، کۆیلانی پێ بکڕنەوە و، نوێژ بکەن و زەکات بدەن.﴾البقرة:١٧٧

ئەو دەقە بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات، کە هەم بەخشین فەڕزە، هەم زەکاتیش.

لێك دابڕینی بەخشین و زەکاتیش بە نوێژ، بەڵگەیە بۆ لێك جیابوونی بەخشین و زەکات و،باسکرانی هەرکام لە بەخشین وزەکات بەجیا لەئایەتێکدا،

ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە هەر یەکەیان لەوەی دیکە جیایە و،هەردووکیان دوو واجبی لێك جیان و، ئەوەی بڵێ :زەکات واجبی بەخشینی هەڵوەشاندوەتەوە، ئەوە قسەی بێ بەڵگە دەکات، چونکە زەکات لەمەککە فەڕز کراوە و، ئەو ئایەتەی باسیشمان کرد مەدینەییە، جا چۆن فەڕزی پێشوو، فەڕزی دوای خۆی پێ هەڵدەوەشێتەوە؟ بەڵکو چۆن دەقێك، بەشێکی، بەشێکی دیکەی هەڵدەوەشێنێتەوە؟

هەڵبەتە ڕێوشوێنی(سنة)ی پێغەمبەریش ﷺ وەکو قورئان بەخشین و زەکاتی بەدوو شتی لێك جیاو، هەردوکیانی بەدوو فەڕزی جیاواز داناوە، لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە، کە پیاوێکی تەمیمی هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی گوت :پێغەمبەری خوا ئەمن سامانێکی زۆرم هەیە وە خاوەن کەس و کارو سامان و داراییێکی زۆرم، پێم بڵێ چی بکەم وچۆن سەرفی بکەم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی (زەکاتی لێ دەرکە، چونکە پاك کەرەوەیەو پاکت دەکاتەوە و، هاتو چۆی خزمان بکەو و، مافی هەژارو دراوسێ وسواڵکەر بدە)).. ئەوتا پێغەمبەر زەکات وسەردانی خزمان ودانی مافی هەژاران و جیرانان وسواڵکەران، کەخوا بێ جگە لەزەکات فەڕزی کردووە، لێکی جیا کردووەتەوە و، فاتیمەی کچی قەیس گێڕاویەتەوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (سامان، بێجگە لەزەکات، مافێکی دیکەشی تێدایە)) ئەوجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ...: چاکە ئەوە نییە ڕوو دە ڕۆژهەلاتێ، یان ڕۆژئاوایە بکەن...﴾.

کەواتە : بەخشین فەرزێکی سەربەخۆیە و لە زەکات جیایە و، خوا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنانەی بە زەکات پڕ نابنەوە، فەڕزی کردووە و، جاری واش هەیە لەوانەیە زەکات پێداویستییی هەژاران دابین بکات، وەکو سەردەمەکانی سەرەتای ئیسلام و، ڕەنگە هەندێك جار لێشیان زیاد بێت، وەکو سەردەمی

عومەری كوڕی عبدالعزیز، كه دەوڵەت كەسی نەدەدیتەوه، زەكاتی بداتێ، جا ئەگەر زەكات پێداویستیی هەژارانی پێ دابین نەكرا، ئەوه بەخشین دەبێته فەرز بۆ گرتنی ئەو كەلێنەی به زەكات ناگیرێ.

بەخشینی له خۆڕا (طوعي) :

ئەم جۆره بەخشینه، له دوای هەردوو جۆرەكەی بەخشینی واجب دێت و، لێرەدا خاوەن سامان به كەیفی خۆیەتی، ببەخشێت یان نەبەخشێت، لەبەرئەوه ناومان ناوه بەخشینی له خۆڕا، پێشی دەگوترێ : خێری له خۆڕا، كه ئەگەر كەسێك بیكات، خێری دەگاتێ و، ئەگەر نەشیكات، گوناحی ناگاتێ.

هەڵبەت ئیسلام خەڵك بۆ بەخشین هان دەدات و، له پێش چاوی خەڵكی خۆشەویست دەكات و چاكترین پاداشتی بۆ بەخشندان داناوه : ﴿مَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ: بەسەرهاتی ئەو كەسانەی ماڵیان لەڕاهی خوادا بەخت دەكەن، وەك بەسەرهاتی دنكێكه حەوت گوڵان دەدات و، هەر گوڵەی سەد دانەی تێدایه، خودا چەند ئەوەنده پاداشت دەدا به هەر كەس كه بیەوێ.﴾البقرة:٢٦١

.. پێشی ڕاگەیاندوون كه ئەو خێرەی به ماڵ بەخشین دەیكەن، سەرئەنجام بۆ خۆیان دەگەڕێتەوه : ﴿وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ: هەرچی بەخێر دەیبەشنەوه، بۆ خۆتانه.﴾البقرة:٢٧٢.

هەروا داوای لێ كـردوون له هەموو كاتێكدا به شـەو و به ڕۆژ و، به نهێنی و ئاشـكرا ببەخشـن و، خێری گەوره و پاداشتی زۆری بۆ دابین كردوون : ﴿الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ: ئەوانەی بەشەو و بەڕۆژ، بەنهێنی و به ئاشكرا، لەڕێگەی

خوا خێر دەکەن، لای خوا پاداشیان هەیە و، نە هیچ ترسێکیان لەسەرەو نە خەم دەخۆن.﴾البقرة:٢٧٤.

ڕێ و شوێنی پێغەمبەریشﷺ لە خەڵك هاندان بۆ سامان بەخشین، ڕێبازی قورئان دەگرێتە بەر، وەکو دەفەرموێ : ((ئەگەر بە دەنکە خورمایەکیش بێت، خێر بکەن، ئاوا گوناحان دەکوژێنێتەوە)) و، ((هەر کەسێك لە ماڵێکی حەڵاڵ– خواش هەر ماڵی حەڵاڵ و پاك قبوول دەکات– ببەخشێت، خوا بە دەستی ڕاست لێی وەردەگرێ و، زیادی دەکات، وەکو چۆن ئێوە خورماکانتان زۆر دەکەن تا بە قەدەر کێوی ئوحودیان لێ دێت)) و، ((هەموو کەس لە بن خێری خۆیدا دەبێت–لە ڕۆژی قیامەتدا– تا خوا هەق و حیساب لەگەل خەڵکی دەکات)).

ڕاددەی بەخشین :

ئیسلام دوو ڕاددەی بۆ بەخشین داناوە: ڕاددەی ئاسایی و، ڕاددەی پێویست، جا بەخشینەکە چ فەرز بیت، چ لە خۆڕا.

ڕاددەی ئاسایی بەخشین، هەموو ئەو سامانە دەگرێتەوە کە لە پێویستی جێ نشینی سەرسامانە کە زیادە، هەرچی لێی زیاد بێت، و هەرچەندێك بێت، وە بەر بەخشین دەکەوێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ الْعَفْوَ: لێت دەپرسن: چ لە ڕێی خوادا ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی لە پێویستتان زیادە.﴾البقرة:٢١٩، هەروا : ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ: چاوپۆشی بکە و فەرمان بەکاری چاك بدە و، واز لە نەزانان بێنە.﴾الاعراف:١٩٩، (عفو)یش ئەو سامانە دەگرێتەوە و لە پێویستی زیادە و، دوای دابین کردنی پێویستی یەکە چەند هاوەڵێك دەربارەی ڕاددەی بەخشین لە پێغەمبەرﷺیان پرسی، ئەوانیش لەسەر زمانی سروش(وحي) وەڵامیان درایەوە، کە زیادە (العفو) پێچەوانەی (الجهد–سەختی)یە، بەو جۆرە مەعنای

ئایەتەکە وای لێ دیت : ئەوەی بۆیان ئاسانە و لە دەستیان دێت، دەیبەخشن، کە ئەو شتە دەگرێتەوە، کە لە پێداویستیی خۆیان زیادە، هەڵبەتە ئەو لێکدانەوە و تەفسیرە، زۆر لە خۆکردنە (تکلف)ی تێدایە و، لەگەڵ دەقە ئاشکراکەدا نایەتەوە و، پێچەوانەی ئەو حەدیسەیە لە پێغەمبەرﷺەوە گێڕراوەتەوە، کە دەفەرموێ: ((ئەی بنیادەم، ئەتۆ ئەگەر ئەوەی لە پێویستیی خۆت زیادە، ببەخشی، بۆ خۆت چاکترە و، ئەگەر نەیبەخشی، خراپە و، لەسەر ئەوەندەی کە هەر بەشی خۆت دەکات و لێت زیاد نییە، سەرکۆنە ناکرێی)). هەروا پێچەوانەی ئەو حەدیسەشە کە دەفەرموێ: ((خۆشیی لەو کەسەی ئیش بە زانیارییەکەی دەکات و، ئەو سامانەی لە خۆی زیادە، دەیبەخشێ و، قسەی زیاد لە پێویست ناکات))، هەروا لەگەڵ ئەم حەدیسەشدا نایەتەوە : ((سێ جۆرە دەست هەیە: دەستی خوا، کە بەرزترین دەستە، لە دوای ئەو دەستی بەخشندە دێت و، دەستی سواڵکەریش نزمترین دەستە، جا ئەوەی لە خۆت زیادە بیبەخشە و، لە بەرامبەر دەروون (نفس)ی خۆتدا، کەنەفت و بێ توانا مەبە)).. جا ئەوەتا پێغەمبەرﷺ (العفو) بەو سامانە لێکدەداتەوە کە لە خۆت زیادە و، داوای بەخشینی هەمووی دەکات و، داوامان لێ دەکات گلی نەدەینەوە و، بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەو کەسەی بەشی پێداویستی خۆی دێڵێتەوە، سەرکۆنە ناکرێت، بەڵکو ئەو کەسە سەرکۆنە دەکرێ، کە ئەوەی لە خۆی زیادە، گلی دەداتەوە.

هەڵبەت هەندێك لە زانایان، پێداویستی بابای جێ نشینی سەر سامانیان، بە پێداویستیی ڕۆژانە لێکداوەتەوە و، هەندێکی دیکەشیان بە پێداویستیی مانگانەیان داناوە و، هەندێکیش بە پێداویستی ساڵانە و، بەڵگەشیان ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ ڕۆزیی ساڵێکی بۆ خێزانەکەی پاشەکەوت کردووە.

جا ئەگەر هەرچی لە پێداویستیی جێنشینیی سەر سامان زیاد بێت، وەبەربەخشین بکەوێت، پێویستە بزانین بەخشینی ئەو زیادەیە، تەنها کاتێك دەبێ ئەنجام بدرێت، کە خەڵکی دیکە پێویستیان پێی بێت، ئەگەر کەس پێویستی بەو زیادەیە نەبێت، ئەوە ئەو کەسەی سامانی بە دەستەوەیە، بۆی هەیە بە خۆشی خۆی ئەوەندەی حەزدەکات لێی ببەخشێت، تا دەگاتە هەموو زیادەکە، بەڵام ئەگەر خەڵك پێویستی بەو زیادەیە هەبێت، ئەوە بابای جێ نشینی سەر سامان، بۆی نییە هیچ شتێك لەو زیادەیە هەڵگرێت و، ئەگەر وا بکات، ئەوە هەقی خەڵکی دیکەی زەوت کردووە، ئەوەش تێگەیشتنی ئەبوو سەعیدی خودریی هاوەڵی پێغەمبەری خوایە، کاتێك گوێی لە پێغەمبەر بوو دەیفەرموو : ((هەر کەسێك وڵاخێکی زیادی هەیە، با بیداتە ئەو کەسەی وڵاخی نیە و، هەر کەسێك خۆراکی زیادی هەیە، با بیداتە ئەو کەسەی خۆراکی نییە)).. ئەبوو سەعید دەڵێ: ئەنجا پێغەمبەرﷺ باسی جۆرەکانی سامانی کرد، تا وای لێهات هەمووومان زانیمان کەسمان مافی لە زیادەی ساماندا نییە.

دوای ئەوە، دەوڵەتی ئیسلامیش بۆی هەیە لە زیادەی سامانی دەوڵەمەندان هەلبگرێت و، بیداتە هەژاران، با پێویستیشیان پێی نەبێت، ئەوە لە کاتێکدا بەرژەوەندیی گشتیی بیخوازێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ: لەسەر چاکە و پارێزکاریی، یارمەتیی یەکدی بدەن، نەك لە سەر تاوان و غەدر.﴾المائدة:٢.

عومەریشرضي الله عنه کەمێك پێش کۆچی دوایی، هەروا حاڵی بوو بوو، بۆیە فەرموویەتی: ئەگەر بمێنم، سامانی زیادەی دەوڵەمەندان دەستێنم و، دەیدەمە هەژاران، هەڵبەت عومەر لە (بیت المال) بۆ هەموو کەس، تەنانەت بۆ منداڵانیش، بەشی دانابوو و، خەڵك پێویستی بە سامانی دەوڵەمەندان نەبوو، بەڵام بۆیە وای گوتووە، چونکە دەیزانی سامانی دەوڵەمەندان یەکجار زۆر بووە

و، ترسا دەوڵەمەندان تووشی خۆشگوزەرانیی بێسنوور و لەخۆبایی بوون و، هەژارانیش تووشی حەسوودی و لاڕێیی بن، لەبەر ئەوە حەزی کرد بە گێڕانەوەی زیادە ماڵی دەوڵەمەندان بۆ هەژاران، مەسەلەکە هەڵبڕێت و، ئەگەر تەمەنی باقی با و وای کردبا، مێژووی ئیسلام دەگۆڕا.

پێویستیی خەڵکیش بە سامانی زیادە، تەنها بە پێداویستیی تاکەکان بە جیاجیا دیاریی ناکرێت، بەڵکو بە پێداویستیی هەمووشیان بە سەریەکەوە دیاریی دەکرێت، یان دەتوانین بڵێین: پێویستی خەڵك بە سامانی زیادە، بە دابین کردنی پێداویستیی کۆمەڵ لە دوای پێداویستیی تاکەکان، دیاریی دەکرێت و، پێداویستیی یەکانی کۆمەڵیش بێسنوورن و تەواو نابن، چونکە کۆمەڵ تا زیاتر پێشکەوێت و بەهێز بێت، پتر پێویستی بە پێشکەوتن و هێز دەبێت، تا پلە و پایەی لە نێو کۆمەڵانی دیکەدا بپارێزێت و، هەر کاتێك کۆمەڵ فەرمانی خوای بەجێ هێنا، بۆ لەنێوبردنی فەساد و خراپە، سەر لەنوێ پێویستی بە بەجێ هێنانی فەرمانی خوا هەیە.

کەواتە سامانی زیادە، بە دابین کردنی پێداویستیی یەکانی تاك و کۆمەڵەوە بەندە، جا ئەو کەسانەی ئەو سامانە زیادەیان لەبەردەستدایە، بۆیان نییە هیچی بۆ خۆیان بە کار بێنن، دەنا هەقی خەڵکیان خواردووە و، بۆشیان نییە بە کەیفی خۆیان لێی ببەخشن، مەگەر لە دوای ئەوەی هەم تاك و هەم کۆمەڵیش، ماڤ خۆی لێ وەرگرتبێ، هەرچەندە بەخشینی بە خۆشی خۆ(طوعي)، سوودەکەی بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە، چونکە خێری بە خۆشیی خۆ، بە ئارەزووی بابای سامان بەخش بەندە و، چۆنی بوێ دابەشی دەکات، بەڵام بەخشینی فەرز، دەبێ تەنها بدرێتە کەسانی خاوەن ماف لەو سامانەدا.

بەڵام ڕاددەی پێویست لە بەخشیندا، ئەوە لە زیادەی سامانەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەو بەشەی بۆ دابین کردنی پێداویستیی بابای جێ نشینی

سەر سامان خۆی تەرخان کراوە و، خەڵکی دی، تاك و کۆمەڵ، مافی ئەوەیان هەیە کەم و زۆر بۆ دابین کردنی پێداویستیی نیازمەندان و، پاشەکەوت کردنی سامانی پێویست بۆ پارازشی ئاسایشی نێو خۆ و دەرەوەی دەوڵەت، لەو بەشەش هەڵگرن.

هەڵبەت ڕاددەی بەخشین، مەگەر هەندێك پێداویستیی وا بکات، دەنا ناگاتە ئەو سامانەی خاوەن سامانەکەی بۆ خۆی پێویستی پێ یەتی. دەشتوانین لەسەر ئەو پێداویستیانە، چەند نموونەیەك لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا بێنینەوە:

یەکەم نموونەش لە سەردەمی پێغەمبەرﷺدا بوو، کە فەرمانی بە مسوڵمانان کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچ بکەن، ئەوانیش بە نهێنی کۆچیان کرد و، ماڵ و سامانیان بۆ هاوبەش پەرستانی قوڕەیش بە جێ هێشت و، کاتێك گەیشتنە مەدینە، زۆربەیان بژیۆی یەك ڕۆژیان شك نەدەبرد، هەڵبەت کۆچەران هەر لە بەر فەرمانی خوا و بۆ جیهاد کردن بە سەر و ماڵیان لە پێناوی خوادا، هەموو ماڵ و سامانی خۆیان بەجێ هێشتبوو : ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ: ئەو دەستکەوتە بۆ ئەو هەژارە دورە وڵاتانەیە کە لە ماڵ و زێدی خۆیان دەرکراون، چاوەڕوانی بەهرە و ڕەزامەندیی خوان و، یاریدەی خوا و پێغەمبەرەکەی دەدەن، ئەمانە ڕاستەکانن.﴾الحشر:٨

جا کاتێك پێغەمبەرﷺ گەیشتە مەدینە، کۆچەران و پشتیوانانی کردنە برای یەکدی و، کۆچەرانی بە سەر پشتیواناندا دابەش کردن و، لە هەرچی هەیانبوو، کەم و زۆر، کردینیە هاوبەش، هەڵبەت سامانی پشتیوانان، بەشی خۆیان و کۆچەرانی نەدەکرد، بەڵام ئەوان بە دڵفراوانیی کۆچەرانیان وەرگرتن و، هەرچەندە زۆریش پێویستیان بەو سامانە هەبوو کە دەیاندانێ، بەڵام ئەوانیان

لە خۆیان بە لە پێشتر دانا، ئەوەشیان تەنها بۆ بە دەنگەوەهاتنی خوا و جیهادکردن لە پێناوی ئەودا کرد، لەبەر ئەوە شایانی ئەوە بوون خوا دەربارەیان بفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلاَ يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: ئەو کەسانەش کە بەر لەوان لە مەدینە نیشتەجێ بوون و، بە دڵ بڕوایان هێنا، حەز بەو ئاوارانە دەکەن کە پەنایان پێهێناون و، بەدڵیش ئێرەیی نابەت بەوەی کە بەوان دراوە و، ئەوانیان پێ لە خۆ لەپێشترە، هەرچەندە دەست تەنگیشیان هەیە، ئەو کەسانەی خۆش لە رژدیی دەپارێزن، ئەوان ڕزگارەکانن.﴾الحشر:٨.

ئەوە یەکەم نموونە بوو، کە بۆمان دەردەخات بەرژەوەندی ئیسلام پێویستیی کرد کۆچەران دەست لە هەموو سامانی خۆیان هەڵگرن، ئەوانیش بە دڵی خۆشەوە وازیان لێ هێنا و، هەمان بەرژەوەندی خواستی پشتیوانانیش زۆربەی ئەو شتانەی کە زۆریان پێویست پێ بوون، بکەنە قوربانی و، فەرمانی خوایان بەجێ هێنا و، کۆچەرانیان بە لە خۆیان لە پێشتر زانی.

نموونەی دووەمیش لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ﷺ بوو، کاتێك لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا برسیەتی بڵاو بۆوەوە و، تینی بۆ خەڵك هێنا، تا وای لێ هات ئاژەڵی کێوی پەنای بۆ مرۆڤ و ئاوەدانی دەهێنا و، خەڵك مەڕی دەکوشتەوە و، لەبەر لەڕ و لاوازیی و خراپیی، وازی لێ دەهانا و نەیدەخوارد، لەو حاڵەدا عومەر لە خۆی گرت تا هەموو خەڵك نەبووژێتەوە، چەوریی و سپیایی و گۆشت نەخوات و، دەیگوت : ((ئەگەر بە بەش کردنی خۆراك هەر ماڵێك بۆ دوو بەشی وەکو یەك نەبێ، بەشی بژێوی خەڵکم خۆراك وەدەست نەکەوێ، دەیکەم، چونکە بە نیوە تێری نامرن))، ئەوەشی تەنها لە دوای داواکردنی یارمەتی لە گەورەی شارەکانی گرت و، یەکەم کەس کە بە دەنگیەوە

هات، ئەبوو عوبەیدەی جەڕراح بوو، کە چوار هەزار بار خواردنی بۆ هێنا و، عەمری کوڕی عاص، بە کەشتی و حوشتران خۆراکی بۆ هێنا و، بیست کەشتی و هەزار حوشتری بە بارە ئاردەوە بۆ نارد، لەگەڵ پێنج هەزار بەرگ و، موعاویە سێ هەزار حوشتری بە بارەوە و سێ هەزار عەبای بۆ نارد و، سەعدی کوڕی ئەبوو وەقاسیش هەزار حوشتری بە بارە ئاردەوە بۆ نارد و، هەموو ئەو شتە بە سەر هەژار و نەداراندا دابەش کرا، بەڵام بە حاڵ بەشی کرد، لەبەر ئەوە عومەر خەریك بوو خۆراکی هەموو ماڵێك بکاتە نیوە و، وا بکات هەموو کەس بە نیوە تێریی بژین.

هەڵبەت عومەر لەم کارەدا ئیلهامی لە گیانی ئیسلام وەرگرتووە و، چاوی لە پێغەمبەرﷺ کردووە، کە کۆچەران وپشتیوانانی کردوونەتە برا و، کۆچەرانی لە ماڵی پشتیوانان دامەزراندووە، تا خوا دەرووی لە کۆچەران کردۆتەوە و، دەستکورتی و هەژاری لە سەر لابردوون.

نموونەی سێیەمیش پاڵەوانەکەی، ئەبوو عوبەیدەی جەڕراحە﵁، کە خۆی و سێ سەد کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر، لە سەفەرێ بوون، هەندێکیان توێشوویان لێبڕا، ئەبوو عوبەیدە فەرمانی پێ کردن هەموو توێشووەکەیان لە دوو ئاندیندا کۆبکەنەوە و، دوایی بە یەکسانی بەسەر هەموانیدا دابەش کرد.

بەو جۆرە ئیسلام وا لە خەڵکی دەکات لە تەنگانە و برسیەتیدا و، لە کاتی پێویستیدا، بۆ دابین کردنی پێداویستی و پاراستن و هێشتنەوەیان، دەستی یەکدی بگرن، لەو بارەشەوە لە پێغەمبەر ﷺ هوە دەگێڕنەوە، کە دەفەرموێ : ((هەر کەسێك بەشی دوو کەسان خواردنی هەبوو، با بەشی کەسیکی دیکەش بدات و، ئەوەی بەشی چوار کەسان خواردنی هەبوو، با بەشی یەك دوو کەسی دیکەش بدات)).

بناوانی هەموو ئەو شتانە، ئەوەیە کە سامان سامانی خوایە و، ئیسلام لەسەر مسوڵمانانی فەرز کردووە، کە بۆ چاکە و لە خوا ترسیی هاوکاریی یەکدی بکەن : ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ: لەسەر چاکە و پارێزکاریی هاوکاری یەکدی بکەن، نەك لەسەر تاوان و دەستدرێژی﴾المائدة/٢.

هەروا ئیسلام، کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بناغەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنی و، لە سامانی دەوڵەمەنداندا ماف بۆ هەژاران دادەنێ : ﴿وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ: لە سامانەکەشیاندا بەشێکی ئاشکرا بۆ سواڵکەر و بێبەش هەیە.﴾الذاريات:١٩.

﴿فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ: خزم و نەدار و ڕێبواری بەجێماو، مافی خۆیان بدەیە.﴾، تەنانەت لە ئیسلامدا هەر کۆمەڵێك کەسێکی برسی تێدا بێت، لە خوا بێ بەشە، وەکوو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((خەڵکی هەر شوێنێك، کەسێکی برسیان لە نێودابێت، ئەوە فریان بە خواوە نییە)).

هەروا ئیسلام مسوڵمانان بە خانوێك دادەنێت کە بەشەکانی، یەکدی بەهێز دەکەن و ڕادەگرن، بەڵکو هەموو مسوڵمانان بە یەك لەش دادەنێت، کە ئەگەر ئەندامێکی تووشی ئازار بێت، هەموو ئەندامەکانی دیکەی گیرۆدەی شەونخوونی و ئێش و ئازار دەبن، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : ((مسوڵمان بۆ مسوڵمان، وەکوو خانووە، بەشەکانی، یەکدی بە هێز دەکەن)) و ((موسوڵمانان لە یەکتر خۆشویستن و بەزەیی پێکداهاتنەوە و هاوسۆزییاندا، وەکو یەك لاشەن، ئەگەر ئەندامێکی ئازاری هەبێت، هەموو لەشەکە دێتە ژان و تووشی شەونخوونی و ئازار دەبێت)).

هەروا ئیسلام لەسەر هەموو موسوڵمانێکی فەرز دەکات، بەزەیی بە برای موسوڵمانیدا بێت و، ستەمی لێ نەکات و پشتی بەر نەدات، هەروەکو

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ : ((ئەوەی بەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە، خواش بەزەیی پێدا نایەتەوە)) و، ((مسوڵمان برای مسوڵمانە و، نە زوڵمی لێ دەکات و نە پشتی بەردەدات))، جا هەر کەسێك سامانی زیادەی هەبێت و براکەی بە برسیەتی ببینێ و فریای نەکەوێ، بێ گومان خوا بەزەیی پێدانایەتەوە و، هەر کەسێك بە برسی و ڕووتی بە جێ ی بێڵێت و، پشتیوانی خۆراك و پۆشاکی بداتێ، هەڵبەت ئەوە قسەی لەسەر نییە، پشتی بەرداوە.

قوڵە باسێك :

ئەوە پوختەی بیردۆزەی ئیسلام لەمەڕ خاوەنایەتیی سامان بوو و، ئەوەش ئەو بنەڕەتانە بوون لەسەریان بنیات دەنرێن و، نامانەوێ لەسەریان بڕۆین، چونکە ئەم کتێبە جێی نییە و، هەر ئەوەندەش باسی بیردۆزەی سامانمان کردووە، کە ماڤ حکوومەتەکان لە سامانی بەر دەستی خەڵکیدا و، ماڤ خەڵکی لەو سامانەدا، ڕوون بکەینەوە و، هیواداریین خوا سەرمان بخات بۆ دانانی کتێبێکی تایبەتی، تێیدا بە درێژیی باسی بیردۆزەکە و بوارەکانی جێ بە جێ کردنی ئەو تیۆرە ئابوورییە ئیسلامییانەی پێیانەوە بەندن و، ئەو شتانەی لە کۆمەڵی ئیسلامیدا لەو بیردۆزانە دەکەونەوە، بکەین.

حوکړاني وفـه رماني خواړه

- حوکړاني ـــ ئُـ نکے یه ؟
- حوکړاله ئیسلام دا ، ښتیکے سروشتی یه
- ئیـــلام بیروباوه ړو رژیم ، ـسیستم ، ه
- ئیـــلام دین و ده ولّه ته

حوکمرانی بۆ کێیە؟

دوای ئەوەی زانیمان خوا بەدیهێنەر و خاوەنی گەردوونە و، زەویی بە مرۆڤ ئاوەدان کردۆتەوە و، لەسەری کردوونەتە جێنشین و، فەرمانی پێ کردوون بە دوای ڕێڕووینیەکەی بکەون و، هەر بە قسەی وی بکەن و، بە ئاسانی دەتوانین وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، چونکە دوای زانینی ئەو ڕاستیە، هیچ خاوەن مەنتیقێکی ساغ، ناتوانێ ئیعتیراف نەکات کە حوکم هەر بۆ خوایە و، مادام خوا بۆ خۆی بەدیهێنەر و خاوەنی گەردوونە، هەر بۆ خۆشی تێیدا فەرمانڕەوا و حاکمە و، لەسەر مرۆڤ پێویستە گوێڕایەڵی ئەو پەیامە بن، کە ناردوویەتە خوارێ و، حوکمی پێ بکەن، چونکە لە لایەکەوە، ئەوان بەو مەرجە کراونەتە جێنشینی سەر زەویی، کە پێڕەویی لە ڕێڕوونیی خوا بکەن و، لە سەرێکی دیکەشەوە، جێنشینی خوان لەسەر زەوی و جێنشینیش بۆی نییە لە فەرمانی ئەوکەسەی کردوویەتی بە جێنشین، دەرچێت...

هەڵبەت دەقەکانی قورئانیش، پشتگیریی ئەو مەنتیقە ساغەی مرۆڤ دەکەن و، مرۆڤ وا لێ دەکەن پێڕەویی لەو پەیامە بکات لە خواوە هاتووە و، پێڕەویی کردنی شتی پێچەوانەی پەیامی خوا بە یەکجاری لێ قەدەغە کردوون:

﴿اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ: هەر فەرمانێکی لە پەروەردگارت ڕا بۆت دێ، پێکی بێنە، بە غەیرەز ئەو، کەس بۆ پەرستنێ ناشێ و، تۆ واز لەوانە بێنە شەریك بۆ خوا پەیدا دەکەن.﴾الانعام:١٠٦

﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ: هەرچی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان نێرراوەتە خوارەوە، شوێنی کەون و، لەوی بەدەر مەکەونە شوێنی سەرپەرشتانی دیکە..﴾.الاعراف:٣

خواش فێری کردووین، کە هەق شتێکە و بەش بەش ناکرێ و، لە دنیادا تەنها هەق و ناهەق هەیە و، هەر شتێکیش کە هەق نەبوو، ناهەقە : ﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ: لەپاش ڕاستیی چ شتێك هەیە بێجگە لە گومڕایی؟ دەی چۆن لە ڕاستیی لا دەدرێن.﴾یونس:٣٢. هەروا فێری کردووین کە محمدی نێردراوی خۆی ﷺ بە هەق ناردووە : ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا: ئێمە تۆمان بە تێڕادیویی ناردوە، کە مزگێنیش بدەی و بیشـــیان ترسێنی.﴾البقرة:١١٩... ئەو کتێبەی بۆشی ناردووە، هەر بە هەق بۆی ناردووە : ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ: کتێبی بە هەق و ڕاستی بۆ تۆ ناردۆتە خوار.﴾آل عمران:٣، ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ: ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردۆتە خوار، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە.﴾النساء:١٠٥.

جا ئەگەر خوا پێغەمبەرەکەی بە ڕێڕوونیی و دینی ڕاســـتەوە ناردبێت : ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ: خوا ئەوەیە کە پێغەمبەری بە ڕێنوێنی و دینی ڕاستەوە ناردوە.﴾التوبة:٣٣، ئەوە ئەو کەسانەی بە دەنگ پێغەمبەرە و ئەو پەیامەوە کە هێناویەتی، دەچن، ئەوە بە دەنگ هەقەوە دەچن و، پێڕەویی لە ڕێڕوونیی دەکەن و شوێنی دەکەون، بەڵام ئەوانەی گوێ نادەنە پێغەمبەر و ئەو هەقەی هێناویەتی، ئەوە بە دەنگ ناهەقەوە دەچن و، بە دوای ئارەزووی خۆیان دەکەون و، گومڕاترین کەسیش ئەوەیە کە بە دوای ئارەزووی خۆی بکەوێت : ﴿فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللَّهِ: ئەگەر وەڵامیان نەدایەوە، بزانە کە ئەوانە پێڕەوی ئارەزویانن،

کێش خوا شارەزای نەکات و، پێڕەوی ئەلهای دڵی بێ، کەسی لێ گومڕاتر نیە، خواش ستەمکاران شارەزای ڕێگا ناکات.﴾القصص:٥٠.

خواش ئەوەی بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە، کردوویەتە بەرنامەی ژیانی ئێمەو، لە سەری پێویست کردووین، شوێنی بکەوین و، پابەندی ڕێ و شوێنەکانی بین و، لێی قەدەغە کردووین بە دوای یاسای مرۆڤ بکەوین و پابەندی یاسادانانی مرۆڤ کرد بین، چونکە ئەو یاسا و دەستوورانە، تەنها هەوا و ئارەزوو و سەرکوێریی خۆیانە، لە شێوەی یاسا و دەستووراندا دایدەڕێژن و، خەڵکی یان پێ گومڕا دەکەن و، لە بەرنامەی خوایان لادەدەن و، هەرچەندی بزانن و فێر بن، لە چاو زانیاری خوا، کە هەموو شتێك دەگرێتەوە، هەر هیچ نازانن و، هەر خواشە دەزانێت ڕێنوێنی و خێر و خۆشیی مرۆڤ بێنێتە دیی: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ: دواجار ئەتۆمان خستە سەر ڕێگە و شوێنێك لەم ئایینە، شوێنی کەوە و شوێنی ئەوانە مەکەوە کە نازانن.﴾الجاثية:١٨.

ئەو بەرنامەش کە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە و، لەسەری پێویست کردووین شوێنی بکەوین و ئیشی پێ بکەین، تەنها ئەو کتێبەی خوایە کە بەیانیان و ئێواران مســوڵمانان دەیخوێننەوە و، گوێی لێ ڕادەگرن : ﴿وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ: ئەم کتێبە پیرۆز و پڕ پیتەشمان ناردۆتە خوار، گشتو پێڕەوی لەو بکەن و، ترسیشتان لە خودا هەبێ، بەشکو بەزەیی پێودابێ.﴾الانعام:١٥٥، ئەو کتێبەش قورئانی پیرۆزە : ﴿كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ: کتێبێکە نیشانەکانی بە ڕوونی شی کراونەتەوە، بە زمانی عەرەبییە بۆ کۆمەڵێك کە بزانن.﴾فصلت:٣.

دەقەکانی پێشوو سەلماندیان کە لە وڵاتانی مسوڵمانانیشدا، دەبێ حوکم و فەرمانڕەوایی بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام بێت، چونکە شوێنکەوتنی ئەوەی

خوا ناردوویەتە خوار، دەخوازێت حوکم بەوە بکرێت کە خوا ناردوویەتە خوار و، فەرمانڕەوایان ئەمری خوا بەجێ بێنن، چونکە ئەگەر هەندێك کەس پشتیوانن بەش بە حاڵی خۆیان و ئەوەی لە دەستیاندایە، پێڕەویی لە فەرمانی خوا بکەن، ئەوە لەو شتەدا کە پێوەندی بە خەڵکی دیکەوە هەیە و، لە دەستی ئەواندایە، ناتوانن پێڕەویی لە فەرمانی خوا بکەن و، ئەگەر لە کاتی تەبایی و کۆکیشدا بتوانن بە دوای فەرمانی خوا بکەون، ئەوا ناتوانن لە کاتی ناکۆکیدا پێڕەویی لێ بکەن و، ئەگەر توانیشیان وەکو تاك لەو شتەی ئی خۆیانە، بە پێی فەرمانی خوا کاربکەن، چۆن دەتوانن لەو شتەدا پێوەندیی بە فەرمانڕەوایانەوە هەیە، وابکەن، ئەگەر فەرمانڕەوایان بەو شتەوە، کە خوا ناردوویەتە خوار، پابەند نەبن؟ ئەوەندە بەس بوو کە بزانین خوا لە سەری پێویست کردووین لە کاتی ناکۆکی و دووبەرەکیدا، بەرنامەی خوا بکەینە داوەر و، لە مەڕ ئەو شتەی ناکۆکی و دووبەرەکی لەسەرە، حوکم بە یاسای خوا بکەین : ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ: ئەگەر لە شتێکدا تێك گیران، ئەوا حەواڵەی خوا و پێغەمبەری کەن.﴾النساء:٥٩، ﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ: لەسەر هەرچی پێك نەهاتن، خوا بە ناوتان ڕادەگات.﴾الشوری:١٠.. بەس بوو ئەوەندە بزانین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە حوکم هەر بۆ خوایە و، کاربەدەستان و مسکێنان دەبێ لە هەموو وڵاتێکی مسوڵمان نشیندا، لە هەموو هەڵس و کەوت و ڕێ و شوێنێکیاندا پابەندی ئەو پەیامە بن کە خوا ناردوویەتە خوار و، کتێبی خوا بکەنە دەستوور و یاسای باڵایان. بەڵام خوای گەورە کە دەربارەی مرۆڤ لە هەموو کەس زاناترە و، دەزانێ کە لە هەموو شتێك زیاتر گفتوگۆ و مشتومڕ دەکات، چەند دەقێکی بۆ ناردووین بە تەواویی یەکلایان کردۆتەوە، کە حوکم و فەرمانڕەوایی لە دنیا و قیامەتدا هەر بۆ خوایە : ﴿وَهُوَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ لَهُ الْحَمْدُ فِي الأُولَى وَالآخِرَةِ وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ: خوا هەر ئەوە و بێجگە لەوی کەسی

شیاوی پەرستن نییە، لە دنیا و لە قیامەتیش سوپاس هەر تایبەتی ئەوە، فەرمان هەر فەرمانی ئەوەو، بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە.﴾القصص:٧٠ و، بۆمان دەردەخەن کە خوا، پێغەمبەرانی تەنها بە مژدەدەر و ترسێنەریی ناردووە و، کتێبەکانی هەر بۆ ئەوە ڕەوانە کردوون تا خەڵك لە ژیاندا بیانکاتە یاسا و، بیانکەنە فەرمانڕەوا و، لەسەر لەبەری ژیانیاندا حوکمیان پێبکەن : ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ: بەرێ خەڵك هەمووی چین و بەرەیەك بوون، خودا پێغەمبەرانی ناردن مژدەدەر و ترسێنەر بن، کتێبی ڕاست و ڕەواشی ڕەگەڵ خستن، ئەو شتانەی بوونە مایەی کێشەیان، بۆیان یەکلاکەنەوەو پێکیان بێنن.﴾البقرة:٢١٣.

لەو دەقە یەکلاکەرەوانە وە تێدەگەین کە خوا قورئانی بۆ پێغەمبەر ﷺ ناردووە، تا ببێتە دەستوور و یاسای باڵای مرۆڤایەتی و، پێغەمبەریش بە گوێرەی حوکم و ڕێ و شوێنەکانی، وەکو خوا فێری کردووە، حوکم لە نێو خەڵکیدا بکات : ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ: ئەم کتێبەمان بۆ ناردووی، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە، تا حوکم بەو شتە بکەی کە خوا پیشانی داوی.﴾النساء :١٠٥.

تێشدەگەین لە خوای باڵا دەست بەندەکانی بە بێ ئیمان داناون و، سوێندیشی لەسەر خواردووە، تا ئەو کاتەی بۆ هەڵبڕینی کێشە و ناکۆکیەکانی نێوانیان، پێغەمبەر دەکەنە داوەر، بە گوێرەی حوکم و بەرنامەی خوا، حوکمیان لە نێودا بکات، هەر بەوەندەش بە باوەڕداری حیساب کردوون، بەڵکو سەرهەڵنەدانی هیچ جۆرە ناڕەحەتی و وەتەنگ هاتنێکیشی سەبارەت بە داوەریی و حوکمی پێغەمبەر و، تەسلیم بوون و گوێ ڕایەڵیی تەواویانی، بە مەرجی باوەڕدار بوونیان داناوە، هەڵبەت پێغەمبەریش تەنها بە گوێرەی

پێڕوویی و بەرنامەی خوا و ئەوەی خوا نیشانی داوە، حوکم دەکات : ﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا: جا سوێند بە پەروەردگارت، ئیمانیان تەواو نابێ تا تۆ نەکەنە فەرمانڕەوا بۆ هەڵبڕینی کێشەکانی نێوانیان و، لە پاشانیش هیچ خوتخوتە و گرێ و گۆڵێکیان لەوەمەڕ فەرمانڕەوایی‌یەکەت لە دڵدا نامێنێ و، بە تەواویی بۆی ملکەچ دەبن.﴾النساء :٦٥.

هەروا لەو دەقە یەکلاکەرەوانەوە تێدەگەین کە خوا فەرمانی کردووە خەڵك پەیام و بەرنامەی خوا بکەنە حاکم و فەرمانڕەوای خۆیان و حوکمی پێبکەن و، خەڵکی دەنگ داوە کە نەکەن شوێنی ئارەزووی خۆیان بکەون و حوکمی پێبکەن و، فەرمانی کردووە هەموو جۆرە فەرمانڕەوایی و حوکم کردنێك، بە پێی سروش(وحی)ی خوا بێت و، بابای فەرمانڕەواشی وریاکردۆتەوە کە نابێ دەستبەرداری هەندێك لە یاسا و بەرنامەی خوا بێت، یان لێی لادات: ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنْ الْحَقِّ: جا بە گوێرەی ئەوەی خوا بۆی ناردوویە خوار حوکمیان لەنێودا بکە و، نەکەی لەو راستی‌یەی بۆت هاتووە لادەی و، بکەویە شوێن ئارەزووی ئەوانت.﴾المائدة:٤٨.

﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ: تۆش بەپێی ئەوەی خوا ناردوویەتە خوارێ لەنێویاندا حوکم بکە و، دوای ئارەزوویان مەکەوەو، ئاگات لەخۆ بێ لە هەندێك لەو شتەی خوا بۆی ناردویە خوار، لامەدە.﴾المائدة:٤٩، ﴿وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا وَلَئِنْ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَمَا جَاءَكَ مِنْ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ وَاقٍ: ئێمە ئەم فەرمانەی خۆمان بە عەرەبی بۆ تۆ نارد، ئەگەر لەدوای ئەو زانستەی بۆ تۆ هاتووە، شوێن ئارەزووی ئەمان کەوی، ئیتر نە خودا یارتە و نە پارێزگاریشتە.﴾الرعد:٣٧.

هەر لەو دەقانەوە تێدەگەین کە خوا حوکم کردن بەوەی ناردوویەتە خوارێ، بە چاکترین و شیاوترین حوکم دادەنێت و، ئەو جۆرە حوکمەی بە حوکمی خۆی ناوبردووە و، بێجگە لەویشی بە حوکمی نەفامیی داناوە، کە لەسەر ناهەق ڕاوەستاوە و، ئەو کەسەی داوای حوکمی غەیرە خوایی دەکات، وای حیساب دەکات، کە داوای حوکمی جاهیلیەت دەکات، کە بناغەکەی لەسەر ئارەزوو و گومڕایی‌یە:

﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ: ئایا داوای فەرمانڕەوایی نەفامیی(جاهلية) دەکەن؟ باشە، فەرمانڕەوایی کێ لە ئی خوا چاکترە بۆ ئەو کۆمەڵەی لە ئیمانیاندا هیچ گومانیان نیە.﴾المائدة:٥٠.

هەر ئەو دەقانەش بۆمان دەردەخەن کە خوا حوکم کردنی بە غەیری ئەوەی ناردوویەتی، حەرام کردووە، وەکو حەرام کردنی کوفر و زوڵم و لاڕیی یی و یاخی بوون و، خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ: هەرکەسێکی حوکم بەوە نەکات کە خوا ناردویەتیە خوارێ، ئەوە کافرە.﴾المائدة:٤٤. ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ: هەرکەسێکی حوکم بەوە نەکات کە خوا ناردویەتیە خوارێ، ئەوە ستەمکارە﴾المائدة:٤٥. ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ: هەرکەسێکی حوکم بەوە نەکات کە خوا ناردویەتیە خوارێ، ئەوە لەڕێ لایداوە﴾المائدة:٤٧.

هەڵبەت قورئانیش کوفری بە زوڵم داناوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ: بەڕاستی هاوەڵپەرستی ستەمێکی زلە.﴾لقمان:١٣ و، ﴿وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ: کافرانیش ستەمکارن﴾البقرة:٢٥٤. و ﴿وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلاَّ الظَّالِمُونَ: تەنها ستەمکاران ئینکاریی نیشانە و بەڵگەکانی ئێمە دەکەن.﴾العنکبوت:٤٩.. هەروا قورئان کوفر و زوڵمی بە لاڕێ بوونیش داناوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلاَّ

الْفَاسِقُونَ: هەڵبەت ئێمە چەند نیشانە و بەڵگەیەکی ئاشکراشمان بۆ ناردوی و، تەنها لەڕێلادەران باوەڕیان پێناکەن.﴾البقرة : ٩٩ و، ﴿إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ: بەڕاستی ئەوان ئیمانیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی نەهێنا و بە لاڕێیی مردن.﴾التوبة:٨٤ و، ﴿وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ: هەرکەسێك لەدوای ئەوەش هەر باوەڕ نەهێنێ، ئەوە لەڕێلادەرە.﴾النور:٥٥ و، ﴿فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ: ﴾البقرة:٥٩ و، ﴿وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ: جا لە ئاسمانەوە سزایەکمان بۆ سەر ستەمکاران نارد، بەهۆی ئەوەی کە لەڕێ لایاندابوو.﴾الأعراف:١٦٥.

جا ئەگەر زوڵم و لاڕێ بوون، کوفر بێت، ئەوە لاڕێ بوون و زوڵمی ئەو کەسەی حوکم بەوەی خوا ناردوویەتە خوارێ ناکات، دەبێتە کوفر و، ئەو کەسەش کە حوکم بەوەی خوا ناردوویەتە خوارێ ناکات، لە هەموو بارێکدا، بە دەقی قورئان دەبێتە کافر.

بەڵام هەندێك لێکدەرەوە(مفسر)ی قورئان، زوڵم بە لەهەق لادان لێك دەدەنەوە و، لاڕێ بوونیش بە یاخیبوون و، هەرسێك ئایەتەکان وێکڕا لێکدەدەنەوە و، پێیان وایە هەر مسوڵمانێك چەند حوکمێکی غەیرە خوایی دابێنێت و، حوکم بەوان بکات و، بەبێ تەئویلێکی پێی ڕاست بێت واز لە هەندێك لەوەی خوا ناردوویەتی بێنێت، ئەوە فەرمایشتی خوای بەسەردا دەچەسپێ، هەرکەسە بە گوێرەی خۆی، ئەوەی واز لەوەی خوا ناردوویەتی بێنێت و، یاسای دەستکردی مرۆڤی پێ چاکتر بێت، ئەوە بێ ئەم لاو لا کافرە و، ئەوەی حوکم بە بەرنامەی خوا نەکات، بەڵام سپڵە و پێنەزان نەبێت و، هەر ئەوی پێ لە بەرنامەی دەستکرد چاکتر بێت، ئەوە ئەگەر لە حوکم و فەرمانڕەوایی یەکەیدا مافخوران و بێدادیی و نایەکسانیی هەبوو، زاڵمە، دەنا لاڕێ بوو (فاسق)ە.

حوکمڕانی لە ئیسلامدا، شتێکی سروشتییە

ئەوانە چەند دەقێکی قورئانن کە باسی حوکم کردنیان کردووە و، دوای ئەو باسەی پێشەوە، کەس ڕێی مشتومڕ و هەنجەتی نامێنێ، جا با مسوڵمانان شارەزای داب و دەستووری ئایینەکەیان و، دەقەکانی بەرنامەکەیان بن، ئەوجار هەر شتێکی وەری دەگرن، یان وەلای دەنێن، بە بەرچاو ڕوونیی بێت، بەڵام ئەگەر بچن کوێرانە وەدوای شاگردانی ڕۆژهەڵاتناسان و کلکەکانی ئیمپریالیزم کەون و، وەکو ئەوان بڵێن: ئیسلام پێوەندیی بە حوکم و فەرمانڕەوایی یەوە نییە و، هیچ دەقێکی تێدا نییە باسی حوکم بکات، ئەوە نەزانی یەکی تەواو و مشتومڕێکی خۆگێل کەرانەیە، ئاخر چ نەزانی یەك لە نەزانیی بابایەك زیادترە لاف خەسڵەتێك لێ بدات و نەشزانێ چییە، خۆی پێ مسوڵمان بێت و، نەشزانێ ئیسلامەتی چییە؟! هەروا چ شەڕە قسە و مشتومڕێك، خۆ گێل کەرانە ترە لە مشتومڕی کابرایەکی نەفام، نەزانی‌یەکەی لەسەر خەڵك بکاتە بەڵگە و، داوایان لێ بکات ئینکاری ئەوەی دەیزانن بکەن، هەر چونکە بۆ خۆی نایزانێت، یان نایەوێ فێری بێت؟!!

ئیسلام لەسەر خەڵکی پێویست دەکات، پەیڕەوی ئەوەی خوا ناردوویەتی بکەن و، لەسەریان واجب دەکات ئەوەی لە خواوە هاتووە، لە نێو خۆیانیدا بکەنە داوەر و، تەنها و تەنها حوکم بەوی بکەن، ئەمەش تەنها ئەوە دەردەخات، کە حوکم و فەرمانڕەوایی، بنەڕەتێکی گشتگیری ئیسلامە و، یەکەم کۆڵەکەی ڕاگرتنی ئیسلامە.

هەر کەسێك لە ئیسلام شارەزابێت، سووڕ دەزانێ کە حوکم کردن لە ئیسلامدا، پتر لەوەی دەقەکانی قورئان داخوازیی دەکەن، سروشتی ئیسلام

داخوازیی دەکات، چونکە ئەوە سروشتی ئیسلامە کە چاودێری تاکەکان و کۆمەڵەکان بکات و، ڕێ و شوێنیان بۆ دانێت و، هەڵس و کەوتیان ڕێك بخات و، هەر سروشتی ئیسلامیشە کە بەرز و باڵادەست بێت و هیچی بە سەردا باڵادەست نەبێت و، فەرمانڕەوایی ی خۆی بەسەر دەوڵەتەکاندا بچەسپێنێ و، دەستەڵاتی بەسەر هەموو دنیادا هەبێت.

بێ گومان ئیسلام هەر بیر و باوەڕ نی یە بە تەنێ، بەڵکو بیروباوەڕ و ڕژێمە و، تەنها هەر دین نییە، بەڵکو دین و دەوڵەتە و، بەڕاستی زۆر ناخۆشە کە زۆربەی مسوڵمانان ئەو ڕاستی یە نازانن، چونکە هیچ لە حەقیقەتی ئیسلام نازانن و، پێیان وایە تەنها چەند خوا پەرستی یەکە، بە لاساکردنەوە و چاولێکەریی فێری دەبن.

ئیسلام بیروباوەڕ و ڕژێم (سیستەم)ە

گومان لەوەدانییە کە ئیسلام بیروباوەڕ و مەبدەئە، بەڵام تەنها لە دوای ئەوەی وەك ڕژێم و یاسایەکی وردی هەمەلایەنە کە هەموو کاروبارێکی دەروونی مرۆڤ ڕێك دەخات و، هەموو بیر و بۆچون و هەستێکی مرۆڤ، چ پێوەندیی بە تاکەوە هەبێت، چ کۆمەڵ و، چ بەو دنیایەی تێیدا دەژێن، چ بە ژیانی دواڕۆژەوە، کە بە ئومێدین ژیانێکی چاك و خۆش بێت، بەند بێت، ڕێك دەخات... دەبێتە بیروباوەڕ و مەبدەئێك کە خەڵك باوەڕی پێ بێنێ...

جا ئیسلام، بیروباوەڕەکەی، باوەڕ هەبوونە بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و نێرراوەکانی و ڕۆژی قیامەت، بەڵام ڕژێم و دەستوورەکەی تەواو دەست بەسەر مرۆڤدا دەگرێت و، ڕێباز و ئامانجی ژیانی بۆ دیاریی دەکات، هەروا ئەو ڕێگایانەی ئیش کردنیشی، کە دەیگەیەننە بەختەوەریی دنیا و قیامەت، بۆ دیاریی دەکات.

ڕژێمی ئیسلام له هەموو جووڵه و جێگیربوونێکیدا دەست بەسەر مسوڵماندا دەگرێ، له بیر کردنەوه و نیازی، له گوفتار و کرداری، دەستی بەسەردا دەگرێت، له نهێنی و ئاشکرای و دیارنەبوون و دیاربوونیدا، دەستی بەسەردا دەگرێ، له هەستان و دانیشتنی و نوستن و بێدارییدا، دەستی بەسەردا دەگرێ، له خواردن و خواردنەوەی و پۆشاك خۆڕازاندنەوەیدا، دەستی بەسەردا دەگرێت، له کڕین و فرۆشتنی و ڕەفتار و هەڵس و کەوتیدا، دەستی بەسەردا دەگرێت، له شتی به ڕاستی و گاڵتەیدا و له دڵخۆشیی و دڵتەنگیدا و له قایل بوون و تووڕەبوونیدا، دەستی بەسەردا دەگرێت، له تەنگانه و خۆشیدا و له نەخۆشیی و ساغیدا و، له لاوازیدا و بەهێزیدا، دەستی بەسەردا دەگرێت، به دەوڵەمەندیی و هەژاریی و گەورەیی و مەزنیی و سووکیی، دەستی بەسەردا دەگرێت، له منداڵ و خێزانیدا و، له دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا و، له ئاشتی و شەڕیدا، دەستی بەسەردا دەگرێت، به تاکیی و به کۆمەڵیی و به سەرداریی و به مسکێنیی و، به دارایی و به نەداریی، دەستی بەسەردا دەگرێت و، هەر ڕەفتارێك به بیری مرۆڤدا بێت، یان هەر حاڵەتێك مرۆڤی تێدا بێت، ئیسلام تێیدا دەستی بەسەر مسوڵماندا گرتووه و، به گوێرەی ئەو نەخشەی بۆی داناوه و ئاڕاستەی کردووه.

ئەوانەی پێیشیان وایه ئیسلام هەر بیروباوەڕه و، ڕژێم و یاسا نییه، یان نەزانن و هیچ له ئیسلام حاڵی نین، یان گەمژەن و ناتوانن له حەقیقەتی ئیسلام تێ بگەن، چونکه ئیسلام له ڕاستیدا بارودۆخێکه، خوا بەسەر بەندە باوەڕدارەکانی خۆیدا دێنی و : ﴿صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً: ڕەنگێکه خوا ڕشتویەتی و، کێ هەیه لەخوا چاکتر ڕەنگ بڕێژێ؟!﴾البقرة:١٣٨ و، هیچ مسوڵمانێك بەبێ بەسەردا هاتنی ئەو بارودۆخه و، ڕەفتار کردنی خۆی و ماڵ و منداڵی به گوێرەی ئەو بارودۆخه، به مسوڵمان دانانرێت.

لەوانەش نەزان و گێل تر ئەو کەسانەن، کەوا دەزانن بەرژەوەندیی ئیسلام لەوەدایە پارێزگاریی لە بیروباوەڕی ئیسلام بکەن و، ڕژێم و یاساکەی وەلانێن، چونکە عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلام، تەنها لەبەر سێبەری ئەو ڕژێمە ئیسلامییەی بەدیهێنەری هەرەزانا دایناوە، دەژی و بڵاودەبێتەوە.

جا من نازانم ئەو جۆرە کەسانە، چۆن باوەڕیان بە بیروباوەڕی ئیسلام هەیە، بەڵام باوەڕیان بە ڕژێم و دەستوورەکەی نییە، ئایا پێیان وایە بیر و باوەڕەکەی لە خواوەیە و، ڕژێم و دەستوورەکەی لە غەیری خواوە یە؟!

﴿قُلْ: كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ فَمَالِ هَؤُلَاءِ الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا: بێژە: هەموی هەر بەدەس خوایە. ئەرێ ئەم مەردمە چیانە؟ وەکو دەهیچ قسەیەك تێنەگەن وایە.﴾النساء:٧٨.

ئەو خوایەی ئیسلامی کردۆتە دین، هەر ئەویش کردوویەتە بیروباوەڕ و ڕژێم و دەستوور و، خوا قایل نییە خەڵك بێجگە لەو دینە پێڕەویی لە هیچ دینێکی دیکە بکەن : ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ: هەرکەسێکی بێجگە لە ئیسلام پێڕەوی لە دینێکی دیکە بکات، ئەوە لێی قبوڵ ناکرێت و لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوانە.﴾ال عمران:٨٥.

هەڵبەت خوا دینی ئیسلامی تەواو کردووە و، بە تەواو کردنیشی نیعمەتەکانی خۆی لەسەر خەڵکی تەواو کردوون و، ڕازی بووە ببێتە بەرنامەی ژیانی خەڵکی و، بۆیان نییە لێی زیاد و کەم کەن و بۆیان نییە بێجگە لەوەی خوا پێی قایلە، بە خۆیانی ڕەوا ببینن و پێی قایل بن : ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا: وا لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواو کرد و، بەبێ کەم و کورتی چاکەم دەگەڵ ئێوەدا کرد و، ئیسلامیشم کردە دینی ئێوە.﴾المائدة:٣ جا ئەگەر خوای گەورە دینی ئیسلامی هەڵبژاردبێت و، ڕازی بێت بیروباوەڕ و یاسا و ڕژێمی خەڵکی بێت، چۆن بابای بڕوادار بۆی هەیە لێی

هەڵبژێرێت، لە کاتێکدا خوا هەڵبژاردنی لیَ قەدەغە کردووە : ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلاَ مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ: ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە کارێك دا، هیچ پیاوێك و هیچ ژنێکی خاوەن باوەڕ، ناتوانن پەسندی نەکەن..﴾الأحزاب:٣٦.

باشە، ئەوانە نازانن کە حوکم و یاساکانی ئیسلام بەش بەش ناکرێن و، لێك دابڕان هەڵناگرن و، دەقەکانی پشتگیریی لەوە دەکەن، ئیش بە هەندێکیان بکرێت و، هەندێکیشیان پشت گویَ بخرێن، هەروا قەدەغەی کردووە باوەڕ بە هەندێکیان بکرێت و بە هەندێکیان نا و، خوای گەورە هەڕەشەی ڕیسوا کردن لە دنیادا و، سزای توند و تیژی قیامەتی لەو کەسانە کردووە وا دەکەن؟!

﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلاَ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ: ئایا باوەڕ بە بەشێکی کتێبەکەتان دەکەن و، باوەڕ بە بەشێکی ناکەن؟ هەرکامێکتان وابکات، ئەوە پاداشتی لە دنیادا هەر ڕیسوابوون و، لە ڕۆژی قیامەتیشدا تووشی توندترین ئەشکەنجە دەکرێن.﴾البقرة:٨٥.

هەندێك کەس لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ، داوایان لە پێغەمبەر کرد دەست لە هەندێکی ئەوەی لە خواوە بۆی هاتووە هەڵگرێت و، بە جۆرێك کە لەگەڵ ئارەزووی ئەواندا بێتەوە، ئەوەبوو سروش هاتە خواریَ، فەرمانی بە پێغەمبەر کرد دەست بەوەی خوا ناردوویەتە خواریَ، بگرێت و، داوای لیَ کرد تخوونی پەیڕەویی کردنی ئارەزووی ئەو لاڕیَبووانە نەکەوێت و، تیَی گەیاند کە حوکم کردن بە گوێرەی ئارەزوو، حوکمی جاهیلیەتە و، چاکترین و شیاوترین حوکم ئەوەیە خوا بۆ بەندەکانی خۆی هەڵبژاردووە : ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُصِيبَهُمْ بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ(٤٩) أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ

وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ: تۆش بەپێی ئەو فەرمانەی خوا ناردویەتە خوارێ، بە کاروباریان ڕابگە و، مەکەوە شوێن ئارەزویان، خۆشیان لێ بپارێزە نەوەك فریوت دەن و، لە هەندێك لەو فەرمانەی خوا بۆی ناردوویە خوارێ، هەڵەت کەن، ئەگەر هەر ڕووشیان وەرگێڕا، ئەوە بزانە کە خوا دەیەوێ لەبەر هەندێك لە گوناحەکانیان تۆڵەیان لێبکاتەوەو، هەڵبەت زۆربەی خەڵکیش لەڕێ لایانداوە. جا ئایا داوای فەرمانڕەوایی نەفامیی دەکەن؟ باشە، فەرمانڕەوایی کێ لە ئی خوا چاکترە بۆ کۆمەڵێك کە لە ئیمانیاندا هیچ گومانێکیان نیە.﴾المائدة:٤٩–٥٠.

بەڕاستی ئەوانەی دەیانەوێ بیروباوەڕی ئیسلام و ڕژێم و دەستووری ئیسلام لێك دابڕن، پێ بزانن یان نەزانن، دوژمنی ئیسلامن، چونکە ڕژێم و دەستووری ئیسلام، زۆر لە دینەمۆ(مولدة)ی کارەبا دەچێت و، بیروباوەڕی ئیسلامیش ئەو ڕووناکی‌یەیە، ئامێرەکە ئیش بۆ هێنانە بەرهەمی دەکات، جا ئەگەر ئامێرەکە پەکی بکەوێت، ڕووناکی‌یەکە نامێنێ و، ئیسلام کۆتایی دێت.

هەڵبەت ئایینی ئیسلام، بەوە جیا دەکرێتەوە کە توانیویەتی هەموو ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوەکان، یەکانگیر بکات و، بەیەك ئاڕاستە ڕێ و شوێن بۆ هەموویان دانێت و، هەمووان بکاتە هاو ڕێباز و هاو ئامانج و، ئەوەشی هەر بۆیە پێ کراوە، چونکە هەم بیروباوەڕە، هەم ڕژێم و دەستوور.

ڕاستە ئیسلام چەند بیروباوەڕێکی دیاری‌کراوی بۆ هێناوین، بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی بە ڕووتی بۆ نەهێناوین، بەڵکو ئەو ڕژێم و دەستوورەشی لەگەڵ هێناون، کە لەسەری بنیات دەنرێن و پێی دەژین و، لەسەری پێویست کردووین شوێنکەوتوو و پابەندی بین، ئەویش ڕژێمێکی وردی پەروەردە و ئاڕاستە کردنە، کە–وەکو پێشتر باسمان کرد– هەموو شتێك دەگرێتەوە و، باسی هەموو حاڵەتێکی مرۆڤ دەکات و، تاك، قۆناغ قۆناغ پێهەڵادەبات، تا

سەرەنجام دەیگەیەنێتە قۆناغی دەست هەڵگرتن لە خۆپەرستی و ئارەزووی خۆبازیی و، دەیباتە قۆناغی یەکلابوونەوە بۆ خزمەتی مەبدەئەکانی قورئان و تێدا توانەوەیان.

بەم جۆرە ئیسلام، هەموو مسوڵمانان بە یەك شێوە پەروەردە دەکات و، یەك ڕێ و شوێنیان بۆ دادەنێت و، بۆ خزمەتی یەك جۆرە ئامانج ساغیان دەکاتەوە، وایان لێ دەکات، داخوازیی یەکێکیان، داخوازیی ئەوەی دیکەشیان بێت و، ئەوەی کۆمەڵێکیان ئیشی بۆ دەکەن و، ئەوەی بچووکیان بە تەمایەتی، گەورەشیان بە تەمای بێت و، ئەوەی زیان بە بە یەکێکیان دەگەیەنێت، زیان بە هەموانیان بگەیەنێت، چونکە هەموویان سەرباری جیاوازیی تاکەکانیان و لێك دووری وڵاتەکانیان، یەك گیان و یەك دڵ و یەك کەسن و، لەسەر ئەو بنەمایەشە، پێغەمبەر ﷺ مسوڵمانانی بە یەك لەش چواندووە، کە ئەگەر ئەندامێکی بێتە ئێش، هەموو ئەندامەکانی دیکەی تووشی ئازار و ئێش و شەونخوونیی دەبن.

جا ئەگەر ئیسلام لە ڕاستیدا بیروباوەڕ و ڕژێم و دەستوور بێت، ئەوە سروشتەکەی وا دەخوازێ حوکم و فەرمانڕواییش بێت، چونکە بنیاتنانی بیروباوەڕ وا پێویست دەکات ڕژێمێکیش بۆ خزمەت کردنی بنیات بنرێت و، ڕژێمی ئیسلام ناکرێ بنیات بنرێت لە ژێر سێبەری حوکمێکی ئیسلامیدا نەبێت، کە لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامدا بێتەوە و، پشتی بگرێت، چونکە هەموو حوکمێکی غەیرە ئیسلامی، حەتمەن سەردەکێشێ بۆ پەك خستنی ڕژێمی ئیسلام و. ئەگەر درووست بوونی ڕژێمی ئیسلام پێویستی بە درووست بوونی حوکمێکی ئیسلامی هەبێت، ئەوە مەعنای ئەوەیە کە حوکمی ئیسلامی لە پێداویستییەکانی ئیسلامە، یان لە سروشتی ئیسلامە.

ئیسلام دین و دەوڵەتە

ئیسلام هەر دین نییە بە تەنێ، بەڵکو دین و دەوڵەتە و، سروشتی ئیسلام وایە کە دەوڵەتی هەبێت و، ئەگەر ئەو دەقە ڕاشکاوانەی پێشووش کە باسمان کردن، لاپەڕین، ئەوانەی حوکم کردن بە گوێرەی ئەوەی خوا ناردوویەتی، واجب دەکەن، هیچ لە سروشتی ئیسلام، کە دروست کردنی حوکمی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی پێویست دەکەن، ناگۆڕێت، چونکە ئەنجامدانی وەکو پێویستە، مسۆگەر نییە، مەگەر لە بن سێبەری حوکمێکی ئیسلامی خالیس و دەوڵەتێکی ئیسلامیدا کە بە گوێرەی فەرمانی خوا پێکهاتبێ. بەرپاکردنی ئیسلامیش بۆ خۆی، لەو چوارچێوەدا کە خوا دیاریی کردووە و، پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردۆتەوە، پێویستی بە بنیاتنانی دەوڵەتیکی ئیسلامیی هەیە، کە ئیسلام بە پێی ئەو نەخشەی خوا بۆی دیاریی کردووە، بەرپا بکات، ئەمەش مەنتیقێکە، تەنها بابای خۆ بە زۆر زان ئینکاری دەکات، چونکە ناکرێ ئیسلام بە ڕاستی بەرپا بکرێت، لەژێر سێبەری دەوڵەتێکی نائیسلامیدا، کە بەرپاکردنی ئیسلامی بەلاوە گرنگ نییە و، زیانی لێ ناکەوێت ئەگەر شتی لێ کەم کات و، بە کەیفی خۆی پەکی بخات یان بە لاڕێیدا بەرێت و، ئیسلامی بەڕاستی، تەنها لە سایەی دەوڵەتێکدا دێتە دیی، کە لەسەر بنەماکانی ئیسلام بنیات نرابێت و، پابەندی ڕێ و شوێنەکانی بێت.

زۆربەی ئەو شتانەش کە ئیسلام هێناونی، جێبەجێ کردنیان بە تاکەکانەوە بەند نییە، بەڵکو بە دەوڵەتەکانەوە بەندە و، ئەمەش بە تەنێ ئەوە دەسەلمێنێ کە حوکم و فەرمانڕەوایی، لە سروشتی ئیسلام و پێداویستییەکانیەتی و، ئیسلام دین و دەوڵەتە.

ئیسلام زۆر كاری قەدەغە كردوون و، كردنیانی بە تاوان داناوە، كە مرۆڤیان لەسەر سزا دەدرێت و، چەند سزایەكی بۆ ئەو تاوانانە و، سزاكەی تۆڵە (كوشتنەوە)یە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، لەمەڕ ئەوانەی كوژراون، تۆڵەمان بۆ بڕیارداون.﴾البقرة:١٧٨ و، یەكی دیكەیان دزی‌یە و سزاكەی دەست بڕینە: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا: پیاو و ئافرەتی دز، دەستیان ببڕن.﴾المائدة:٣٨.. هەروا بوختان كە سزاكەی دارلێدانە: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً: ئەو كەسانەی بوختانێ بۆ ژنانی داوێن پاك دەكەن و، چوار شایەتیش ناهێنن، هەشتا شێلاقیان لێ بدەن.﴾النور:٤.. قسەشی لەسەر نییە كە قەدەغەكردنی چەند كارێك و، بە تاوان لە قەڵەم دانیان و، سزا لەسەر دانانیان، بابەتی حوكم و فەرمانڕەوایی یە و، لە ئیشە هەرە تایبەتی یەكانی دەوڵەتە، جا ئەگەر ئیسلام دین و دەوڵەت نەبا، ئەو ڕێگایەی نەدەگرتەبەر.

گومانیشی تێدا نییە كە قورئان بێ هوودە و لە خۆڕا ئەو دەقانەی باسی تاوان دەكەن، نەهێناون، بەڵكو بۆ ئەنجامدان و جێ‌بەجێ كردن هێناونی و، ئەگەر قورئان جێ‌بەجێ كردن و ئەنجامدانی ئەو دەقانەی لەسەر مسوڵمانان فەرز كردبێت، هەڵبەت دروست كردنی حكوومەت و دەوڵەتێكیشی لەسەر فەرز كردوون كە مشووری جێ‌بەجێ كردنی ئەو دەقانە بخوات و، جێ‌بەجێ كردنیان بە بەشێك لە ئەركی سەرشانی خۆی بزانێت.

هەروا ئیسلام یەكسانیی لە نێو خەڵكیدا واجب كردووە : ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ: ئەی خەڵكینە، هەڵبەت ئێوەمان لە نێر و مێ‌یەك وەدیی هێناوەو، كردوومانن بە چەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەكدی بناسن، بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزكارترینتانە.﴾الحجرات:١٣.. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ : ﴿النَّاسُ سَوَاسِيَةٌ

كَأَسنانِ المِشْطِ، لاَ فَضْلَ لِعَرَبيٍّ عَلَى أعجَمِي إلاَّ بِالتَقوَى: خەڵك هەموو وەكو ددانەكانی شانە یەكسانن و، عەرەب لە غەیرە عەرەب چاكتر نییە بە تەقوا نەبێ)).. هەڵبەت یەكسان تەماشاكردنی خەڵكیش، كاری حكوومەتانە، نەك تاكان.

هەروا قورئان دادپەروەریی لە حوكم كردندا، بە واجب دادەنێت : ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ: هەركاتێكیش بە كاروباری خەڵكی ڕادەگەن، بێ لاگری و بەدادپەروەری پێی ڕابگەن.﴾النساء:٥٨، دادپەروەریش لە حوكم كردندا، لە كاروبارە هەرە تایبەتی‌یەكانی حكوومەت و دەوڵەتانە.

وە ئیسلام لەسەر زاری پێغەمبەر ﷺ، وەپاش خۆدان(الاحتكار)ی حەرام كردووە: ﴿لاَ يَحتَكِرُ إلاَّ خَاطِيء: تەنها بابای هەڵە شت وەپاش خۆ دەدات)) و، سوود(ربا)ی بەم ئایەتە حەرام كردووە : ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا: خواش كڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ كردووەو سوود(ریبا)ی حەرام كردوە.﴾البقرة:٢٧٥ و، خراپ بەكارهێنانی دەست ڕۆیشتوویی و بەرتیلی حەرام كردووە و، خوا دەفەرموێ : ﴿وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ: ماڵی یەكدی لەنێو خۆتاندا بەناڕەوا مەخۆن و، مەشی دەنە كاربەدەستان تا ڕێتان هەبێ بە ناڕەوا هەندێك لەماڵی خەڵكی بخۆن لەكاتێكدا ئەوەش دەزانن.﴾البقرة:١٨٨، حەرام كردنی وەپاش خۆدان و سوود و خراپ بەكارهێنان و بەرتیلیش، لە كارە هەرە لەپێش و تایبەتی یەكانی حكوومەتانی چاكەكارن.

هەروا ئیسلام باجی لەسەر ماڵ و سامان داناوە: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا: لە دارایی‌یەكی هەیانە، سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاك و خاوێنیان بكەیەوە.﴾التوبة:١٠٣ و، لە پارە و سامانی دەوڵەمەندانندا، هەندێك مافی بۆ هەژاران فەرز كردووە : ﴿وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ(٢٤) لِلسَّائِلِ

وَالْمَحْرُومِ: ئەوانەشی لە دارایییەکەیاندا بەشێکی ئاشکرا هەیە بۆ سواڵکەر و بێبەش.﴾المعارج:٢٤-٢٥ و، جۆرەها باجی لەسەر سامان داناوە، لە پێناوی خوا و بۆ دەست کورت و نەداران خەرج بکرێت، هەروەکو لە بەشی (سامان)دا باسمان کرد و، ئەو کەسانەی سامانیان لە دەستدایە، بە چەندەها یاسا و مەرجی پابەند کردوون.. ئەو شتانەش هەموویان، تایبەتیترین کاری حکوومەتانن، هەر لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا ئێستا و، تەنانەت لە گرنگترین ئەو شتانەن حکوومەتان دروست دەکەن و دەڕووخێنن.

هەروا ئیسلام واجبی کردووە حوکم و فەرمانڕەوایی بە ڕاوێژ بێت، وەکو خوای گەورە دەفەرمویّ : ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ: کاروبارییان لەنێوخۆدا بە پرس و ڕایە﴾شوری:٣٨ و، ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ: لە کاروباردا پرس و ڕایان پێ بکە﴾ال عمران:١٥٩.. بەجێهێنانی ڕاوێژیش، پێویستی بە حوکمێکی ئیسلامی و دەوڵەتێکی ئیسلامی هەیە و، ئەگەر ئیسلام دین و دەوڵەت نەبایە، باسی شێوازی حوکم کردن و جۆری حکوومەتی نەدەکرد.

بێجگە لەوانەش، لە ئیسلامدا دەقێکی ئەوەندە زۆر هەن ژماردنیان گرانە، کە باسی پێوەندیی تاك بە دەوڵەتەوە و، دەوڵەت بە تاکەوە دەکەن و، ڕەفتار و کاروباری وەکو کڕین و فرۆشتن و، کرێ و بەخشین و، وەسیەت و هاوسەرگەریی و تەڵاق و شتی دی ڕێك دەخەن و، بەڕێوەبردن و ئابووریی ڕێك دەخەن و، کێشە و ناکۆکییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و، ئاشتی و شەڕ و ڕێککەوتن و پەیماننامە هەڵدەبڕن و، چارەسەری هەموو کاروبارێکی تاك و کۆمەڵ دەکەن و، لەسەر بناغەی یەکسانی و یارمەتی و هاوکاریی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵ بنیات دەنێن و، ئەو دەقانەش هەموو پێکەوە دەبنە دەستوورێك بۆ فەرمانڕەوایی، کە هەموو دەستوورێکی دانراوی مرۆڤکرد وەلا دەنێت و، دەبێتە یاسایەك بۆ هەموو هەڵس و کەوتێکی مرۆڤ، کە تا ئێستا یاسا و بەرنامەی وا

بەرز و بالاّ نەبووە، هەموو ئەو شتانەش، تەنها حکوومەت و دەوڵتان ئەنجامیان دەدەن و سەریان لێ دەردەچن، جا مادام ئیسلام هێناونی و فەرزی کردوون، کەوابوو: حکوومەتی هێناوەو، دروست کردنی دەوڵەتی فەرز کردووە و، لە ئیسلامدا دین و دەوڵەت هەر یەکە.

جا ئیسلام هەموو کاروبارێکی دنیا، لەسەر بنچینەی دین بنیات دەنێت و، دین دەکاتە پشتیوانی دەوڵەت و، دەستەواژەیەك بۆ ڕێك و پێك کردنی حوکمڕانی و، ڕێ و شوێن بۆ دانانی فەرمانڕەوایان و، ئەوانەی لەبەردەستیاندان.

دەوڵەتی نموونەییش لە ئیسلامدا، ئەو دەوڵەتەیە کاروباری دنیا بە گوێرەی دین بنیات دەنێت و، بە پێی فەرمانی خوا ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی بەردەستیدا دەکات و، لەو شتانەی خوا فەرمانی نەکردنیانی پێ کردوون، پشتگیرییان لێ دەکات : ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ: ئەوانەی ئەگەر لەم زەمینە دایانمەزرێنین، نوێژکەر و زەکاتدەرن و، فەرمان بەچاکە دەکەن و، پێش لەکاری خراپە دەگرن.﴾الحج: ٤١.

دینیش لە ئیسلامدا بۆ دەوڵەت پێویستە و، هەروا دەوڵەتیش لە شتە پێویستەکانی دینە، چونکە دین بەبێ دەوڵەت ئەنجام نادرێت و، دەوڵەتیش بەبێ دین وەك پێویست نابێت..

حکومەتی ئیسلامی
ئەرک وجیاکەرەوەکانی

- ئەو حکومەتەی فەرمانی خواجێبەجێ دەکات
- مەنتیقی ئەزموونان
- ئەرکی حکومەت جێبەجێکردنی فەرمانی خوایە
- جیاکەرەوەکانی حکومەتی ئیسلامی
- جۆری حکومەتی ئیسلامی

ئەو حکومەتەی فەرمانی خوا جێبەجێ دەکات

ئەگەر خوای گەورە لەسەری واجب کردبین حوکم بەوەی بۆ پێغەمبەری ناردووە، بکەین و، لە نێو خۆماندا بیکەینە داوەر، ئەوە لەسەر مسوڵمانانی واجب کردووە، حکوومەتێك لەسەر خۆیان بکەنە فەرمانڕەوا، فەرمانی خوایان لە نێودا جێبەجێ بکات و، پارێزگاریی لێ بکات و، ئەندامەکانی، وەکو چۆن بە ڕۆژووگرتن و نوێژ کردن خواپەرستی دەکەن، بە بنیاتنانی حوکم و فەرمانڕەواییش بە گوێرەی بەرنامەی خوا، خوا پەرستی بکەن.

لە بنەڕەتیشدا حکوومەت پێویستی یەکی کۆمەڵایەتی یە، نەبوونی ناکرێ، جا ئەگەر فەرمانڕەوایی و حوکم چەند خەسڵەتێکی دیاری کراوی هەبن، ئەوە پێویستە ئەو حکوومەتەی فەرمانڕەوایی یەکەشی بە دەستە، خاوەنی هەمان ئەو خەسڵەتانە بێت لە پێناوی سەرکەوتنی حوکمەکەدا، چونکە بابایەك بۆ خۆی شتێکی نەبێت، ناتوانێت بیبەخشێت و، تەنها ئەو کەسەش بیروباوەڕێك دەکاتە کردەوە، کە باوەڕی پێ هەبێت.

لەبەر ئەوە جا ئەگەر واجب بێت فەرمانڕەوایی بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام بێت، ئەوە واجبیشە حکوومەت ئیسلامیی بێت و، هەموو ئەندامەکانی باوەڕیان بەو بنەمایانە هەبێت فەرمانڕەوایی یەکەی لەسەر بنیات نراوە و، جەخت لەسەر کار پێکردن و ئەنجامدانی بکەن.

ئەگەر پێویستیش بوو حوکم سۆشیالیستی بێت، ئەوە گەمژەیی‌یە ئەو حکوومەتە بدرێتە دەستی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە سۆشیالیزم نییە.

ئەوە مەنتیقی خەڵکە و، ئەوە سروشتی شتانە، جا هەر کەسێك بیەوێت ئیسلام بە حکوومەتێك کە حوکم بە شەریعەتی ئیسلام ناکات، جێبەجێ بکات، ئەوە کار بۆ ڕووخاندن و تێکدانی ئیسلام دەکات.

مەنتیقی ئەزموونان

بەراستی ئەزموونەکانی وڵاتانی مسوڵمان نشین، سەلماندوویانە کە ئیسلام تەنها بەوەندە جێبەجێ ناکرێت کە کاربەدەستەکان مسوڵمان بن، بەڵکو دەبێ حوکم بە ئیسلام بکەن و، قورئان بۆ فەرمانڕەوا و مسکێنان بکەنە دەستوور و یاسا، ئەوەش سەرجەم دەوڵەتانی مسوڵمان نشین، تێیان فکرە، یەکیان نییە حوکم بە ئیسلام بکات و، لە هەموو ئیش و کارەکانیدا پێڕەویی لێ بکات، هەرچەندە کاربەدەستەکان و زۆربەی خەڵکەکەیان مسوڵمانن. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەزموون و تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە ئەو کار بەدەست و فەرمانڕەوا مسوڵمانانەی شارەزای ئیسلام نین و، هەوڵی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی نادەن، کۆن و تازە هەر شەڕیان بە ئیسلام فرۆشتووە و، ئامێرێکی ڕام و دەستەمۆ بوون لە دەستی ئەو دوژمنانەی خوادا کە پیلان لە ئیسلام و مسوڵمانان دەگێڕن و، لە سەردەمی ئەو فەرمانڕەوا نەفامانەدا، قەدەغەکانی ئیسلام حەڵاڵ کران و، هەرچی خوا حەڵاڵی کردووە حەرام کرا و، هەرچی خوا حەرامی کردووە حەڵاڵ کرا و، فەساد و خراپە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بڵاوبۆوە و بەرەڵایی پەرەی گرت و، بڵاوبوونەوەی ئیسلام ڕاوەستا و، دەستەڵاتی نەما و، بەبێ ئەوەی توانای بەرگریی لە خۆ کردنی هەبێ، ئەوانەی جاران هیچ نەبوون، دەستیان بەسەر مسوڵمانان و وڵاتانی ئیسلامدا گرت..

ئەوەیە مەنتیقی مرۆڤ و مەنتیقی واقیع و مەنتیقی ئەزموونان، جا ئەوە هەمووی دەیسەلمێنێ کە دروست کردنی حوکمی ئیسلامی، بەوجۆرە دەبێت کە حکوومەتان دەبێ لەو کەسانە پێك بێن کە باوەڕیان بە یاسای ئیسلامەتی هەیە و، هەموو خەم و خەیاڵیان جێبەجێ کردنی ئیسلام و چەسپاندنی بنەماکانیەتی و، لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو مەنتیقە، مەنتیقی قورئانیشە.

ئەرکی حکومەت جێبەجێ کردنی فەرمانی خوایە

هەڵبەت ئیسلام، جێبەجێ کردنی ئیسلامی بە ئەرکی حکوومەتی ئیسلامیی داناوە، چونکە قورئان لەسەر حکوومەتی ئیسلامی فەرز کردووە هاوبەش پەرستی(شرك) لەنێو بەرێت و، ئیسلام بکاتە فەرمانڕەوا و، نوێژ بەرپابکات و زەکات وەربگرێت و، فەرمان بە چاکە و پێشگریی لە خراپە بکات و، کاروباری خەڵکی بە گوێرەی بەرنامەی خوا بەڕێوە بەرێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لاَ يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ: خوا ئەوانەتان کە باوەڕیان هێناوەو کاری چاك دەکەن، لەسەر زەویی دەیانکاتە جێنشین، هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەوانی کردنە جێنشین، دینەکەشیان کە خۆی بۆی پەسند کردوون، هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی، تا تەنها من بپەرستن و هیچ شتێکیش بە شەریکی من نەزانن و، هەر کەسێکیش لەدوای ئەوە سپڵەیی بکات، ئەوە لە ڕیزی لاڕێ

بووانه.﴾النور:٥٥، **هەروا دەفەرموێ :** ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ: **ئەوانەی هەرکاتێك لەسەر زەویی دامانمەزراندن، نوێژ دەکەن و فەرمان بەچاکە دەکەن و، ڕێ لە خراپە دەگرن و، سەرەنجامی هەموو ئیش و کاران هەر بۆ خوایە.**﴾الحج:٤١.

فەرمان کردن بە چاکەش، هەڵنانی خەڵکە بۆ هەر شتێك کە بە گوێرەی ئیسلام دەبێ بگوترێ، یان بکرێ و، پێشگری کردن لە خراپەش، هاندانی خەڵکە بۆ نەکردنی هەر شتێکی دەبێ نەکرێت، یان گۆڕینی هەر شتێکی بە پێی ڕێ و شوێن بۆ دانانی ئیسلام، دەبێ بگۆڕرێت، جا ئەگەر حکوومەت فەرمان کردن بە چاکە و پێشگریی کردن لە خراپەی بەجێ هێنا، ئەوە هەرچی ئیسلام فەرمانی پێ کردووە ئەنجامی داوە و، هەرچی پێچەوانەی ئیسلامە، تێکی داوە.

جا قورئان لەسەری واجب کردووین گوێڕایەڵیی کاربەدەست و حکوومەت بکەین، بە مەرجێك ئەوانیش ئەگەر لە شتێکدا تێك گیران، بەرنامەی خوا بکەنە داوەر و، حوکم بەوە بکەن کە خوا ناردوویەتی : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ[1] مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ: **ئەی گەلی بڕوادارینە، بەقسەی خوا و پێغەمبەر و کاربەدەستانی خۆتان بکەن، هەر کاتێکیش لەنێو خۆتاندا لەسەر شتێك پێك نەهاتن، حەواڵەی خوا و پێغەمبەری بکەن.**﴾النساء:٥٩.

هەڵبەت گێڕانەوەی بابەتی ناکۆکیی لە سەریش بۆ حوکم و بەرنامەی خوا، پێویستی بەوەیە حکوومەت و کاربەدەستان، فەرمانی خوا بە جێ بێنن و، بە گوێرەی بەرنامەی خوا و پێغەمبەر حوکم بکەن.. دانی ماف تێك گیران لەگەڵ

---

[1] هەندێك کەس ((أولي الأمر﴾ بە کاربەدەستان لێك دەدەنەوە و، هەندێکی دیکەش بە ئەهلی پرس و ڕاوێژ.

کاربەدەستانیش بە بەردەستان و، بردنەوەی بابەتی لەسەری تێك گیراون بۆ فەرمانی خوا بۆ هەڵبڕینی، وا دەخوازێت کاربەدەستان پابەندی فەرمانی خوا بن و، لەبەرنامەی خوا لانەدەن.

ئەگەر حکوومەتانیش لەسەر گوێڕایەڵیی بەردەستانیان ڕادەوەستن و، لە بنەماکانی ئیسلام ئەوەیە کە مسکێن و بەردەستان بە قسەی فەرمانڕەوایانی مسوڵمان بکەن، کە کاروباریان بۆ هەڵدەسووڕێنن، دیسان ئەوەش هەر لە بنەماکانی ئیسلامە کە هەر کاتێك کاربەدەست و فەرمانڕەوایان لە جوغزی فەرمان و بەرنامەی خوا چوونە دەرێ، خەڵك دەبێ لێیان یاخی بن و بە قسەیان نەکەن، وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لاَ طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الخَالِقِ: نابێ لە سەرپێچی کردنی خوادا، بە قسەی کەس بکرێت)).

بەو جۆرە ئیسلام، گوێڕایەڵیی کردنی کاربەدەستانی لە لایەن بەردەستانەوە، بە گوێڕایەڵیی کردنی خوا لە لایەن کاربەدەستانەوە بەستووە، جا حکوومەتی ئیسلامیی پێویستە لەسەر ئەنجامدانی فەرمانی خوا بنیات بنرێت و، بە هیچ جۆرێك بۆی نییە لە بەرنامەی خوا لادات، دەنا مافی ئەوەی نامێنێ خەڵك بە قسەی بکات و، سەرەنجام مافی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی لە دەست دەدات.

جا ئەگەر مافی حکوومەت لەوەدا کە خەڵك بە قسەی بکات و هەروا لە حوکمڕانیدا، لە کاتی ئەنجامدانی فەرمان و بەرنامەی خوادا چەسپاو و جێگیر بێت، ئەوە لەسەری واجبە فەرمانی خوا بەجێ بێنێت و ئیش بە قورئان بکات.

جیاکەرەوەکانی حکومەتی ئیسلامی

حکوومەتی ئیسلامیی، لە هەموو ئەو حکوومەتانەی ئەمڕۆ لە دنیادا هەن و، ئەوانەش کە پێشتر هەبوون، جیایە، چونکە حکوومەتێکی تاقە و، وەکو هیچ حکوومەتێکی دیکە نییە.

حکوومەتی ئیسلامیی سێ خەسڵەتی تێدان، کە لە هیچ حکوومەتێکی تردا نین، کە ئەمانەن :

یەکەم- حکوومەتێکی قورئانی یە.

دووەم- حکوومەتی ڕاوێژ و پرس و ڕایە،

سێیەم- حکوومەتی جێنشینی(خلافة) یان پێشەوایی(إمامة)ە.

یەکەم خەسڵەت : حکوومەتێکی قورئانییە.

حکوومەتی ئیسلامی بەوە جیا دەکرێتەوە کە حکوومەتێکی قورئانی یە، واتە : مل کەچی قورئانە، کە ئەو کتێبەیە خوا بۆ محمدی پێغەمبەری ﷺ ناردووەتە خوار.

قورئانیش دەستووری باڵای حکوومەتی ئیسلامی یە، ڕێ و شوێن بۆ ڕەفتاری دادەنێت و، ماف و ئەرکەکانی بە شێوەیەکی گشتی دیاریی دەکات و، ئەو سنوور و ڕێڕەوانە، بواری هەڵسووڕانی پێ دەدات..

هەروا قورئان لە هەمان کاتدا ماف و ئەرکەکانی تاکەکان و ڕاددەی دەستەڵاتی دەوڵەت بەسەریانەوە و، چەندێتیی مل کەچ بوونیان بۆ دەستەڵاتی دەوڵەت، دیاریی دەکات..

هەڵبەت قورئانیش چەندان جیاکەرەوەی هەن، کە لە هەموو دەستوورێکی دیکەی کە ئێستا مرۆڤ ناسیویەتی، هەڵداوێرێ، گرنگترین ئەو جیاکەرەوانەش ئەمانەن :

١- قسەی خوایە کە بە سروش (وحی) بۆ پێغەمبەری نەخوێندەواری خۆی محمدی ناردووە، تا بە خەڵکی ڕابگەیەنێت و، بەو ڕووناکی یە خەڵك لە تاریکستان دەربێنێت و، ڕێنوێنی یان بکات و لە گومڕایی بیانپارێزێت : ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلاَّ وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ(٥١) وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلاَ الإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ(٥٢) صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ أَلاَ إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الأُمُورُ: هەرگیز خودا هیچ کەسێکی ڕوبەڕوو نەدواندوە، یان فەرمانی لە ڕێی دڵیەوە ناردووە بە وەحی، یان لە پشت پەردەوە بووە، یان قاسیدێکی ناردووە و ئیزنی داوە سروشی بۆ بنێرێ، بەڕاستی ئەو بەرزی کارزانە.. هەر بەم جۆرەش ئێمە لە فەرمانی خۆمان گیانێکمان بۆ ناردی، لەپێشدا نەتدەزانی کتێب چییە، نە ئیمان، بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێك، کە ئەو عەبدانەی بمانەوێ بەوە ڕێنوێنیی دەکەین و تۆش لە ڕاستەڕێ ڕێبەری ، ڕێگە بەرەو ئەو خوایەی هەرچی کارێك هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە..﴾الشورى:٥١-٥٣، ﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا: بەم جۆرە قورئانێکی عەرەبیمان بۆ ناردی.﴾الشورى:٧. ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ: ئەم قورئانەم بۆ نێرراوە تا ترستان پێ وەبەرنێم، هەروا ئەوانەش کە ئەم قورئانەیان پێ‌دەگات.﴾الأنعام:١٩.

٢- مسوڵمانان لەسەریانە شوێن قورئان کەون و دەستی پێوەبگرن و، بە هیچ جۆرێك بۆیان نییە لێی لادەن : ﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّى يَحْكُمَ اللَّهُ

وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ: **بکەوە دوای ئەوەی خوا بۆت دەنێرێ و ئارام بگرە، هەتا خودا پێڕاتدەگات و خودا باشترین دادوەرە.**﴾یونس:١٠٩. ﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا: **بکەوە شوێن ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دێت، هەڵبەت خوا ئاگای لە کردەوەکانتانە.**﴾الأحزاب:٢. ﴿فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ: **دەست بەو پەیامەوە بگرە بۆت هاتۆتە خوار، هەڵبەت تۆ لەسەر ڕێبازێکی راستی.**﴾الزخرف:٤٣. ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ: **بکەونە دوای ئەوەی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتووەو، بێجگە لەوی مەکەونە دوای سەرپەرستانی دیکە**﴾الأعراف:٣. ﴿اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ: **بکەوە شوێن ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە، بێجگە لەوی چ پەرستراوی ڕەوا نین و، خۆ لە هاوبەش پەرستان لادە.**﴾الأنعام:١٠٦.

٣- بێگومان قورئان نە گۆڕین هەڵدەگرێت، نە دەستکاریی، چونکە لە لایەن خواوە هاتووە و، قسە و وشەکانی خواش بە کەس ناگۆڕێن : ﴿قَالَ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ: **ئەوکەسانەی بە تەمای دیداری ئێمە نین، گوتیان: یان قورئانێکی دیکە بێنە، یان بیگۆڕە، بڵێ: بۆم نیە لە خۆڕا بیگۆڕم، من تەنها دەکەومە دوای ئەوەی لە خواوە بۆم دێت.**﴾یونس:١٥. ﴿وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ كِتَابِ رَبِّكَ لاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَنْ تَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا: **ئەوەی بۆت هاتوە لە کتێبی پەروەردگارت، بخوێنەوە، ناشێ کەس وتاری خودا بگۆڕێ و، بێجگە لەوی فریاگوزارێك نادۆزیەوە.**﴾الکهف:٢٧. ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً لاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ: **قسەکانی پەروەردگارت لە ڕاستی و دادپەروەریدا، تەواو و بێکەم و کورتین، کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ و، زۆر بیسەر و هەرە زاناش هەر ئەوە.**﴾الأنعام:١٥. ﴿لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ: **وشەکانی خوا ناگۆڕێن**﴾یونس:٦٤.

٤- هەڵبەت قورئان زیاد کردن و کەم کردن هەڵناگرێت، چونکە بە کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ و بڕانی سروش(وحی)، تەواو بووە، یان کەمێك پێش کۆچی دوایی ئەو زاتە تەواو بووە، ئەو ڕۆژەی خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارێ: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا: وا لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواو کرد و، بەبێ کەم و کورتی چاکەم دەگەڵ ئێوەدا کرد و، ئیسلامیشم کردە دینی ئێوە.﴾المائدة:٣.

٥- قورئان هەڵوەشاندنەوە هەڵناگرێت، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن و، لەبەر ئەوەی خوای باڵا دەست، بە پەیامی محمد ﷺ کۆتایی بە پەیامان هێنا و، ئەوی کردۆتە دوا پێغەمبەر : ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ: محمد بابی هیچ کام لە پیاوانی ئێوە نییە، بەڵام ڕاسپاردەی خوایە و ئاخیری پێغەمبەرانەو، خواش هەموو شتێك دەزانێ.﴾الأحزاب:٤٠.. چونکە مرۆڤیش-کە جێنشینی سەر زەوییە- بۆی نییە لە فەرمانی ئەو خوایەی کردوویەتە جێنشین، دەرچێت و، ناتوانێ قسەی وی هەڵوەشێنێتەوە، یان پەکی ئیش پێ کردنی بخات، جا ئەگەر وا بکات، ئەوە بە هۆی دەرچوونی لە سنووری ئەرك و کاری خۆی و، دەست تێ وەردانی بابەتێك کە ئیشی وی نییە، کارەکەی بە تەواویی پووچ و بێ هوودەیە.

دەتوانین لە ڕوویەکی دیکەشەوە بیسەلمێنین کە قورئان قابیلی هەڵوەشانەوە نییە، ئەویش ئەوەیە کە یاسای بنەڕەتیی لە شەریعەتی ئیسلام و قانوونە مرۆڤکردەکانیشدا، ئەوەیە کە هیچ دەقێك، بە دەقێکی لە خۆی بەهێزتر یان وەك خۆی بەهێز نەبێ، هەڵناوەشێتەوە، واتە: ئەو دەقە دەبێ لە یاسادانەرەکە خۆیەوە دەرچوبێت، یان ئەو دەستەیەی-لانی کەم- دەستەڵاتی یاسادانانی هەیە، وەکو چۆن ئەو دەستەیەی ئەو دەقانەی هێناون کە دەیانەوێ هەڵیان وەشێنێتەوە، ئەو دەستەڵاتەی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو دەقانەی قورئان

هەڵدەوەشێننەوە، دەبێ قورئانێك بێ خوا ناردبێتی و، تازە لە دوای پێغەمبەریش قورئان نایەتە خوارێ، چونکە وەحی کۆتایی هاتووە و، ناشکرێ بگوترێ ئەو دەقانەی لە دەستە و پێڕەکانی مرۆڤەوە، کە تایبەتن بە یاسادانان، دەردەچن، لە پلەی قورئاندان، یان لە دەستەڵاتی یاسادانانندا، لە ئاستی خوا و پێغەمبەردان، لەبەر ئەوە قەت مرۆڤ لە دەستی نایەت قسەی خوا هەڵوەشێنێتەوە، یان پەکی کار پێ کردنی بخات.

دووەم خەسڵەت : حکوومەتی ڕاوێژ و پرس و ڕایە.

خوا ڕاوێژی بە یەکێك لە پێداویستی یەکانی باوەڕ داناوە و، کردوویەتە خەسڵەتێکی هەمیشەیی باوەڕداران، کە لە خەڵکی دیکەیان جیا دەکاتەوە: ﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ: ئەو کەسانەش کە بە دەنگی پەروەردگاریانەوە چوون و نوێژ دەکەن و ئیش و کاریان لەنێوخۆدا بە ڕاوێژە و، لەو بژێویەی پێمان بەخشیون، دەبەخشن.﴾الشوری:٣٨، جا ئیمانی مسوڵمانان کامڵ نابێت، بە هەبوونی خەسڵەتی ڕاوێژ نەبێت لە نێویاندا و، هیچ کۆمەڵێکی مسوڵمان نابێ کاروباری خۆی لەسەر غەیری ڕاوێژ بنیات بنێت، یان پێی قایل بێت، دەنا تاوانبارە و، سەرپێچی لە فەرمانی خوا کردووە.

خوای گەورەش فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە، لە ئیش و کاردا پرس بە برادەرانی بکات : ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ: لە کاروباردا پرس و ڕایان پێ بکە﴾آل عمران:١٥٩.. لەبەر ئەوەش نا کە پێغەمبەر ﷺ پێویستی بە تەکبیر و ڕای ئەوانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕاوێژ کردن فەرزە و خوا لەسەری واجب کردوون و، لەسەر کار بەدەستی پێویست کردووە لە هەر شتێکدا پێوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە، ڕاوێژ بکات و، لەسەر کۆمەڵیشی فەرز کردووە لە هەموو ئیش و کارێکی خۆیدا ڕای خۆی دەربڕێت، جا کاربەدەست بۆی نییە لە کاروباری گشتیدا هەر

بە قسەی خۆی بکات و، کۆمەڵ بۆی نییە لەو شتانەدا کە پێوەندییان بە بەرژەوەندیی کۆمەڵەوە هەیە، بێدەنگ بێت، ئەمەش لەگەڵ ئەو فەرمانەی قورئاندا کە فەرمان کردن بە چاکە و پشتگیریی کردن لە خراپەی فەرز کردووە: ﴿وَلْتَكُنْ مِنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ: با لەئێوە کۆمەڵێك پێك بێت بانگەواز بکەن بۆ کاری چاك و، فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێ لە خراپە بگرن.﴾آل عمران:١٠٤، دێتەوە.

بەڵام هەرچەندە ڕاوێژ فەرزێکە لە فەرزەکانی ئیسلام، فەرزێکی ڕەها نییە هەموو شتێك بگرێتەوە، بەڵکو تەنها لەو شتانەدا پێویستە کە قورئان و سوونەت یەکلایان نەکردوونەتەوە، بەڵام ئەو شتانەی قورئان و سوننەت یەکلایان کردوونەتەوە. ئەوە مەگەر ڕاوێژەکە لە جوغزی جێبەجێ کردن و ڕێکخستنی ئەو شتانەدا بێت، دەقی قورئان باسی کردوون و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردوونەتەوە، دەنا ڕاوێژ نایانگرێتەوە.

ڕاوێژیش لەو شتانەدا کە فەرزە، ڕەها نییە و بە هەندێك شتەوە بەندە، نابێ لە سنووری قورئان و سوننەت دەرچێت، چونکە بە هیچ جۆرێك نابێ ڕاوێژ ببێتە هۆی دژایەتی کردنی دەقەکانی یاساداناني ئیسلامیی، یان چوونە دەرەوە لە گیانی یاسا و، پێویستە هەمیشە ڕاوێژ لەگەڵ یاسای ئیسلامدا یەکانگیر بێت و، بە گوێرەی ڕێ و شوێن و گیانی بەرنامەی خوا بێت.

پابەندبوونیش بە یاسا و ڕێ و شوێنی ئیسلامەوە، وا دەخوازێ کە کاربەدەستان و هەموو ئەهلی ڕاوێژ، یان زۆربەیان شارەزای یاسای ئیسلام بن و، لە گیان و ڕێ و شوێنەکانی حاڵی بن و، ئەمەش مەعنای ئەوەیە، ڕاوێژ هەر بەو کەسانە بکرێت کە چەند خەسڵەتێکی تایبەتی یان تێدان.

سێیەم خەسلەت: حکوومەتی جێنشینی(خلافة) یان پێشەوایی(أمامة)ە.

لە بەشی جێنشینیدا زانیمان کە خوا مرۆڤی لەسەر زەویی کردۆتە جێنشین و، جێنشینیش سێ جۆرە: جێنشینی گشتیی و، جێنشینیی دەوڵەتان و، جێنشینیی تاکەکان و، گوتیشمان جێنشینیی تاکان، جێنشینی یە لە سەرکردایەتیدا و، ئەو کەسەی کراوەتە جێنشین، جاری وایە ناوی دەنێن خەلیفە، هەروەکو ناو لە داودعليه السلام نرا : ﴿يَادَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ: ئەی داود، ئێمە تۆمان کردە جێنشینی سەر زەویی، جا بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا حوکم لەنێو خەڵکیدا بکە.﴾ص:٢٦، جاری واش هەیە بابای جێنشین ناودەنرێ پێشەوا(امام)، هەروەکو ئیبراهیمعليه السلام و هەندێك لە سەرکردەکانی بەنوئیسرائیل ناونران : ﴿وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ: ئەوسا خودا بە چەند وشەیەك ئەزمونی ئیبراهیمی کرد، پێکیهێنان، گوتی: دەتکەم بە ڕێبەری خەڵکی دنیا، گوتی: ئەدی تۆرەمەکەم؟ گوتی: ناهەقیکاران وەبەر بەڵێنم ناکەون.﴾البقرة:١٢٤، ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا: کردیشمانن بە پێشەوا کە بە فەرمانی ئێمە ڕێنوێنیی خەڵك بکەن﴾الأنبياء:٧٣، لەوانەشە بابای جێنشین ناوی لێ بنرێت مەلیك (پاشا) : ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَاقَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا: ئەو دەمانەش کە موسا بە هۆزی خۆی گوت: نابێ ئێوە هەرگیز ئەو چاکەیە لەبیر کەن کە خوا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لەنێو خۆتان بۆ ناردوون، چەندان پاشای لەخۆتان پەیدا کردووە.﴾المائدة:٢٠، ﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا: پێغەمبەرەکەشیان پێی گوتن: هەڵبەت خوا تالووتی ناردووە پاشای ئێوە بێ﴾البقرة:٢٤٧.

مەبەستیش لە خەلافەت و ئیمامەتی و پاشایەتیش لە دەقەکانی قورئاندا، تەنها سەرۆکایەتی‌یە بە مەعنا گشتی‌یەکەی، نەك ڕژێمێکی تایبەتی‌ی حوکمڕانیی، چونکە داود لە قورئاندا، هەم بە خەلیفە ناوی هاتووە، هەم بە پاشا : ﴿يَادَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً: ئەی داود ئێمە کردمانن بە جێنشین﴾ص:٢٦، ﴿وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ: داودیش جالووتی کوشت و، (خوا) دەستەڵات و پاشایەتیی دایە.﴾البقرة:٢٥١. ئیبراهیمیش لە شوێنێك ناونراوە پێشەوا و، قەولیشی پێ دراوە ئەو ڕۆڵە و نەوانەشی کە لە سەر ڕێڕوونیی خوا دەڕۆن، ببنە پێشەوا : ﴿قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ: گوتی: ئەمن دەتکەمە پێشەوای خەڵك، گوتی: ئەدی تۆرەمەکەم؟ گوتی: پەیمانی من ستەمکاران ناگرێتەوە﴾البقرة:١٢٤، بەڵام لە جێیەکی دیکەدا ڕەچەڵەکەکەی بە پاشا ناو دەبات : ﴿فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُمْ مُلْكًا عَظِيمًا: خۆ دیاریشە ئێمە بە بەرەی ئیبراهیم کتێب و کارزانیمان داو، دەستەڵاتێکی گەورەشمان پێ سپاردن.﴾النساء:٥٤.

قەولیشی بە بەنوئیسرائیل داوە کە لە پاش کۆیلەیی و چەوسانەوەیان بە دەستی فیرعەون، ببنە پێشەوا: ﴿وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ: بڕیارمان دا ئەوانەی لەم زەمینەدا زەبوون کران، بەچاکە وەیانخوێنین و بیانکەینە پێشەوا و میراتگرانی زەویی.﴾القصص:٥، جا کاتێك لە ستەمی فیرعەون قوتار بوون و، دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ خۆ پێکهێنا، مووسا دەستی پێ کرد، نیعمەتەکانی خوای وەبیر دەهێنانەوە و پێی گوتن : ﴿اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكًا: ئەو چاکەی خوا دەگەڵی کردوون، هەر لە بیرتان بێت، کە چەندان پێغەمبەری لەنێودا ناردون و، کردوونی بە پاشا.﴾المائدة:٢٠.

جا خەلافەت و پاشایەتی و پێشەوایەتی، هەموویان هاوواتان و، ئاماژە تەنها بۆ سەرۆکایەتی‌ی بالای دەوڵەت دەکەن نەك زیاتر.

تاکە ڕژێمی حوکمڕانی، کە ئیسلام دەیناسێت، ئەو حوکمەیە لەسەر دوو پایە ڕاوەستابێت: یەکیان: گوێڕایەڵیی فەرمانی خوا و، دوورکەوتنەوە لەو شتانەی قەدەغەی کردوون و، دووەمیشیان: ڕاوێژە، واتە: کاروباری خەڵك لە نێو خۆیاندا بە ڕاوێژ و پرس و ڕا بێت، جا ئەگەر حوکمڕانی لەسەر ئەو دوو پایە بنیات نرا، ئەوە حوکمڕانییەکی ئیسلامیی خاڵیسە، جا چ ناوی خەلافەت بێت، چ پێشەوایەتی(امامة)، چ پاشایەتی و، هەموو ئەو ناوانە ڕاستن و، هیچیان تێدا نییە.

بەڵام ئەگەر حوکم لەسەر ئەو دوو پایانە نەبوو، ئەوە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نییە، جا ناوی خەلافەت بێ، یان پێشەوایی(امامة)، باشترین نموونەی ئەوەش، حوکمڕانیی خەلیفەکانی تورکە لە سەردەمەکانی دواییدا، سەرۆکەکانی دەوڵەت ناویان لە خۆ نابوو خەلیفە و، لە دەوڵەتەکەشیان خەلافەت، بەڵام خۆیان و دەوڵەت و حکوومەتەکەیان، زۆر لە ڕژێمی حوکمی ئیسلامیی دووربوون.

بێگومان لە پێش ئیسلامدا، لە هەموو دنیادا ڕژێمی پاشایەتی‌ی پشتاوپشت، کە کوڕ بە میرات لە باوکییەوە بۆی دەمایەوە، باوی بوو و، ئەو جۆرە ڕژێمە چەند نیشانەیەکی هەبوون، لە ڕژێمەکانی دیکەی حوکمڕانیی جیای دەکردنەوە، وەکو ئەوەی کە سەرباری پشتاوپشتیی پاشایەتی، پاشاکان خۆیان پێ لە بەردەستەکانیان بەرزتر بوو و، خۆیان بەسەردا هەڵدەکێشان و، ئەو پاشایانە وا لە زەلکاوی بەزم و ڕابواردندا نقوم بوو بوون، هیمەت ڕووخان و بێڕەوشتی و بەدکارییان لە نێودا باو بوو، کە سەرەنجام زەمینەسازی بڵاوبوونەوەی فەسادی گشتیی بوون.

جا لەبەر ئەوەی ئامانجی ئیسلام چاکەکاریی و بڵاو کردنەوەی یەکسانیی و پەرەپێدانی چاکە و بڵاوکردنەوەیەتی لە نێو خەڵکیدا، ڕقی لە خۆ بە زۆر زانین و خۆ هەڵکێشانە و، لێی قەدەغە کردوون و، مسوڵمانانی ئاگادار کردوونەتەوە کە ئەو جۆرە خەسڵەتانە، بە هیچ جۆرێك پیشەی باوەڕدارانی لە خوا ترس نین: ﴿تِلْكَ الدَّارُ الآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لاَ يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الأَرْضِ وَلاَ فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ: ئەو ماڵەی دواڕۆژ هەر بۆ ئەوانە دادەنێین کە لەسەر عەرز نایانەوێ خۆ بەزل بزانن و بەدفەڕیی بکەن و، پاشەڕۆژیش هەر بۆ پارێزکارانە.﴾القصص:٨٣.

هەڵبەت ئیسلام ڕاوێژی هێناوە و، لەسەر مسوڵمانانی فەرز کردووە و، لەسەری پێویست کردوون هەموو ئیش و کارێکیان بە ڕاوێژ بێت : ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ: کاروبارییان لەنێوخۆدا بە پرس و ڕایە﴾شوری:٣٨.. ڕاوێژیش وا دەخوازێت نەتەوە، سەرۆکی دەوڵەت هەڵبژێرێت و، هەر کاتێك شتێکی لێ ڕوودا شایانی لێخستن بێت، لێی بخات و، هەر ئەوەندە بۆ خۆی، پێچەوانەی پشتاوپشت بوونی حوکمڕانی یە لە ڕژێمی پاشایەتیدا.

جا لەبەر ئەوەی ڕژێمی فەرمانڕەوایی‌ی پاشایەتیی، کاتێك ئیسلام هات، پشتاوپشت بوو و، خۆی بەسەر خەڵکدا هەڵدەکێشا و پڕ بوو لە فەساد و خراپە، مسوڵمانان پێیان خۆش نەبوو ناوی پاشا لە خۆیان بنێن و، یەکەم کەس کە ڕقی لەو ناونانە بوو، پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەوەتا لەو زاتەوە گێڕراوەتەوە، کە جارێك کابرایەك لە پێشی ڕاوەستا بوو، دەلەرزی، ئەویش پێی فەرموو: ((لەسەرەخۆ بە، ئەمن نە پاشام و نە دیکتاتۆر!)) و، جێنشین و خەلیفەکانی دوای خۆشی هەروا بوون، تا ئەو کاتەی موعاویە بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، ئیدی هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووان(تابعون)، دەستیان بە ڕەخنە گرتن لە موعاویە بە تایبەتی و هەموو (بەنی ئومەییە) کرد، کە ئیسلامیان کردۆتە پاشایەتی گەزۆك(عضوض) و ستەمکار و حکوومەتی

کیسرایی، یان هەرقلی-کە پاڵیان دەدایە لای ((کیسرا))ی شای فارس و، ((هەرقل))ی پاشای ڕۆم- جا ئەگەر جیاوازیی نێوان حوکمی ئیسلامیی لە سروشتی خۆیدا و، ڕژێمی حوکمی پاشایەتی لە بارودۆخە جێگیرەکانیدا، وای لە مسوڵمانان کردبێت پێیان خۆش نەبێت ناو لە فەرمانڕەواکانیان بنێن پاشا و، لە ڕژێمی حوکمڕانیش پاشایەتی، هەر ئەوەش وای لێکردوون بە دوای ناوی دیکەدا بگەڕێن و، لێرەدا دەقەکانی قوڕئان فریایان کەوتوون و ناوی دڵخوازی داونێ، جا ناویان لە ڕژێمی فەرمانڕەوایی ناوە خەلافەت، یان پێشەوایەتی(امامة) و، سەرۆکی دەوڵەتیشیان ناو ناوە خەلیفە، یان پێشەوا(امام).

بۆتە دابیش کە پێشەوایەتی‌ی حوکم ناو بنرێت پێشەوایەتی مەزن(الإمامة العظمی)، بۆ ئەوەی لە پێشەوایەتی‌یەکانی دیکەی وەکو پێشەوایەتی‌ی نوێژ(پێشنوێژیی) جیا بکرێتەوە و، بەو پێیە سەرۆکی دەوڵەتیش ناو دەنرێت پێشەوای مەزن، واتە: ئەو پێشەوایەی لە هەموو پێشەواکانی دیکە گەورەترە.

هەندێکیش پێیان وایە وشەی ((خەلافەت)) بۆ ڕژێمی حوکمڕانیی ئیسلامیی هەڵبژێرراوە و، سەرۆکی دەوڵەت پێی دەگوترێ: خەلیفە، چونکە ئەوەی لە دوای پێغەمبەرﷺ هاتووە، لە سەرۆکایەتیی دەوڵەتدا بۆتە جێنشین(خەلیفە)ی پێغەمبەر ﷺ و جێی وی گرتۆتەوە و، پایەکەشی پێی دەڵێن: خەلافەت، چونکە مسوڵمانان ئەبووبەکریان بە خەلیفەی پێغەمبەری خوا بانگ دەکرد، هەڵبەت ئەوە لە ڕاستیدا شتێکی وا نییە، بەڵام لە ناولێناندا دەقەکانی قوڕئانیان ڕەچاو کردوون و، لەژێر کاریگەریی ئەو دەقانەدا، ناویان لە سەرۆکی دەوڵەت ناوە خەلیفە و ئیمام و، لەبەر ئەوەی ئەبووبەکریش سەرۆکی دەوڵەت بوو، ئەوە بە گوێرەی دەقی قوڕئان خەلیفە و ئیمام(پێشەوا) بووە و، لە هەمان کاتدا

جێنشین(خەلیفە)ی پێغەمبەرﷺ بووە، چونکە لە حوکم کردندا جێی ئەوی گرتۆتەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە پێویستە بزانین پێغەمبەرﷺ کە سەرۆکی دەوڵەت بووە، لە هەمان کاتدا هەم پێغەمبەر بووە هەم خەلیفە، چونکە لەبەر ئەوەی سروش(وحی)ی بۆ هاتووە، پێغەمبەر بووە و، لەبەر ئەوەی سەرۆکی دەوڵەت بووە، خەلیفەش بووە، جا ئەگەر یەکێك لە حوکمڕانیدا جێی گرتبێتەوە، ئەوە بۆتە خەلیفەی ئەو، چونکە لە دوای ئەو هاتووە و، ئەویش لە لایەن خواوە بۆتە خەلیفە و جێنشینی حوکمڕانیی..

لە بنەڕەتیشدا هەموو مرۆڤەکان بە گشتیی جێنشینن لەسەر زەوی، چونکە جێگری خوای گەورەن لەسەر زەوی و، لەسەریانە لەو شتانەی داوای کردن و نەکردنی لێ کردوون، بە قسەی بکەن، بەڵام ئەگەر هەر یەکەیان بە تەنها بێت و پێوەندیی بەوانیی دیکەوە نەبێت و، دەستەڵاتێك کۆیان نەکاتەوە بەهێزەکانیان ملی بۆ کەچ کەن و، لاوازەکانیان پەنای بۆ بەرن، ناتوانن وەك پێویستە فەرمانی خوا بەجێ بێنن، هەروا سروشتی کۆمەڵ و پێداویستی یە کۆمەڵایەتی‌یەکان، وا پێویست دەکات حکوومەتێك پێك بێنن کێشە و ئاستەنگەکانیان بۆ هەڵبڕێت و، لە بەجێهێنانی فەرمانی خوادا و، پێداویستی‌یەکانی جێنشینیی سەر زەویی و، جێنشینیی لە حوکمڕانیدا، جێگری هەموانیان بێت.

جا ئەگەر حکوومەت جێگری کۆمەڵ بێت، تا فەرمانی خوایان لە نێودا جێبەجێ کات و، سەرپەرشتیی بەرژەوەندی‌یەکانی کۆمەڵ بکات و، خەلیفە یان پێشەوا، نوێنەری یەکەمی حکوومەت بێت، ئەوە لە ئەرکی جێنشینایەتی(خەلافەت)دا کە بۆ بەجێهێنانی واجبی سەر شانی هەموو کۆمەڵ، کە ڕەچاوکردنی مافی خوا و بەجێهێنانی فەرمانیەتی، دانراوە، هەروا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی خەڵك و پشتگیریی کردن لەوەی بەهێز

ستەم لە بێهێز بکات و، بڵاوکردنەوەی دادپەروەریی و یەکسانیی لە نێویاندا و، ئاراستە کردنیان بۆ یارمەتی دانی یەکتر و هاوکاریی و خێر و چاکە لە جوغزی ئەو شتانەی خوا فەرمانی پێ کردوون و ئەو شتانەی قەدەغەی کردوون، دەبێتە جێگر و بریکاری هەموو کۆمەڵ.

خەلیفەش هەر بەقەدەر هەر کەسێکی دیکەی سەر زەویی، بە جێگری خوای گەورە دادەنرێت و، ئەگەر بشگوترێ خەلیفە بەوەی کە جێگری ئەو کۆمەڵەیە کە جێی دەگرێتەوە، بە جێگری خوا حیساب دەکرێت، ئەوە ڕاست نییە، چونکە لەو بارەدا خەلیفە ناڕاستەوخۆ جێگری خوایە و، لە کاتی دانانیدا ئەوە ڕەچاو نەکراوە کە جێگری خوایە و، کۆمەڵ تەنها بە جێگری خۆی هەڵی بژاردووە و، دەستەڵاتیشی هەر لە جێگرایەتیی ئەو کۆمەڵەی دایناوە و مافی چاودێری و قەدەغەکردنی لە بەزاندنی سنووری جێگرییەکەی هەیە وەردەگرێت و، تەنانەت کۆمەڵ بۆی هەیە ڕێ و شوێن بۆ هەڵس و کەوتەکانی دانێت و، ئەو ڕێگایەی دەبێ لە ئەنجامدانی جێگرییەکەیدا بیگرێتە بەر، بۆی دیاریی بکات و، بنەماکانی جێگریش وا پێویست دەکەن و، ئیسلامیش ئەوەی لەسەر خەڵکی فەرز کردووە، چونکە فەرمان کردن بە چاکە و پشتگیریی کردن لە خراپەی فەرز کردووە، تا نەهێڵێ کاربەدەستان ستەم و دەستدرێژیی بکەن و، لە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیان، کەمتەرخەمیی بنوێنن، هەروا بۆ چاودێریی کاربەدەستان و خەڵکی لە ئەنجامدانی فەرمانی خوا و جێبەجێ کردنی وەک پێویستە: ﴿وَلْتَكُنْ مِنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ: با لەنێوە کۆمەڵێک پێک بێت بانگەواز بکەن بۆ کاری چاک و، فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێ لە خراپە بگرن.﴾آل عمران:١٠٤. دانانی خەلیفەش تەنها بە هەڵبژاردنی کۆمەڵ دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە ئەوە سەرشار(منطلق)ی ئەو پێداویستییە کۆمەڵایەتییانەیە کە باسمان کردن، بەڵکو لەبەر ئەوەی

قورئان لەسەر مسوڵمانانی فەرز کردووە، ئیش و کاریان بە ڕاوێژ و پرس و ڕا بێت : ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ: کاروبایان لەنێوخۆدا بە پرس و ڕایە﴾شوری:٣٨. **لەبەر ئەوە دروست نییە کەس بەبێ ڕەزامەندیی کۆمەڵی مسوڵمانان ببێتە فەرمان ڕەوایان و، خەلیفە دەبێ هەر بە هەڵبژاردن بێت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە ماف هەڵبژاردنیان هەیە و، دەبێ ئەو کەسەی هەڵیشی دەبژێرێت، بۆ خۆی قبوڵی کات..**

هەڵبژاردنی خەلیفەش بەو جۆرە، دەیسەلمێنێ کە خەلافەت پەیمانی جێنشینی و جێگیریی‌یە لە نێوان کۆمەڵ و خەلیفەدا و، کۆمەڵ خەلیفە ڕادەسپێرێ فەرمانی خوای بە سەردا جێبەجێی بکات و، لە سنووری بەرنامەی خوادا، کاروباریان بەڕێوەبەرێت و، خەلیفەش ڕازی بێت بە گوێرەی فەرمانی خوا حوکمڕانی کۆمەڵ بکات...

خەلیفایەتیش بە ماوەیەکی دیاریی‌کراوەوە بەند نییە، خەلیفە هەتا زیندوو بێت، مادام فەرمانی خوا بەجێ بێنێ، هەر خەلیفەیە، بەڵام ئەگەر لە فەرمانی خوا دەرچوو، یان خەسڵەتێکی وای تێدا هاتە دیی، بە هۆیەوە شایانی لابردن بێت، کۆمەڵ دەبێ لای بات و یەکی دیکەی لە جێ دانێت و، ئەگەر مردیش، ئەوە حوکمڕانییەکەی دوایی دێت.

جۆری حکومەتی ئیسلامی

لە پێشەوە گوتمان حکومەتی ئیسلامیی، حکومەتێکی تاق و بێ وێنەیە و، لە هەموو حکومەتێکی دیکە جیایە و، لە هیچ حکوومەتێکی تری جیهان ناچێت، چ ئەوانەی ئێستا هەن، چ ئەوانەی پێشتر هەبوون و، لە خوارێ ڕوونی

دەکەینەوە کە حکوومەتی ئیسلامیی، دەوڵەتێکی بێهاوشێوەیە و، وەکو هیچ کام لەو حکوومەتانەی دنیا ناسیونی، نییە.

جا حکوومەتی ئیسلامیی، هەروەکو زانیمان، پێویستە لەسەری قورئان بکاتە دەستوور و یاسا و، بەوە پابەند بێت کە حوکمەکانی -کە گۆڕین و دەستکاریی و هەڵپەساردن هەڵناگرن- جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە وەکو ئەو حکوومەتە مل هوڕانە نییە بە هیچەوە پابەند نین، هەروا وەکو حکوومەتە دەستوورییەکان نییە، چونکە حکوومەتە دەستوورییەکان مل کەچی ئەو دەستوور و یاسانەن مرۆڤ دایان دەنێت و، مرۆڤیش بە گوێرەی حەز و ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەکات و، ئەو یاسا و دەستوورانەی مرۆڤ دایاندەنێت، قابیلی گۆڕان و دەستکاریی و هەڵوەشاندنەوەن، ئەگەر بێتو حەز و ئارەزووی مرۆڤ وای پێویست کرد، بەڵام حوکمەکانی قورئان، خوا ناردوونی و، هەمیشەیی و یەکجارین و، گوێ نادەنە حەز و ئارەزووی کاربەدەستان و بەردەستانیان، بەڵکو بە دادپەروەریی ڕەفتار لەگەڵ هەردووک لایاندا دەکەن و، لە سنووری دادپەروەریی خاڵیس و پاراستنی بەرژەوەندیی کۆمەڵدا، مافی هەردوولا بە تەواویی دەدەن.

جا بۆ ئەوەی هاوسەنگی یەکە تەواو بێت، دەبێ بزانی کە دەقەکانی قورئان حوکمی گشتیی هێناون و، ڕێبازە گشتی یەکانی حوکمڕانیی و بەڕێوەبردنی دیاریی کردوون و، ئەوەی دیکەی بۆ کاربەدەستان بەجێ هێشتووە، یاسایانی بۆ دابنێن و ڕێکیان خەن، بەڵام ئەو یاسایانە، کە مرۆڤ داینارن، دەبێ ئەوەیان تێدا ڕەچاو بکرێت، کە لە سنووری حوکمە گشتی یەکانی ئیسلام دەرنەچن و، ئەنجامدانێکی وردی گیانی شەریعەتی ئیسلام بن، چونکە ئەو یاسایانە کە کاربەدەستان دایان دەنێن، لە ڕاستیدا هەر دەنگدانەوە و سێبەری

قورئانن و، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو یاسایانە هەیە کە مرۆڤ دایان دەنێن و، تەنها بە بیر و بۆچوون و ئارەزوو و بەرژەوەندیی خۆیانەوە بەندن.

جا ئەگەر یەکێك لە دیارترین خەسڵەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئەوە بێت کە حکوومەتی ڕاوێژە، ئەوە لە هیچ شتێکدا وەکو حکوومەتە پەرلەمانییەکان ناچێت و هەروا لە حکوومەتە ناپەرلەمانییەکانیش جیایە و، ئەگەرچی بنەمای حکوومەتە پەرلەمانییەکانیش لە جیهاندا ڕاوێژە، بەڵام ڕاوێژ لە حکوومەتی ئیسلامیدا، نە لە شێوەیدا، نە لە جۆریدا، نە لە مەبەستیدا، وەکو ئەو ڕاوێژە نییە کە حکوومەتە پەرلەمانییەکانی لەسەر بنیات دەنرێن.

جا ئەگەر یەکێك لە ئەرکەکانی حکوومەتی ئیسلامیی، بەرپاکردن و جێبەجێ کردنی دینە، بەڵام لە جۆری ئەو حکوومەتە دینییانە نییە کە فیقهی یاسادانان(الفقه الدستوري) پێیان دەڵێت: حکوومەتە تیۆکراتی یەکان، چونکە حکوومەتی ئیسلامیی دەستەڵاتی لە خوا وەرناگرێت، بەڵکو لە خەڵکی وەردەگرێت و، بە قسەی کۆمەڵ نەبێ، نە دەستەڵات وەردەگرێت، نە دەست لە دەستەڵات بەر دەدات و، لە هەموو کار و هەڵس و کەوتەکانیدا، پابەندی ڕای کۆمەڵە و، پابەند بوونی حکوومەتیش بە سنوورەکانی ئایینی ئیسلامەوە، هیچ لەو ئەنجامە ناگۆڕێت، چونکە ئایینی ئیسلام پێش ئەوەی داوا لە خەڵك بکات ئیش بۆ قیامەت بکەن، داوایان لێ دەکات ئیش بۆ دنیا بکەن، تەنانەت لە ئیسلامدا ژیانی قیامەتیش لەسەر ئەو کردەوانەی مرۆڤ لە دنیادا دەیانکات، بەندە و، ئیسلام پێش ئەوەی دین بێت، دنیایە و، پێش ئەوەی ژیانی پاشە ڕۆژ بێت، ژیانی ئێستایە و، ڕاستە ئیسلام چەند سنوورێکی بۆ خەڵك داناوە، نابێ بیانبەزێنن و، چەند حوکم و دەستوورێکی بۆ داناون، دەبێ پێڕەوییان لێ بکەن، بەڵام ئازادیی کارکردنی لێ زەوت نەکردوون و، هەموو کاروبارێکی لە دەست دەرنەهێناون، بەڵکو ئازادی کردوون بۆ خۆیان بیر بکەنەوە و ژیانیان

ڕێك خەن و، ئەو ئامێر و دەستەواژانەی هەیانن، بەکاریان بێنن و، خۆ ڕێکخستن و چاودێریی کردنی بەرژەوەندییە تایبەتی و گشتی یەکانیانی داونەتە دەست خۆیان و، داوای لێ کردوون لە پێناوی پێشکەوتن و بەختیاریی و سەرکەوتنیاندا، چۆنیان پێ چاکە، نەخشەی پاشەڕۆژیان بکێشن.

جا زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین: ئیسلام مرۆڤی لەو شتانەدا کە دەیانکات و لەو شتانەدا کە نایانکات، تەواو ئازاد کردووە و، تەنها بەوەوە پابەندی کردووە کە ژیانی لەسەر چاکەکاریی بنیات بنێت، بۆ ئەوەی بە چاکیی بژیت و، دادپەروەریی و یەکسانیی و خۆشەویستیی و هاوکاریی و هەموو مەبدەئێکی باڵای ئینسانیی، باڵ بەسەر ژیانیدا بکێشێت، ئەو مەبدەئانەی کە ئیسلام هێناونی و، هەموو جیهان لاف ئەوە لێدەدات کە کار بۆ جێبەجێ کردنیان دەکات و، ناشتوانێ جێبەجێیان کات، چونکە لە دین دوورکەوتۆتەوە و، کەوتۆتە دوای هەوا و ئارەزوو، ئەو مەبدەئانەی دنیا چاوی ئومێدی تێ بڕیون و، دەزانێ چاکبوونی بەوانەوە بەندە، ئەو مەبدەئانەی ناویان مەبدەئی مرۆڤانەیە و، خەڵکی سەر زەویی، لە ڕێگای ئاسمان و پەیامی پێغەمبەرانەوە نەبێ، هەرگیز نەیانناسیون.

هەڵبەت خوا ڕاوێژی لەسەر مسوڵمانان فەرز کردووە و، کردوویەتە کۆڵەکەی ژیانی گشتی یان، جا ئەگەر حکوومەتی ئیسلامیی، حکوومەتێکی تیۆکراتیی با، ڕاوێژی تێدا نەدەبوو و، خوا لەسەر پێغەمبەری خۆی پێویست نەدەکرد لە ئیش و کاردا ڕاوێژ بە مسوڵمانان بکات: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ: لە کاروباردا پرس و ڕایان پێ بکە﴾ال عمران:١٥٩، هەرچەندە پێغەمبەرﷺ بە هۆی سرووش (وحی)ی خواوە، پێویستی بە ڕاوێژی مرۆڤ نییە و، پێغەمبەر خۆی پابەندی ئەو ئەنجامانەی ڕاوێژ نەدەکرد کە پێچەوانەی ڕاو بۆچوونی تایبەتیی خۆی

بوون، هەروەکو لە غەزای بەدر و غەزای ئوحد و زۆر هەڵویستی دیکەدا، کردی.. جا خوا تەنها بۆیە ڕاوێژی لەسەر پێغەمبەری خۆی پێویست کردووە، تا دەستوورەکانی ڕاوێژ بۆ خەڵکی دانێت و، پێغەمبەریش بۆیە خۆی پابەندی ئەنجامەکانی ڕاوێژ کردووە، تا بۆ خەڵکی دوای خۆی ببێتە ڕێ و شوێن و داب و، ئەوانیش پابەندی ئەنجامەکانی بن و جێبەجێی بکەن.

هەروا ئەگەر حکوومەتی ئیسلامیی تیۆکراتی بایە، خەلیفە ئازادیی ڕەهای دەبوو و، هەرچی بیکات و نەیکات، بە کەیفی خۆی دەبوو، بەڵام خەلیفە و هەموو حوکمڕانێکی ئیسلامیی، لەو بابەتانەی دەقیان دەربارە هەیە، بە دەقی قورئان و سوننەت و، لەو شتانەی دەقیشیان لەسەر نیە، بە ئەنجامەکانی ڕاوێژ، سنووری بۆ دانراوە.

ئەگەر ڕژێمی حوکمی دیموکراتیش، لە پێویست کردنی هەڵبژاردنی کاربەدەستان بە ئاگاداریی نوێنەرانی میللەت و، دروست کردنی حوکمڕانیی لەسەر دادپەروەریی و یەکسانیی و ئازاد کردنی عەقڵ و بیری خەڵك، لە ڕژێمی حوکمی ئیسلامیی بچێت، ئەوە ڕژێمی حوکمی ئیسلامیی لەوەدا کە کاربەدەستان و خەڵکی بە هەندێك شتەوە پابەند دەکات، نایەڵێ بە دوای هەوا و هەوەسیان بکەون و، مل کەچی ئارەزوویان بن، لە دیموکراسیی جیایە، هەروا لەوەشدا کە پێوەرەکانی دادپەروەریی و یەکسانیی و خەسڵەتە چاکەکانی مرۆڤ، بە مرۆڤان ناسپێرێ بە کەیفی خۆیان سنووریان بۆ بکێشن، هەندێك جار فرەوانیان کەن و هەندێك جاریش وێکیان بێننەوە و، بیانخەنە نێو قاپێلکی حەز و ئارەزووی خۆیان، بەڵکو ئیسلام بۆ خۆی سنووری چاکە و مەبدەئە ئینسانیەکان دەکێشێت و، پێوەرانیان بۆ دادەنێ و، لەسەر مرۆڤەکانی فەرز دەکات مل کەچی ئەو پێوەرە بالایانە بن و، ئیسلام بەو کارەی، ژیانی گشتیی لە فەساد و خراپە پاراستووە و، حەز و ئارەزووی زیانبەخشی دامرکاندووە و،

حوکمڕانیی لەسەر بنەماکانی خێر و چاکە، کە هەموو کەس پێی چاکن و ڕێزیان دەگرن و، خۆیان لە پێڕەویی لێکردنیان نابوێرن، دامەزراندووە، بەڵام دیموکراسیی، مرۆڤ بەرەڵا دەکات و بە کەیفی خۆی سنووری هەموو شتێك بکێشێت و، پێوەرەکانی ژیانی مرۆڤ دانێت، لەبەر ئەوە هەوا و ئارەزووی سەرکێشیان وای لێ کردن لە سنوور دەرچن و، سوود و بەرژەوەندیی یان بەسەردا زاڵ بووە و، کۆمەڵە دیموکڕاسییەکان، بوونە چەند کۆمەڵێکی بەرەڵای فاسید و، لە زەلکاوی بێڕەوشتیدا ڕۆچوون و، ڕەوشت و خەسڵەتی مرۆڤانەیان تێدا داوەشا و، وای لێهات دادپەروەریی بە پێوەری خزمایەتی و نزیکیی بپێورێت و، بە بەرتیل و واسیتە نەبێ، ماف نەگاتەوە خاوەن ماف و، ئازادیی فکر ببێتە خۆدارنین لە شەرم و شکۆ و ئایین و ڕەوشت و، تێکدان و ڕووخاندنی هەموو ئەو شتانەی مرۆڤی عاقڵ لە ئاژەڵ و ماڵات جیا دەکاتەوە.

هەروا ڕژێمی کۆماریش هەرچەندە لە بارەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەوە لە ڕژێمی ئیسلامی دەچێت، بەڵام هیچ ڕژێمێکی کۆماریی نییە وەکو ڕژێمی ئیسلامی ڕێ بەوە بدات سەرۆك کۆمار بە یەکجاریی هەتا دەمرێت، هەڵبژێررێت، ئەوە سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی نێوان ڕژێمی ئیسلامی و ڕژێمە دیموکڕاسییەکان، کە پێشتر باسمان کردن.

ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانیش، لە هیچ شتێکدا لە ڕژێمی ئیسلامیی ناچن، چونکە ڕژێمی ئیسلامیی لەسەر بەیعەت و ڕاوێژ بنیات دەنرێت و، بە گوێرەی چەند سنوورێکی دیاریی کراو لە نێوان کاربەدەستان و خەڵکیدا و، لەسەر دروست بوونی لابردنی کاربەدەست و فەرمانڕەوا پێك دێت و، ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان، ڕێ بە هیچ کام لەو شتانە نادەن.

لەمەڕ ڕژێمەکانی حوکمی پاشایەتیش، ئەوە ڕژێمی حوکمی ئیسلامیی لەوان جیایە، چونکە لە ئیسلامدا فەرمانڕەوایی بە میرات و پشتاوپشت نییە،

بەڵکو خەڵك ئازادە کێی پێ لە هەموو کەس چاکتر و بە توانا ترە، هەڵی بژێرێ و بیکاتە فەرمانڕەوا، بۆ بەڵگەش ئەوەندە بەسە کە پێغەمبەر گەڕایەوە لای پەروەردگاری خۆی، بەڵام هیچ کام لە خزمەکانی نەبوونە جێنشینی، بەڵکو ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە، کاتێك ئەبووبەکریش کۆچی دوایی کرد، ئەویش هیچ خزمێکی نەبووە جێنشینی، بەڵکو عومەر جێی گرتەوە و بووە خەلیفە، کە عومەریش کوژرا، عەلی جێی گرتەوە و بووە خەلیفە، کە خزمی عوسمان نەبوو.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین: هەر کەسێك بڵێت ڕژێمی حوکمی ئیسلامی، وەکو یەکێك لەو ڕژێمانەی حوکمڕانیە، کە کۆن یان تازە لە دنیادا هەبوون، یان هەن، ئەوە زۆر لە خۆی دەکات و، لاف شتێك لێدەدات کە نایزانێت و لە ڕاستیی دوورە، چونکە ڕژێمی ئیسلامیی، ڕژێمێکی تاقی بێوێنەیە کە ئیسلام بەدیی هێناوە و، کەسیش هەوڵی نەداوە لەو کارەدا لاسایی مسوڵمانان بکاتەوە و، تەنانەت مسوڵمانان بۆ خۆشیان، لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ، تەنها لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا ڕژێم و حوکمی ئیسلامیان جێبەجێ کردووە و، دوای ئەوە حەز و ئارەزووی نابەجێ، ئەو ڕژێمە خوایی یەی کردە پاشایەتی یەکی گەزۆك(عضوض) و ستەمکار، کە لە پەك خستنی حوکمەکانی ئیسلام سڵی نەدەکرد و، لە پێناوی کردنی مندالْکاران و بەدکاران بە فەرمانڕەوا لەسەر مسوڵمانان، هەموو قەدەغەیەکی خوای حەڵاڵ دەکرد.

ناوەڕۆك

یەك دوو قسە ٥

پێشەکی نووسەر ٧

بەروی ئینانەو بەردەست کراوە ١١

ئەم گەردوونە خوا دروستی کردووە ١٣

ئەم گەردوونە بۆ مرۆڤ بەردەست کراوە ١٦

مرۆڤ هەندێکیان بۆ هەندێکیان بەردەست کراون ١٨

جێنشینی لەسەر زەوی ٢١

مرۆڤ کراوەتە جێنشین لەسەر زەویی ٢٣

جێنشینیی مرۆڤ بە چەند شتێکەوە بەندە ٢٤

جۆرەکانی جێ نشینیی ٢٧

دەستوری خوا لە جێنشینیی حوکمدا ٣٠

چەند نموونەیەك لە جێنشینیانی پێشوو ٣٤

پایەی جێنشینانی سەر زەوی ٣٧

ئەرکەکانی جێنشینانی سەر زەویی ٤٢

سزای بەزاندنی سنوورەکانی جێنشینیی ٤٥

سامان سامانی خوایە ٤٩

مرۆڤ لەم گەردوونەدا خاوەن چییە؟ ٥١

سامان ئی خوایە و مرۆڤ بۆی هەیە سوودی لێ وەربگرێت ٥٢

مرۆڤ تا چ ڕادەیەك بۆی هەیە سوود لە سامانی خوا وەرگرێت؟ ٦٠

ڕاستیی ((سامان ئی خوایە)) چی لێ دەکەوێتەوە؟ ٦٣

مافی سوود وەرگرتنی مرۆڤ لەسامانی خوا، چی لێ دەکەوێتەوە؟ ٦٤

مافی خەڵکی لەسامانی خودا ٦٥

١/ زەكات : ٦٥

٢/ بەخشین : ٦٧

جۆرەكانی بەخشین : ٧٠

بەخشین لە پێناوی خوادا : ٧٠

بەخشینی لە خۆڕا (طوعي) : ٧٩

ڕاددەی بەخشین : ٨٠

قوڵە باسێك : ٨٨

وكمڕانی و فەرمانی خوایە ٨٩

وكم ئی كێیە؟ ٩١

وكمڕانی لە ئیسلام دا شتێكی سروشتی‌یە ٩٩

ئیسلام بیر و باوەڕ و ڕژێمە : ١٠٠

یسلام دین و دەوڵەتە ١٠٦

كومەتی ئیسلامی (ئەرك و جیاكەرەوەكانی) ١١١

ەو حكوومەتەی فەرمانی خوا جێبەجێ دەكات ١١٣

ەنتیقی ئەزموونان ١١٤

ەركی حكوومەت، جێبەجێ كردنی فەرمانی خوایە ١١٥

جیاكەرەوەكانی حكوومەتی ئیسلامیی ١١٨

یەكەم خەسڵەت : حكوومەتێكی قورئانی‌یە ١١٨

دووەم خەسڵەت : حكوومەتی ڕاوێژ و پرس و ڕایە ١٢٢

سێیەم خەسڵەت: حكوومەتی جێنشینی(خلافە) یان پێشەوایی(امامە)ە. ١٢٤

جۆری حكومەتی ئیسلامیی ١٣١

له بڵاوكراوه‌كانی نوسینگه‌ی ته‌فسیر

كتێبه وه‌رگێڕدراوه‌كانی زنجیره‌ی هزری هاوچه‌رخی ئیسلامی:

١- معالم في الطريق- سيد قطب/ و: كرێكار-١٤٢٠ك
٢- الله ﷻ- سعيد حوى/ و: سۆران-١٤٢٠ك
٣- العقيدة في الله- عمر سليمان الأشقر/ و: ئارامی گه‌لاڵی-١٤٢٠ك
٤- عالم الملائكة الأبرار- عمر سليمان الأشقر/ و: ژیوانی گه‌لاڵی-١٤٢٠ك
٥- عالم الجن والشيطين- عمر سليمان الأشقر/ و: ژیوانی گه‌لاڵی- ١٤٢٠ك
٦- الرسل والرسالات- عمر سليمان الأشقر/ و: ئارامی گه‌لاڵی- ١٤٢٠ك
٧- القيمة الصغرى- عمر سليمان الأشقر/ و: ژیوانی گه‌لاڵی- ١٤٢٢ك
٨- القيامة الكبرى- عمر سليمان الأشقر/ و: ئارامی گه‌لاڵی- ١٤٢٢ك
٩- الجنة والنار- عمر سليمان الأشقر/ و: ژیوانی گه‌لاڵی- ١٤٢٢ك
١٠- القضاء والقدر- عمر سليمان الأشقر/ و: ئارامی گه‌لاڵی- ١٤٢٢ك
١١- مع الأنبياء في القرآن- عفيف عبدالفتاح طبارة(١-٢)/ و: كاوه هاوڕاز- ١٤٢١ك
١٢- منهج التربية النبوية للطفل- محمد نور سويد/ و: سهام به‌رزنجی- ڕێدار احمد- ١٤٢٢ك
١٣- مبادئ الإسلام- أبو الأعلى المودودي/ و: عمر ڕێشاوی- جعفرمصطفی- ١٤٢٢ك
١٤- الزواج الإسلامي السعيد- محمود مهدي الأستانبولي (چاپی ٣)/ و: نه‌وا محمد سعيد- ١٤٢٢ك
١٥- ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين- أبوالحسن الندوي/ و: ئارامی گه‌لاڵی- ١٤٢٢ك
١٦- المصطلحات الأربعة في القرآن- أبو الأعلى المودودي/ و: احمد محمد قه‌ره‌نی-١٤٢٢ك
١٧- المعجزات القرآنية/ سعيد النورسی/ و: فاروق رسول يحيی/ ١٤٢٣ك
١٨- الخلفاء الراشدون بين الأستخلاف والأستشهاد/ د.صلاح عبدالفتاح الخالدي/ و: فاتح سه‌نگاوی- ١٤٢٣ك
١٩- قصص النبيين للأطفال- أبو الحسن الندوي/ و: ئارامی گه‌لاڵی-١٤٢٣ك
٢٠- المال والحكم في الإسلام- عبدالقادر عودة/ و: ڕێبوار كوێستانی- ١٤٢٣ك

له بڵاوکراوه جیاجیاکانی نوسینگەی تەفسیر

١- تەفسیری قورئانی پیرۆز/ م.عثمان عبدالعزیز/(١٥) بەرگە/ ١٤١٥-١٤١٨ك
٢- خەیاڵاتی مارکسیەت/ فازڵ قەرەداغی/ ١٤١٦ك
٣- ئەفسانەی دیموکراسی/ فازڵ قەرەداغی/ ١٤١٩ك
٤- بەرنامەی پەروەردەی منداڵان/ قۆناغی ١، ٢، ٣، ٤/ محمد سینەمۆکی/ ١٤١٦ك- سێ جار چاپ کراوەتەوە
٥- رونکردنەوەی (العقیدة الطحاویة)/ عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی/ ١٤١٦ك
٦- رونکردنەوەی چل حەدیسەکەی پێغەمبەرﷺ/ عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی/ ١٤١٦ك
٧- تەفسیری سورەتی (نور)/ ئا: ئامینە صدیق عبدالعزیز/ ١٤١٨ك- دوو جار چاپ کراوەتەوە
٨- ئافرەتە ناودارەکانی ئیسلام/ علی صالح کریم/ ١٤١٧ك
٩- خواناسی، ئایین، ئیمان/ علی باپیر/ ١٤٢١ك
١٠- سیستەمی ویندۆس ٩٨/ ئا: ئاراس حاجی مولود/ ١٤٢٣ك
١١- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد/ سلام ناوخۆش/ ١٤٢٣ك
١٢- احتلال وتقسیم کوردستان/ سلام ناوخۆش/١٤٢٣ك

زنجیره نامیلکەیەك:

١- قەیرانی فیکری هاوچەرخ/ د. طه جابر العلوانی/ و: ابراهیم مەلازادە- ١٤١٦ك
٢- رەنگدانەوەی حەقیقەتیباوەڕ/ أبو الحسن الندوي/ و: کامران- ١٤١٨ك
٣- ئیمان یان عەقیدە؟/ فاروق فرصاد- ١٤١٨ك
٤- عەقیدە بەکوردی/ فاروق فرصاد- ١٤١٨ك
٥- ئافاتەکانی زمان/ غەزالی/ و: سۆران- ١٤١٨ك
٦- سەرەتایەك بۆ ناسینی فەرموده لاواز و هەڵبەستراوەکان/ الألباني/ و: أبو مسلم- ١٤١٨ك
٧- قورئان و زانستی نوێ/ د.مۆریس بۆکای/ و: سەلام ناوخۆش- ١٤١٨ك
٨- سیر و پیاز و رەشکە/ د. دلاور محمد- ١٤١٨ك
٩- دین و شەریعەت/ أبو الأعلی المودودي/ و: احمد ابراهیم وەرتێ- ١٤٢١ك
١٠- ئەدیب و گزیری پۆلیس/ جۆرج بالوشی هۆرفات/ و: محمد هەریری- ١٤٢٢ك

كتێبه عەرەبیەكان:

١- أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد/ مصطفى ابراهيم الزلمي/ ١٤٢١ك- الطبعة السادسة
٢- العلم والأعجاز/ د.دلاور محمد صابر/ ١٤١٨ك
٣- أمراض العصر/ د.دلاور محمد صابر/ ١٤٢١ك
٤- بحوث مقارنة بين العلم الحديث والكتاب والسنة/ د.دلاور محمد صابر/ ١٤٢١ك
٥- المؤامرات الدولية ضد الإسلام/ أم بنان/ ١٤١٦ك
٦- فتوى في حق زوجات المفقودين/ سيد محمد سيد اسماعيل/ ١٤١٧ك
٧- ظاهر السنة والكتاب في حل ذبيحة أهل الكتاب/ سيد محمد سيد اسماعيل/ ١٤١٧ك

زنجیرەی منداڵان:

١- رۆڵەكانم (شیعر بۆ منداڵان)/ بروا محمدی/ ١٤١٨ك
٢- منداڵی مسوڵمان چی دەڵێ؟/ و: نەوا محمد سعید/ چاپی١(١٤١٩)- چاپی٢(١٤٢٣)ك
٣- مانگا سپاردراوەكە/ ئا: باوكی دیار/ ١٤٢٠ك
٤- شێر دا بۆ داپیر دا/ ئا: ناجح محمد/ ١٤٢٠ك
٥- پەپوی سولەیمان/ ئا: ناجح محمد/ ١٤٢١ك
٦- دار سێو و مانگا/ هـــاژە/ ١٤٢٢ك

كتێبی داهاتومان،

١- التبيان لرفع غموض النسخ في القرآن

٢- اصول الفقه الاسلامي في نسيجه الجديد

٣- پیاوانی دەوری پێغەمبەر

مامۆستای شەهید عبدالقادر عودە لە ساڵیٔ ١٩٥١ لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نوسیویەتی:

بێگومان موسڵمانان لە هەموو شوێنێکی دنیا دا، ئێستا دەربارەی ئیسلام نەزانن و، لە رێبازە ڕاستەکەی لایانداوە، تەنانەت لە هەموو جیهاندا وڵاتێک نەماوە، ئیسلام -وەکوو خوا ناردویەتی-ی تێدا جێبەجێ بکرێت، چ لە حوکم و سیاسەتدا، یان لە ئابوریی و کۆمەڵایەتیدا، یان لە هەر شتێکدا پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵەوە هەبێت و، سیستەمی کۆمەڵی لەسەر بنیات بنرێت و، داوای چاک کردن و بەختەوەریی بکات.

ئێستاش موسڵمانان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە زانینی ڕاستییەکانی ئیسلامە، چونکە ئیمپریالیزم و کۆمۆنیزم تێیان بەر بوون و، دیموکراسی و سۆشیالیزمیان لەبەر چاوان ڕازێنراوەتەوە.. پێویستیان بەو شتەیە تا بزانن تەنها ئیسلام لە ئیمپریالیزم و کۆمۆنیزم قوتاریان دەکات و،تەنها ئیسلامیش دەتوانێ دادپەروەریی و یەکسانی و ئازادیی لە وڵاتەکانیان بە دی بێنێ..

جا لەسەر هەموو موسڵمانێکی بە توانا پێویستە ئەو حوکمانەی ئیسلام کە لە موسڵمانان شاراونەتەوە، بۆیان ڕوون کاتەوە و بە زمانێکی ئاسان کە تێی بگەن و بە شێوازێکی نوێ قبووڵی کەن، بۆیان بخاتە ڕوو.

* لەبەر گرنگیی و بژاردەیی ئەم کتێبە و جوان ڕون کردنەوەی بۆ چەمکە ئیسلامیەکان (جێنشینی، دارایی، حوکمڕانی)، بە داڕشتنێک کە پێشتر بەم شێوەیە نەنوسراوە، دەکرێ ئەمڕۆش ڕوبەڕوی کێشە فیکری و ژیاریەکانی سەردەمی پێبکرێتەوە.

جا لەم سۆنگەوە بەباشمان زانی بیکەین بە کوردی و چاوی خوێنەرانی ئازیزی پێ ڕۆشن بکەینەوە.

نوسینگەی تەفسیر

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان
(٢١١) ی ساڵی ٢٠٠٢